خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

---

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف

دەیڤید ئیگێن

له فارسییەوە:
ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (142)

ناوی کتێب: شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف
بابەت: فکری
ناوی نووسەر: دەیڤید ئیگێن
وەرگێڕانی: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال - زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2016
تیراژ: 500 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1806 )ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# شرۆڤەی
# ئەفسانەی سیزیف

دەیڤید ئیگێن

لە فارسییەوە:
ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
2016

بۆ:

عەدنان حەسەنپوور و

پرچە سپییەکانی ئازادیی

# پێڕست


لەبری پێشەکی.......................................................7

لەبارەی ئەفسانەی سیزیفەوە.........................................9

بەڵگەهێنانەوەیەکی پوچ: پوچی و خۆکوژیی.......................15

بەڵگەهێنانەوەیەکی بێناوەڕۆك: دیوارەکانی بێناوەڕۆکیی.........23

بەڵگەهێنانەوەیەکی بێناوەڕۆك: خۆکوژیی فەلسەفیی.......31

بەڵگەهێنانەوەیەکی بێناوەڕۆك: رزگاریی بێناوەڕۆك.........39

مرۆڤی بێناوەڕۆک: دۆن ژوانخوازی...................................47

مرۆڤی بێناوەڕۆک: دراما..................................................53

مرۆڤی بێناوەڕۆک: سەرکەوتن...........................................61

خوڵقانی بێناوەروک: فەلسەفە و چیرۆک..........................69

خوڵقانی پوچی: کیریللۆڤ..................................................77

خوڵقاندنی بێناوەڕۆک: خوڵقاندنی کورتخایەن..................83

ئەفسانەی سیزیف...........................................................89

بەرهەمەکانی فرانز کافکا..................................................97

لێکدانەوەی بۆچوونەسەرەکییەکان..................................103

هەوێنی پوچی لە «نامۆ»دا..............................................107

# لەبری پێشەکیی

**چۆنییەتیی وەرگێڕان و ئامادەکردنی کتێبی شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف:**

1. ناوی ئەم کتێبە لە زمانی سەرەکییدا «ئەفسانەی سیزیف»ە لە نوسینی دەیڤید ئیگێن، بۆئەوەی خوێنەر لەگەڵ دەقی «ئەفسانەی سیزیف»ی ئالبێرت کامۆ لێی تێکنەچێت، بۆیە بە باشم زانی ناوی کتێبەکە بگۆڕم بە «شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف».

2. بە سەرنجدان بە ئاستی هزری و فەلسەفیی کۆمەڵگەی کوردستان و بە ئاوڕدانەوە لە کتێبخانەی کوردی و ئاگاداربوون لە کەمپیتبوونی، بە پێویستیمان زانی، بۆ زۆربەی واتا و زاراوە و ناوەکان، پەڕاوێز بنوسین هەتا ببێتە ڕێخۆشکەر و یاریدەدەرێک بۆ تێگەییشتنی خێراتری خوێنەر. ئەوەندەی بووار بووە، هەوڵدراوە سەرچاوەی پەڕاوێزەکان

ئەو سەرچاوانە بن، کە خوێنەر لە زمانی کوردییدا دەستی پێیاندەگات و سەرچاوەی هەر کام لە پەراوێزەکانیش دەستنیشانکراون، هەتا خوێنەر لە بواری پەیوەندیداردا گرێبداتەوە بە ژێدەری زیاترەوە.

هەروەها لە ئەگەری پێشنیارکردنی هەر هاوتایەک بۆ زاراوە، یان واتای نێو کتێبی زمانی سەرەکی، وشە ئینگلیزییەکەشی دانراوە، بۆئەوەی خوێنەر سەریلێنەشێوێت.

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

ئۆسلۆ/ 28.10.2014

## لەبارەی ئەفسانەی سیزیفەوە
## بەرایی

ئالبێرت کامۆ1 (1960 – 1913) ڕۆماننوسێکە، دەیەوێت بە تامەزرۆییەوە فەلسەفییانە بنووسێت، بەڵام فەیلسوف نییە. ناوبانگی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆمانانەی، کە پشت بە بیرکردنەوەکانی دەبەستن، لەوانە «نامۆ2» و «تاعون3» کە شوێنی ڕوودانی هەردووکیان جەزائیر، نیشتمانی وشك و برنگی نوسەرە.

کامۆ لە زانکۆی جەزائیردا فەلسەفەی خوێند. خوێندنەوەکانی، لە دوو لقی گرنگی فەلسەفەی سەدەی بیستەم نزیککردەوە، واتە ئەنگزیستەنسیالیزم4 و دیاردەناسی5. ئەگزیستەنسیالیزم لەو شوێنەوە دەستپێدەکات، کە واتاکان یان ڕێکوپێکی ئامادەکراو لە دنیادا بوونی نییە و ئێمە بۆ دۆزینەوەی واتا و ئەو ڕێکوپێکییەی

کە بڕیارە بە ژیانی خۆمانی بدەین، دەبێت ئەرك بگرینەخۆ. کامۆ بە تایبەتی هۆگری ئەگزیستەنسیالیستە ئایینییەکانی وەکو کیرکەگۆر6 بوو، (ئەگەرچی ئەم ناوزەدکردنە بۆ کیرکەگۆر ناتوانێت پڕ بەپێستی بێت)، فەیلەسوفانێکی دیکە بەم دەرئەنجامە دەگەیشتن، لە ئەزموونی مرۆڤیدا هیچ واتایەك بەدیناکرێت و هەر ئەم بابەتە، بازدان بەرەوئیمان پێویست دەکات، کە ئیمانێکە کوێر و پشت بە هیچ بینینێکی ئەزموونی نابەستێت.

ئێدمۆند هۆسێرل7 بە بەرگریکردن لە دیاردەناسی خود، تایبەتی دەکات بە بینین و شرۆڤەی ئەقڵی خۆمانەوە، بە بێ ئەوەی لە پەیوەندی و نیشانەکان دەرئەنجامێك وەربگرێت. دیاردەناسییش وەکو ئێگزیستەنسیالیزم لەو رووەوە کامۆی خستەژێر کاریگەریی خۆیەوە، کە هەوڵیدەدا لە جیهانبینیی خۆیدا ئەوە بە ئەنجام نەزانێت، کە زەینی مرۆڤ دەتوانێت درك بە چەشنێك پێکهاتەی لۆژیکیی خوڵقاوەکان بکات.

ئەم بڕوایە - کە خوڵقێندراوەکان پێکهاتەیەکی لۆژیکییان هەیە بە چەشنێک کە زەینی مرۆڤ دەتوانێت درکیانپێبکات - تایبەتمەندیی مەیلی کۆنتری فەلسەفەی ئەوروپایی، ئاوەزخوازییە8. سەرچاوەی ئاوەزخوازیی دەگەڕێتەوە بۆ دیکارت9 و لەدایکبوونی فەلسەفەی مۆدێرن. زیاتری فەلسەفەی سەدەی بیستەم دژەکردەوەیەکی راستەوخۆ بووە، لەبەرامبەر ئەم نەریتە دێرین ترە. هەوڵێکی بەرەوپاش بۆ دۆزینەوەی ئەگەری ئەم دەرفەتە کە خوڵقێندراوەکان پێکهاتەیەکی لۆژیکییان نییە، بۆیە زەین درکیان ناکات.

کامۆ «ئەفسانەی سیزیف»ی هاوکات لەگەڵ یەکەم رۆمانەکەی، واتە «نامۆ» لە سەرەتاکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا نوسی.

لەوسەردەمەدا کامۆ لە نیشتمانەکەی واتە جەزائیر دووربوو، لە تەڤگەری خۆڕاگری فەرەنسادا چالاکی ئەنجامدەدا. ئەگەرچی بەستنەوەی را و بۆچوونەکانی بە ژیاننامەکەی بە هیچ چەشنێک ژیرانە نییە، بەڵام ناسینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمی نوسینی «ئەفسانەی سیزیف» یارمەتیماندەکات کە باشتر کەشوهەوای بابەتەکە هەستپێبکەین. خوازەی هەڵبژاردنی نامۆیی یان شاربەدەریی، کە کامۆ بۆ شرۆڤەی گێرەوکێشەی مرۆڤ بەکاریدەهێنێت و ئەم هەستە کە ژیان پوچ و ململانێیەکی بێئەنجامە، هەستی پیاوێکە کە لە نیشتمانەکەی دوورە و خەبات لە دژی حکومەتێکی بە رواڵەت بەهێز و بەشێوەیەکی گەمژانە دڕندە دەکات.

**کورتە**

سەرقاڵی سەرەکی ئەفسانەی سیزیف، شتێکە کە کامۆ پێیدەڵێت «پوچی10». کامۆ بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لەنێوان ئەو شتەی لە خوڵقێندراوەکانمان دەوێت (چ واتا بێت، چ هۆ) و ئەو شتەی لە خوڵقێندراوەکاندا دەیدۆزینەوە (قەیرانێکی شێواو)، ناکۆکییەکی بنەڕەتی هەیە. ئێمە ئەو واتایە لەناو ژیاندا نادۆزینەوە، کە بەدوایدا دەگەڕێین. چ

له ڕێگەی ئیمانێکی لەناکاو و بە پشتبەستن بە خێوێك، کە لەوپەڕی ئەم جیهانەوەیە واتای ژیان بدۆزینەوە، چ ئەوەی بەم دەرئەنجامە بگەین، کە ژیان پوچە. کامۆ نامیلکەکەی خۆی بە پرسیارێك سەبارەت بە دەرئەنجامی دووهەمەوە دەستپێدەکات، ئاخۆ لەڕووی ناچارییەوە تاك بەرەو خۆکوژیی دەچێت؟ ئەگەر ژیان پوچ بێت بەم واتایەیە، کە ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە؟ کامۆ دەڵێت گەر وابێت، ئێمە یان دەبێت ئیمانێکی لەناکاو بدۆزینەوە، یان خۆمان بکوژین. کامۆ بەدوای دەرفەتێکی سێیەمەوەیە: دەتوانین دنیایەکی داماڵدراو لە واتا، یان مەبەست قبووڵبکەین و تێیدابژین.

پوچی دژوازییەکەو ناتوانرێت بیسازێنین، هەموو هەوڵەکان بۆ سازاندنی ئەم دژوازییە، تەنیا هەوڵێکە بۆ راکردن لێی: بەرەوڕووبوونەوە بە پوچی، بەربەرەکانیکردنە بە پوچیی. کامۆ بانگەشەی ئەوە دەکات، کە فەیلسوفە ئێگزیستەنسیالیستەکان وەکو کیرکەگۆر، چێستۆڤ11 و یاسپێرس12 و دیاردەناسێکی وەکو هوسرێلیش بەرەوڕوو ی دژوازیی پوچیی بوونەوە، بەڵام دواتر هەوڵیاندا لێی رابکەن. ئێگزیستەنسیالیستەکان لە بووندا هیچ واتا و نەزمێکیان نەدۆزییەوە و هەوڵیاندا لەم بێواتاییەدا، چەشنێك زاڵبوون یان واتا بدۆزنەوە.

کامۆ دەڵێت ژیانکردن لەگەڵ پوچیی، بەرەوڕووبوونەوەیە بەم دژوازییە سەرەکییە و پاراستنی وشیاریی هەمیشەییە لەهەمبەریدا. دەرئەنجامی بەرەوڕووبوونەوە بە پوچیی بە

خۆکوژیی ناگات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو بوارە بە ئێمە دەدات، کە بە تەواویی بژین. کامۆ سێ تایبەتمەندی بۆ ژیانی پوچ دەستنیشاندەکات: سەرهەڵدان (لە بەربەرەکانیکردندا نابێت هیچ بەرسڤ یان سازانێك قبووڵبکەین)، ئازادیی (ئێمە بە هەموو شێوەیەك، ئازادیین هەر بەوشێوەیەی کە هەڵدەبژێرین، بیربکەینەوە و بجووڵێینەوە) و تامەزرۆیی (ئێمە دەبێت بەدوای ژیانێکەوە بین لێوڕێژ لە ئەزموونی جۆراوجۆر).

کامۆ چوار نموونە بۆ ژیانی پوچ ئاراستەدەکات. کەسێك کە بەدوای خۆشییەکی کاتییەوەیە. ئەکتەر، کەسێك کە خۆشی و مەیلی سەدان ژیان لە بەرهەمێکی سەرشانۆدا کورت و پووخت دەکاتەوە. جیهانگیر یان یاخی، کەسێکی کە خەباتە سیاسییەکەی پشتئەستوورە بە وزەکەی و هونەرمەند کە گشت دنیا دەخولقێنێت. هونەری پوچی نایەوێت ئەزموون شرۆڤەبکات، تەنیا وەسفکارە. جیهانبینییەکی دیار دەناسێنێت، کە لەجیاتی ئەوەی بابەتە جیهانییەکان لەبەرچاو بگرێت، دەپەڕژێتەسەر بابەتە تایبەتەکان.

کتێبەکە بە باسێك سەبارەت بە ئەفسانەی سیزیف کۆتایی پێدێت. ئەفسانەیەك کە بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، سیزیف سزادراوە کە بۆ هەتاهەتایە تاشەبەردێک بباتە سەر کێوێك، ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی کە گەییشتە ئەو سەرە، تاشەبەردەکە خلۆرببێتەوە بۆ خوارەوە. کامۆ بانگەشەی ئەوە دەکات، کە سیزیف پاڵەوانی ئایدیالی پوچییە و سزادرانیشی

نیشانەی بارودۆخی مرۆڤە. سیزیف بەردەوام بە بێ ئەوەی بەهیوای سەرکەوتن بێت، دەبێت خەبات بکات. کامۆ دەڵێت: بە مەرجێك قبووڵیبکات، کە لە ژیاندا تەنیا ئەم خەباتە پوچە بایەخی هەیە، ئەوکاتە دەتوانێت بەختەوەریی لەنێو پوچیدا بدۆزێتەوە.

کامۆ باسێکی سەبارەت بە بەرهەمەکانی کافکای هاوپێچی ئەم نامیلکەیە کردووە و لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە دەگات، کە کافکا ئێگزیستەنسیالیستێکە وەکو کیرکەگۆر.لەبری ئەوەی دۆخی پوچی خۆی قبووڵبکات، بازدان بەرەو ئیمان13 هەڵدەبژێرێت. بەم شێوە کامۆ بە بۆنەی دەربڕینێکی ئاوا دەگمەن لە گیروداوی پوچبوونی مرۆڤایەتی، رێز لە کافکا دەگرێت.

## بەڵگەهێنانەوەیەکی[14] پوچ:
## پوچی و خۆکوژی

«تەنیا پرسێکی تەواو جدی فەلسەفی لە ئارادایە و ئەویش خۆکوژییە«. ئەگەر بڕیار لەسەر گرنگی پرسێکی فەلسەفی بە سەرنجدان بەو دەرئەنجامانە، کە دەیبێت بدەین، بەدڵنیاییەوە پرسی واتای ژیان لە هەمووان گرنگترە. کە کەسێك حوکم دەدات ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە، خۆی دەکوژێت و ئەوانەی وا هەستدەکەن واتایەکیان بۆ ژیان دۆزیوەتەوە، دێن بۆ بەرگریکردن لەو واتایە خۆ لە مردن و کوژران دەبووێرن. باقی پرسە فەلسەفییەکانیش بەم چەشنە کۆتاییان پێنایەت .

کامۆ دەڵێت خۆکوژی یەکسانە لەگەڵ داننان بەوەی ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە. ئەو ئەم دانپێدانانە لەگەڵ «هەست بە پوچی»ی گرێدەداتەوە. بەگشتی ئێمە بە تێگەیشتنێك لە

ناوەڕۆك و مەبەست، بە ئاگاداربوون بەوە، کە هەر کارێك بە هۆی گونجاو و بنەڕەتیی ئەنجامدەدەین، ژیان دەکەین. ئەگەرچی جاروبارە ئەگەری هەیە بەمە بگەین، کە کردەوەکان و کردەوەی دوولایەنەی رۆژانەی ئێمە لە بنەڕەتدا بە هێزی عادەتەوە دادەسەپێت، خۆمان بە مرۆڤێکی ئازاد نەزانین و تا ئەو جێیە بڕۆینەپێشەوە، کە خۆمان وەك ماشێنێکی بە هارەهاڕ بزانین. لەم روانگەیەوە سەرلەبەری کردەوە و مەیل و هۆکارەکان بە پوچ و بێواتا دێنەبەرچاو. هەست بە پوچی پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ هەست بە لەخۆڕابوونی ژیان هەیە.

هەروەها کامۆ هەستی پوچی بە هەستی شاربەدەرییەوە گرێدەدات. هەوێنێك کە نەتەنیا لەم نامیلکەیە، بەڵکو لە زۆربەی چیرۆکەکانی کامۆدا گرنگە. ئێمە وەك ئەندامی لۆژیکی کۆمەڵگەی مرۆڤی، وا هەستدەکەین ژیان چەشنێك واتا، یان مەبەستی تێدا هەیە. کاتێک بە پێی ئەم گریمانەیە دەجوڵێینەوە، ئاسودەین، هەستدەکەین لە نیشتیمانین. لەئەنجامدا تاکی بێناوەڕۆکخواز15 لەدنیای داماڵدراو لەهۆکار هەست بە نامۆبوون دەکات. هەستی پوچی، ئێـمە لە ئاسودەییەکانی نیشتمان وەکو بوونی پڕناوەڕۆك شاربەدەردەکات.

هەستی پوچیی پەیوەندی هەیە بە بیرۆکەی لەخۆڕابوونی ژیان و کردەی خۆکوژیی لەگەڵ بیرۆکەی ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە،،،،،،،،،،، هەر بۆیە پرسیاری خێرای

ئەم نامیلکەیە ئەوەیە  ئاخۆ ئەم بڕوایە کە ژیان پوچە، تەنیا بەم واتایەیە ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە؟ ئاخۆ خۆکوژیی چارەسەری پوچیە؟ کامۆ دەڵێت ئەم بابەتە کە تەنیا دوو دەرئەنجام ئەگەری هەیە (ژیان یان خۆکوژی)، واتە بۆ ئەم پرسیارە تەنیا دوو وەڵام هەیە، نابێت فریومان بدات. زۆربەی ئێمە زیاتر لەبەر ئەم هۆیە درێژە بە ژیان دەدەین کە بە وەڵامی تەواو بۆ ئەم پرسیارە نەگەیشتووین. هەروەها لەنێوان بڕیاردان و کردەوەکانی ئەواندا ناکۆکییەکی زۆر هەیە. کەسانێك کە خۆکوژیی دەکەن ڕەنگە لەوە دڵنیابووبن کە ژیان ناوەرۆکی هەیە، هەروەها ڕەنگە کەسانێکی کە هەستدەکەن ژیان بایەخی ژیانکردنی نییە، دیسان درێژە بە ژیان بدەن.

به بەرەوڕووبوونەوە بە پوچی هەبوون، چ شتێك بەر بە خۆکوژیی ئێمە دەگرێت؟ کامۆ دەڵێت لە ئاستێکی بەرفراواندا غەریزەی ژیان زۆر بەهێزترە لە هۆکارەکانی خۆکوژیی. «ئێمە پێش ئەوەی خوو بە بیرکردنەوە بگرین، خوو بە ژیانەوە دەگرین.» ئێمە لە ڕێی ئەو شتەی کە کامۆ پێیدەڵێت «کردەی خۆگێلکردن»، بەشێوەی غەریزیی لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دەرئەنجامی تەواوی چییەتیی پوچیی ژیان خۆدەبوێرین. ئەم کردەیەی خۆگێلکرنە، لە بەرفرەترین شێوەدا خۆی بەشێوەی هیوا دەردەخات. بە هیوای ژیانێکی دیکە، یان بەهیوای دۆزینەوەی واتایەك هەر لەم ژیانەدا، بەرەوڕووبوونەوە بە دەرئەنجامەکانی بێواتایی ژیان دوادەخەین.

کامۆ لەم نامیلکەیەدا هیواخوازە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی پوچییدا بەرەوڕووبێتەوە. بەجێی قبووڵکردنی تەواوی ئەم بڕوایە کە ژیان پوچە، ئەو دەیەوێت ئەم بڕوایە وەك خاڵی دەستپێك هەڵبژێرێت، هەتا ببینێت لەڕووی لۆژیکییەوە چ شتێکی بەدوادا دێت. بەجێی راکردن لە هەست بە پوچیی، چ لە رێگەی خۆکوژییەوە یان هیواداریی، ئەو دەیەوێت لەگەڵیدا بژیت و بزانێت ئاخۆ کەسێك دەتوانێت بەم هەستەوە بژیت.

**راڤە**

کامۆ لە خاڵی دەستپێکدا ئەم پرسیارە دێنێتەگۆڕێ، کە ئاخۆ ئێمە مرۆڤی ئازاد و خاوەنی ژیان و بایەخەکانی خۆمانین، یان تەنیا ماتریالین، ماتریالێك کە بە رێکوپێکیەکی بێماناوە دەجوڵێتەوە. سازاندنی ئەم دوو روانگە حاشاهەڵنەگرە، یەکێکە لە پڕۆژەکانی ئایین و فەلسەفە.

یەکێك لە ئاشکراترین - پاشان بیرکردنەوە، یەکێکە لە ناڕوونترین - راستییەکان سەبارەت بە هەبوونی مرۆڤ ئەوەیە، کە ئێمە بایەخگەلێکمان هەیە. هەبوونی بایەخەکان شتێکە زیاتر لە هەبوونی مەیلەکان، ئەگەر من هۆگری شتێك بم، زۆر بە ئاسانی دەمەوێت و هەوڵدەدەم بەدەستی بێنم. بایەخەکانی من زیاترن لە هۆگرییەکانم. بەمجۆرە بە بایەخدانان بۆ شتێك، تەنیا وانییە هۆگری بم، بەڵکو تاڕادەیەك

حوکم دەدەم کە ئەو شتە دەبێت باش بێت. بە پێی ئەم وتەیە کە شتێك دەبێت باش بێت، من گریمانەم کردووە کە دنیا دەبێت بەشێوەیەکی تایبەت بێت، هەروەها من تەنیا کاتێک هەستدەکەم کە دنیا دەبێت بە شێوەیەکی تایبەت بێت، کە ئێستا بە تەواویی وا نەبێت، ئەگەر شتگەلێکی وەکو کوشتن نەبووایە، کە بڵێین نابێت خەڵك بکوژن، بۆم بێمانابوو. بەم پێیە هەبوونی بایەخەکان بەم واتایەی،ە کە دنیا دەبێت لەگەڵ ئەو شتە جیاوازبێت کە لە ئێستادا هەیە.

توانستی ئێمە بۆ دیتنی دنیا بە هەردوو شێوە ـ ئەوەی کە هەیە و ئەوەی دەبێت ببێت- ئەو بوارەمان پێدەدات، کە بە دوو روانینی زۆر جیاوازەوە سەیری خۆمان بکەین. ئێمە زیاتر لە هەموو شتێك وەك مرۆڤگەلێکی ئازاد و بە ورە سەیری خۆمان و ئەوانی دیکە دەکەین، کە دەتوانن بیربکەنەوە و هەڵبژێرن، کەسانێك کە دەتوانن لەسەر باشترین بڕیاربدەن و بەدوای مەبەستە تایبەتییەکانیاندا بگەڕێن. ئێمە خاوەنی بایەخگەلێکین و کاتێک ئەو بایەخانە واتایان دەبێت، کە ئێمە بتوانین وێنایانبکەین. ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەو چۆنایەتییانە درکبکەین، بایەخدان بە چۆنایەتییە تایبەتەکان بێمانایە.

کاتێک ئەم روانگەیە بە گشتیی هەڵدەبژێرین، هاوکات روانگەیەکی دیکەش هەیە و ئەویش روانگەی زانایانە، بەم شێوەیە کە زۆر ساکار سەیری دنیا هەر بەو چەشنەبکەین کە هەیە. لە روانگەی زانستییەوە دنیا بەتاڵە لە بایەخەکان. تەنیا

له ماتریال و وزه پێکهاتووه که ڕەنگە تەڵەزمی بێ مێشك بەشێوەیەکی لەپێشدا داڕێژراو لەسەر یەکتری کاریگەریی دوولایەنەیان هەبێت. هیچ هۆیەك نییە کە پێمانوابێت مرۆڤ ناچێتەژێرباری ئەم یاسا زانستییانەوە. تەنیا ئەوە بەسە سەیری هەڵسوکەوتی مێرولەکان بکەین، کە تێکدەئاڵێن و بەبێ بیرکردنەوە چەشنێك نەریتی مکانیکی ئەنجامدەدەن، ئەوکات دەتوانین مرۆڤە زانا ئاسمانییەکان وێنابکەین، کە لەڕوانگەی ئەواندا ئێمە تێکدەئاڵێین و بەم دەرئەنجامە دەگەن، کە هەڵسوکەوتی ئێمە هەروەك ئەو مێرولانە پێشبینیدەکرێت و نەریت تەوەرییە.

کاتێک بە کردەوە هەستکردن بە پوچی  دەکەین، دەبێت بە ئاستێك بگەین خۆمان لە دووەم ڕوانگەدا ببینین. ئەم ڕوانگەیە کە بە هەرجۆرێک لە هەموو شت بڕوانین کە هەیە، جیهانبینییەکی تەواو بێلایەنانەیە. لەم جیهانبینییەدا بایەخەکان شوێنێکیان نییە و پێدەچێت بە بێ هەبوونی بایەخەکان، هەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدەین بێواتا و بێ مەبەستن. ژیان بە بێ بایەخەکان هیچ مانایەکی نییە و هیچ مەیلێکمان نابێت، بۆئەوەی لەجێی ئەم کارە، کارێکی دیکە بکەین.

سەرەڕای ئەمانە هیچکات هەوڵماننەداوە، لەڕوانگەی فەلسەفییەوە ئەم هەستە پاساو بدەینەوە. هەستکردن بە پوچی شتێکە کە هەموومان لە چەند قۆناغێکی ژیاندا بەرەوڕووی بووینەتەوە. لە کاتی خەمۆکی یان نادڵنیاییدا

سەیر نییە کە شانمان هەڵێنین و بپرسین «ئەم کارانە بە کەڵکی چی دێن؟» ئەم پرسیارە لە بنەڕەتدا ئەرێ گوتنە بە پوچی، ئەرێ گوتنێکە بەوەی لانیکەم بە تێڕوانینێك گشت کارەکان بێمانان.

کامۆ زۆربەی جار هەست بە پوچی دەگەڕێنێتەوە سەر خوازەی تاراوگە. کاتێک راستبوونی روانگەی جیهانبینیی داماڵدراو لە بایەخەکان و ژیانی بەتاڵ لە مانامان قبووڵکردبێت، گەڕانەوەیەك روونادات. ئیتر ناتوانین ئەم روانگەیە لەبیربکەین، یان لەبەرچاوی نەگرین. پوچیی سێبەری خۆی دەخاتەسەر هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیدەدەین. تەنانەت ئەگەر بڕیاربدەین ژیان بکەین، بە جۆرێك کە دەڵێی ژیان واتادارە، دەڵێی هۆیەك هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان، پوچی لەنێو بیرکردنەوەماندا هەروەکو گومان وازمان لێناهێنێت. دوودڵە کە نەکا سوودێکی نەبێت.

بە گشتی ئەو گومانە هەیە، کە تاراوگە (پوچی) بۆ ژیان نابێت. ئەگەر بۆ ئەنجامدانی کارێك هۆکارێك نەبێت، ئەی چۆن دەتوانین دەست بۆ کارێك بەرین؟ بۆ راکردن لە چنگ هەستی پوچی دوو رێی سەرەکیی هەیە: خۆکوژی و هیواداربوون.

کەسێك کە خۆی دەکوژێت بەم دەرئەنجامە گەیشتووە کە ژیان بێمانایە، بۆیە بایەخی ژیانکردنی نییە. هیواداریی لە رێی بڕوای بێئەملاولا، پوچبوونی ژیان رەتدەکاتەوە.

کامۆ ئارەزوی بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی سێیەم هەیە. ئاخۆ دەتوانین بە بێ خۆکووژیی ئەوە قبووڵ بکەین کە ژیان بێواتایە؟ ئاخۆ لانیکەم دەتوانین هیوادار بین کە ژیان بە مەبەستی ژیانکردن هەڵگری واتایە؟ ئاخۆ دەتوانین بە قبووڵکردنی ئەمە کە بایەخەکان بێمانان، بایەخگەلێکیشمان هەبێت. کامۆ لە بنەڕەتدا دەپرسێت ئاخۆ دەتوانین لە هەمبەر دووەمین جیهانبینییدا کە لە سەرەوە ئاماژە بە کورتەیەکی کرا، تاقەت بێنین؟

## بەڵگەهێنانەوەیەکی بێناوەڕۆك:
## دیوارەکانی بێناوەڕۆکی

**کورتە**

وشەکان دەرەقەتی دەربڕینی ئەو هەستە نایەن، کە لەگەڵ بێناوەڕۆکییە. هەست بە بێناوەڕۆکی ـ وەکو هەستکردن بە چاوچنۆکی یان دەستواڵایی ـ جۆری روانینی ئێمە بۆ دنیای دەوروبەرمان رێکدەخات و روانگەی ئێمە دەستنیشان دەکات. ئەم هەستە تاکجیهانبینییە و بەدەرە لە وشەکان. مەحاڵە ئەوە قبووڵبکات کە پێناسەکردنی «هەست بە بێناوەڕۆکی» ئاسان نییە. ئەو بەجێی پێناسەکردن، چەند گەلاڵەیەك بۆ روونکردنەوەی ئەو ئەزموونە جۆراوجۆرانە ئاراستەدەکات، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەم چەشنە هەستانە.

ڕەنگە لە قووڵایی بێتاقەتی نەگۆڕدا، لە ئانوساتێکدا لەخەو ڕاپەڕین. سەرسووڕماو بین و لەخۆمان بپرسین، کە بۆچی خۆمان دەخەینە زەحمەتەوە، ئەم پرسیارە دەبێتە هۆی هەستکردن بە بێناوەڕۆکی، یان ڕەنگە لەناکاو وا هەست بکەین، کە لە چۆمی زەماندا وەکو کۆلکەدارێك سەرئاوکەوتوین: بە هیچ شێوەیەك ناتوانین خۆمان لە پێشکەوتنی ناچاریی زەمان ڕزگاربکەین، یان ڕەنگە ئەو کاتە هەست بە بێناوەڕۆکی دەکەین، کە دەبینین ئەو شتانەی واتا و مەبەستمان پێبەخشیوون، لە واتا و مەبەست بەتاڵ بوونەتەوە. لە کاتی هەستکردن بە بێناوەڕۆکییدا ئەو «شتانە» وادەبینین کە داماڵدراون. یان کاتێک کەسێك لە پشت شووشەبەندێکەوە دەبینین، کە بە گەرموگوڕییەوە قسەدەکات و ئێمە گوێمان لە هیچ شتێ نابێت و جوڵەی دەست و دەموچاوی لە پانتۆمایمێکی گەمژانە و بێمانا دەچێت، هەست بە بێناوەڕۆکی شاڵاومان بۆ دێنێت، یان کاتێک چاومان بە تەرمێك دەکەوێت و پێدەزانین کە ئەمە ئاکامێکی بێ ئەملاولا و دڵڕەقانە و گەمژانەی ئێمەیە، هەست بە بێناوەڕۆکی دەکەین.

بابەتەکانی سەرەوە نموونەگەلێکن لە هەستکردن بە بێناوەڕۆکی لە ئاستی ئەزموونییدا. کامۆ ئەوەمان بیردێنێتەوە کە دەتوانین لە ئاستی شعوریش لە بەرامبەر بێناوەڕۆکییدا ڕاوەستین. پاڵنەری زەین «توندوتۆڵیی یەکانگیری»یە، مەیلێکی بەگوڕە بۆ واتادان بە خولقێندراوەکان و چڕی دەکاتەوە بە

گشتێکی تەواو و هاوئاهەنگ. کامۆ بۆ نیشاندانی پرسەکە لەئاستی لۆژیکیدا، بە پێداگریی لەسەر «هەقیقەت»ێکی تاکانە و یەکدەست، پێناسەکانی ئەریستۆ16 بەکاردەهێنێت. لە ئاستی زانستیدا تیۆرێك دەتوانێت دنیا پێناسەبکات، بەڵام لە ئاکامدا ناتوانێت شبکاتەوە. دنیا وا رەنگاوڕەنگە و بۆ درککردنی بەڕادەیەك روانگەی جۆاوجۆر هەیە، کە دۆزینەوەی «هەقیقەت»ێکی رەها، شێوەیەکی راست بۆ سەیرکردنی دنیا و هاوکات درکی گشتی دنیا، لەوە دەچێت بێئاکام و بێسوود بن. ئەو پێکەوەبوونە لۆژیکییەی هیوادارین بیخەینە پاڵ جیهانەوە، خودی جیهان نییە، چونکە دنیا لە بنەڕەتدا نالۆژیکییە.

کامۆ پێیوایە کە هیچ کام لە دنیا و زەینی مرۆڤ بێناوەڕۆك نین، بەڵکو بێناوەڕۆکی لە بەرەوڕووبوونەوەی ئەم دوانەدا خۆیان نیشاندەدەن. کامۆ لەو شوێنەدا، بێناوەڕۆکی دەدۆزێتەوە کە مەیلەکانی ئێمە بە روونیی بەرەوڕووی ئەم درکە دەبێتەوە، کە دنیا نالۆژیکییە.

هەمیشە بیرمەندانێك هەبوون هەوڵیانداوە لەجیاتی رەتکردنەوە، بەرەوڕووی نالۆژیکبوونی ئەزموون ببنەوە، کامۆ دەڵێت سەدەی رابردوو رێژەیەکی بەرچاوی لەم چەشنە بیرمەندانەدا هەبووە. کاتێک هایدگەر17 بەرەوڕووی بێناوەڕۆکی دەبێتەوە، لە ترس دەدوێت، بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە لەو ترسەدا لەڕادەبەدەر وشیاردەبین. یاسپێرس پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، کە ئێمە ناتوانین لەو

شتانە تێبگەین، کە لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی ئێمەوە بەدەرن و کەموکورتی هەموو ئەو سیستمە فەلسەفیانە ئاشکرادەکات، کە بانگەشەی شتێکی جیا لەوە دەکەن. چێستۆڤ لە نالۆژیکیبوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و زیاتر هۆگری ئەوەیە، کە ریزپەڕەکان بدۆزێتەوە نەك یاسا و ڕێسا. کیرکەگۆر لە بنەڕەتدا لە بێناوەڕۆکیدا دەژیت و بوێرانە خۆی فڕێدەداتە نێو دژوازییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤەوە. هۆسرێل هۆگری جۆراوجۆریی جیهانە و بوار بە زانیاریی تەواو و یەکسان لەسەر تەواوی دیاردەکان دەدات. ئەم بیرمەندانە هەموویان بەوە دەزانن، کە تاکە شتی ڕوون و ئاشکرا بەرتەسکی زانستی مرۆڤییە: درککردنی گشت ئەوانی دی مەحاڵە.

**راڤە**

لەم بەشەدا دەپەرژێینە سەر کەموکورتییەکانی فەلسەفەی ئاوەزخوازی و فەلسەفەی نائەقڵانیش شیدەکەینەوە، کە لە وەڵامدانەوەی فەلسەفەی ئاوەزخوازیی، کەوتەسەر زاران. ئاوەزخوازیی بەوجۆرەی کە کامۆ بەکاردێنێت، بڕوایەکە تێیدا ئاوەزی مرۆڤ، واتا بە دنیایەك دەدات کە تێیدا دەژیت. فەیلسوفی ئاوەزخواز هیواداره کە چەشنێك سیستم بەدیبێنێت کە بەهۆیەوە بتوانێت گشت ئەزموونەکان شبکاتەوە. ئەو دەیەوێت ئەو توانستەی هەبێت، هەتا جارێك و بۆ هەمیشە بڵێت شتەکان چۆن و بۆچی هەن. ئاسمان شینە لەبەرئەوەی..، من هەم چونکە..، بوونەوەران بەم جۆرە چالاکن بەو

هۆیەی...، کەسێکی ئاوەزخواز دەیەوێت دنیا واتای هەبێت، شتەکان روونبن. ئاوەزخوازیی پشتئەستوورە بەوەی، کە توانستی بەڵگەدارکردنی چییەتیی هەبوونی شتەکان، هیوایەکی نالۆژیکیی نییە.

کامۆ ئاوەزخوازیی رەتدەکاتەوە، بەڵام لەوەناچێت کە هۆی فەلسەفی بە دژی ئاراستەکردبێت. لەم بەشەدا ئەو زۆرجاران بانگەشەدەکات کە کارێك ناکات بێجگە لەپێداچوونەوە بە باسی ئەو بڕوایانەی بۆ هەمووان ئاشنایە. هەوڵنادات ئێمە رازیی بکات، کە لە ئاوەزخوازییدا کەموکورتی هەیە، چونکە وای دادەنێت ئێمە لەسەر ناتەواوبوونەکەی هاوڕاین. ئەو راست ئاماژە بەو هۆیانە دەکات، کە بۆچی بە رای ئێمە ئاوەزخوازیی خۆش نییە ـ ناسەرکەوتووبوونمان بۆ یەکدەستکردنی ئەزموونە جۆراوجۆرەکان و شتی لەم چەشنە ـ بەڵام ئەم هۆیانە زەحمەتە بتوانن ئاسودەمان بکەن. ئاماژەکانی کامۆ مشتومڕ نییە، بەڵکو نموونەی ئەو بابەتانەن دەریدەخەن کە بەرگریی لە جیهانبینیی ئاوەزخوازیی ناکرێت.

جەیمز ود دەڵێت نامیلکەی کامۆ پشتئەستوورە بە ئیمان، ئەگەرچی ئەم جۆرە ئیمانە نەرێنییە. کامۆ لەوە دڵنیایە کە بڕوای بە خودا نییە و ژیان بێمانایە و ئەم دڵنیابوونەی زیاترە لە دڵنیابوونی لەسەر بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەو بێمانایییە. هەوڵی ئەو زیاتر دۆزینەوەی رەوشێکی روونە بۆ روانین لە دنیا، نەك پێناسەکردنی سیستمێکی فەلسەفی. کامۆ وادیارە نایەوێت بەڵگە بۆ ئەوە بهێنێتەوە، کە «بە بێناوەڕۆکبینینی دنیا، شێوەی راستی

سەیرکردنی دنیایە»، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک، ئەو گومانی لەوە هەیە کە «تەنانەت شێوەی راستی سەیرکردنی دنیا» هەبێت. دووەم دەڵێت زۆرجاران بە «بێناوەڕۆکبینینی دنیا» حاشاهەڵنەگرە. هەست بە بێناوەڕۆکی کردن، لە بنەڕەتدا هەستێکە کە جاروبارە تووشدەبین کە ـ چ پێمانخۆش بێت یان نا ـ هەستدەکەین دنیا بێمانایە و رووننییە. کامۆ لەسەر ئەوە پێداناگرێت بڵێ کە هەست بە بێناوەڕۆکی کردن بە بێ ئەملاولا «راست»ە، بەڵکو دەڵێت بێناوەڕۆکی بوونی هەیە. ئەو کەمتر فەیلسوفە و زیاتر حەکیمە. زیاتر هۆگری ئەو شتەیە کە ژیان تێکەڵاوی ئەم هەستەیە، نەك راستی و درووستی ئەم هەستە.

کامۆ ئاماژە بە نێوی ئەو بیرمەندانە دەکات، کە لە «نائەقڵانی بوون» و لە رەتکردنەوەی «ئاوەزخوازیی»دا هاوڕان. لەو شوێنەی کە کامۆ دەستەواژەی «نائەقڵانی» بەکاردێنێت، ئێمە دەتوانین زاراوەی «ئێگزیستەنس» دابنێین. بەکارهێنانی راست و دروستی «ئێگزیستەنسیالیزم» گرانە. زیاتر بەم هۆیە کە رێژەیەکی کەم لە فەیلسوفان راشکاوانە خۆیانی لێ نزیك دەکەنەوە، بەڵام ئەو زاراوەیە زۆربەی ئەو بابەتانەی وەخۆگرتووە کە کامۆ شیکردوونەتەوە، بە تایبەتیی ئەم بڕوایە کە دنیا لە زاتی خۆیدا هەر بوونی هەیە و هەموو ئەو واتا و چییەتییانەی دنیایان واتادارکردووە لەلایەن زەینی مرۆڤەوە پاش ئەو هەقیقەتە بەکارهاتوون. ژان پۆل

سارتەر[18] هاوسەردەم و جاریواشە دۆستی کامۆ پارێزەری سەرەکیی تەڤگەڕی ئێگزیستەنسیالیزم بوو. هەرچەند ناوەکەی لە فەلسەفەی ئێگزیستەنسی یاسپێرس بە قەرز وەرگرتبوو، زۆربەی را و تەگبیرەکانیشی لە هایدگەر، بەڵام هیچ کام لەو دوو بیرمەندە ئەڵمانییە، بەخۆیان نەدەوت ئێگزیستەنسیالیست. گەرچی جاروبارە بە کیرکەگۆر، یان نیچە[19]یان وتووە «ئێگزیستەنسیالیستی رەسەن». هەر دوو فەیلسوف لە سەدەی نۆزدەدا ژیاون و پێش ئەوەی ئێگزیستەنسیالیزم بڕشتی هەبێت، لە هەمان سەدەدا مردوون. دواتر تەنانەت کامۆش پشتی لەو تەڤگەرە کرد و سارتەری وەك «ئێگزیستەنسیالیست»ێکی بەڵێندەر بەتەنیا بەجێهێشت.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کامۆ و هەموو ئەو بیرمەندانەی بوونەتە سەرچاوە، تەواو دەگەڕێنەوە سەر نەریتی فەلسەفیی ئەوروپا (بێجگەلە بریتانیا). ئەو نەریتە بە خەستیی لەژێر کاریگەریی هیگڵ[20] و نەریتی راسیونالیزمی پێشتری کەسانێکی وەکو دیکارت و لایبنێست[21]ە. ئەم نەریتە بە توندیی پێداگریی لەسەر بە بەڵگەدارکردنی ئەقڵانیی و توانستی ئێمە دەکات لە رێگەی بەکارهێنانی تیۆرییەوە، لەپیناو دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ هەقیقەتە میتافیزیکییەکان.

لە بەرامبەردا نەریتی فەلسەفەی ئینگلیزی زمانان، زۆر زیاتر رێبازی ئەزموونخوازیی لۆك[22] و هیوم[23] رەچاودەکەن. ئەم نەریتە پێداگریی لەسەر توانستی بەڵگەی تیۆریانە

لادەبات و لە جێگەیدا لەسەر ئەوە پێداگرە کە بۆ مەعریفە دەستەوداوێنی درکی ئەزموون دەبین.

بارودۆخێك کە کامۆ لە لێکۆڵینەوەی بێناوەڕۆکییدا تووشیبووە، تەنیا دەتوانێت لە نەریتی راسیونالیزمی نابریتانییدا هەبێت. ئەم ئایدیالە کە زەینی ئێمە ناتوانێت لەئەزموون تێبگات، بۆ بیرمەندێکی ئەقڵخواز زۆر گرنگترە، هەتا فەیلەسوفێکی ئەزموونخواز. هێنانەئارای ئەم بابەتە راگەیاندنی مەحاڵبوونی هەڵوێستی کامۆ نییە، بەڵکو ئەو دەخاتە شوێنی راست و شایانی خۆی.

## بەڵگەهێنانەوەیەکی بێناوەڕۆك:
## خۆکوژیی فەلسەفی

**کورتە**

بێناوەڕۆکی دەرئەنجامی بەراوردکردن، یان پێکەوەبوونی دوو ئەندێشەی ناکۆکە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بڵێت کە پیاوێکی زۆر بەڕێز و خواپەرستە و بە دزییەوە حەزی لە خوشکەکەی خۆیەتی، ئێمە دەڵێین «بێمانایە». لێرەدا دوو بیرۆکەی ناکۆك لە پەنای یەکن، یەکیان پیاوێکی خواپەرست و ئەویتریان پیاوێك کە مەیلی هەیە دەستی لەگەڵ مەحرەمەکانی خۆی تێکەڵاوبکات. واتای بێناوەڕۆکی هەر بەوجۆرەی کە کامۆ لێیدەدوێت، لەپەنا یەکبوونی لەوجۆرەش بەخۆوەدەگرێت. ئێمە لە سەرێکەوە لەگەڵ پیاوێك بەرەوڕوو دەبینەوە، کە دەیەوێت لە بوونەوەراندا هۆکار و پێکەوەبوون بدۆزێتەوە. لە سەرێکی دیکەوە ئەو بوونەوەرانە شتێك

بێجگەلە دیاردە بێمانا و بێدەنگەکان ئاراستەی ئەو ناکەن. ئێمە تەنیا کاتێک تووشی بێناوەڕۆکی دەبین، کە پێویستیی بە بە دەستهێنانی وەڵام و بێدەنگی جیهان لە پەنای یەك دانێین.

بۆ ئەوەی روونبکەینەوە کە پەیوەندیی بێناوەڕۆکی ئێمە لەگەڵ بوونەوەراندا چ دەرئەنجامێکی دەبێت، نابێت بێناوەڕۆکی رەتبکەینەوە. ئەگەر هەوڵبدەین دژایەتیی نێوان نیاز بە دۆزینەوەی وەڵام و بێدەنگیی جیهان لەگەڵ یەکتریدا ئاشت بکەینەوە، لەگەڵ بێناوەڕۆکی بەرەوڕوونەبووینەتەوە، بەڵکو لەبەری هەڵاتووین. کامۆ نەبوونی هیوا و بەردەوامبوونی دەرکران و هەست بە نادڵخۆش بوون لە تایبەتمەندییەکانی بەرەوڕووبوونەوە بە بێناوەڕۆکی دەزانێت. ژیانکردن لەگەڵ ئەم دژوازییە نە خۆشە و نە ئاسان، بەڵام هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دژوازییە بەقەد رەتکردنەوەی هەستی بێناوەڕۆکی، وەڵامناداتەوە. کامۆ هۆگری ئەوەیە: «ئاخۆ دەتوانین لەگەڵ هەستکردن بە بێناوەڕۆکیدا بژین» و ئەمەشی ناوێت، واتە «ئاخۆ دەتوانین بەسەریدا زاڵبین».

کامۆ ئاماژە بەوە دەکات هەموو فەیلسوفانی ئێگزیستەنسیال، هەوڵدەدەن لەگەڵ بێناوەڕۆکی بەرەوڕوونەبنەوە. یاسپێرس بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەهۆی بازدانێکی تەواو نالۆژیکی، رێک لەو خاڵەدا ئەوپەڕی مەعریفەی مرۆڤیی دۆزیوەتەوە، کە بەڵگەهێنانەوە دەدۆڕێت. چێستۆڤ پێیوایە کە ئێمە

تەنیا بۆ تێگەیشتن لە مەحاڵ و درکنەبوو، پێویستیمان بە خودا هەیە، بۆیە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، کە بێناوەڕۆکی خودایە. کیرکەگۆر بە «بازدانی لەنەکاوی ئیمان» بۆ ناخی خودا بەنێوبانگە. ئەو نائاقڵانەبوون لەگەڵ خودا و ئیمان بەیەکسان دەزانێت. بابەتەکەی هوسرێل ئاڵۆزترە، لەبەرئەوەی دیاردەناسی ئەو تەنیا پەیوەندیی بە ئەزموونی راستەوخۆوە هەیە، پێدەچێت پێشوازیی لە بێناوەڕۆکی بکات، بەڵام دواتر دەیەوێت چەشنێک چییەتی ئەوپەڕی مەعریفەی مرۆڤی بەو دیاردە سادانەوە گرێبداتەوە، کە لێیاندەدوێت.

کامۆ ئەوە دەدرکێنێت، کە بەتەما نییە ئەندێشەی ئەم فەیلسوفانە بە تەواویی شبکاتەوە، بەڵکو تەنیا لەبارەی بەرەوڕووبوونەوەی ئەوان بە بێناوەڕۆکی دەدوێت. هەرکام لەم فەیلسوفانە هەوڵدەدەن بە چەشنێک دژوازیی نێوان عەقڵی مرۆڤی و ناعەقڵانی بوونی بوونەوەران چارەسەربکەن. یاسپێرس و چێستۆڤ و کیرکەگۆر بەشێوەیەك ئاوەزی مرۆڤ رەتدەکەنەوە و بابەتەکانیان بەتەواویی هەڵگری بوونەوەرانی نائەقڵانییە، کە پێیانوایە پەیوەندییان بە خوداوە هەیە. هەر بەو چەشنەی کامۆ پێشتر ئاماژەی پێکردووە، بێناوەڕۆکی تەنیا لە دژایەتیی نێوان ئاوەزی مرۆڤ و بوونەوەرە نائەقڵانییەکاندایە، کە دەتوانێت بوونی هەبێت، ئەم چوار بیرمەندە هەوڵدەدەن بە رەتکردنەوەی یەکێك لەم دژوازییانە زیاتر لەسەر ئەم دژوازییە بڕۆن.

فەیلسوفانی ئێگزیستەنسیال تێدەکۆشن لە نێو بێناوەڕۆکییدا چەشنێک باڵادەستیی بدۆزنەوە. کامۆ هەوڵدەدات لۆژیکی بێناوەڕۆکی پێویستی بەوە هەبێت، کە هیچ چەشنە سازان یان باڵادەستییەك نەبێت. ئەم فەیلسوفانە دەیانەوێت خۆ لەو لۆژیکە بدزنەوە، کە بێناوەڕۆکی بەسەریدا سەپاندووون و بە مانایەکی وردتر دەستدەبەن بۆ «خۆکوژیی فەلسەفیی».

**لێکدانەوە**

کامۆ فەیلسوف نییە و حەزناکات لەگەڵ ئەو بیرمەندانەدا باسوخواسی بیرمەندانە بکات، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن. لە بەشی پێشوودا لەو شوێنەی کە کامۆ راسیونالیزمی رەتکردەوە، دیتمان کە بەتەما نییە ئەم بیرمەندانە رەتبکاتەوە. هۆکاری بەلاڕێداچوونی بیری ئەوان بۆ ئێمە روونبێتەوە، بەڵکو تەنیا باسی ئەو هۆکارانە دەکات، کە قووڵکردنی بڕوای ئەم بیرمەندانە مەحاڵە.

کامۆ ئەو پرسە سادە دەکاتەوە کە هۆگرییەتی و دەیکاتە دوو بابەتی سەرەکی: یەکەم مرۆڤ چاوەڕوانی هەیەو هیوادارە کە چەشنێک مانا لەدنیادا بدۆزێتەوە. دووەم هەر واتایەك کە جیهان هەیبێت، لەبەرچاوی مرۆڤ شاراوەیە. شایانی باسە کامۆ هەبوونی خودا، یان چەشنێک واتا و مەبەستی زاتی لە

پشت هەموو شتەکانەوە ڕەتناکاتەوە. ئەو تەنیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بواری ئەوەی نییە بزانێت ئاخۆ خودا یان مانا یان مەبەست بوونیان هەیە یان نا. لە ئەفسانەی سیزیفدا دەیەوێت بزانێت ئاخۆ بواری ئەوە هەیە لەگەڵ ئەو شتەی دەیزانێت بژیت، واتە ئایا دەتوانێت لەگەڵ ئەو دوو بابەتە بنەڕەتییە بژیت، یان پێویستیی بەوە هەیە کە: بە هیوای شتێکی باڵادەست بێت (خودا یان مانا یان مەبەست) یان خۆکوژیی بکات؟

بێناوەڕۆکی پردێکی پەیوەندییە لەنێوان ئەم دوو بابەتە سەرەکییەدا. چاوەڕوانیی ماناداربوون لەو بوونەوەرانەی کە بە تەواویی بێدەنگن، بێمانایە. لەوسەرەوە کە بێناوەڕۆکی پردی پەیوەندیی تەنیا دوو بابەتیی سەرەکییە و بە دڵنیاییەوە دەیانناسین، کامۆ بە پێداگرییەوە دەڵێت بێناوەڕۆکی پەیوەندیی بنچینەیی ئێمەیە لەگەڵ جیهان. بێناوەڕۆکی هەقیقەتێکی بنەڕەتییە و کامۆ بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کە هەتاسەر بەدوای لۆژیکەکەیدا بچێت.

هەروەها بێناوەڕۆکی لە بنەڕەتدا دژوازییە. ئێمە خوازیاری واتاین، بەڵام بوونەوەران هیچ شتێکمان پێنادەن. ئەو ناڕەزایەتییەی کە لەهەمبەر چارەنوسماندا هەمانە، بەرابیەکە بۆ بێناوەڕۆکی و هەموو هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناڕەزایەتییە هەوڵدانە بۆ راکردن لە بێناوەڕۆکیی.

گلەیی کامۆ لەو چوار بیرمەندەی لەم بەشەدا

ئاماژەمان پێکردن ئەوەیە، کە هەر کەس بە شێوازی خۆی هەوڵدەدات لە بێناوەڕۆکی رابکات. بۆ ئەم کارەش هەر کام لەم بیرمەندانە دەبێت یەکێك لەو دوو بابەتە سەرەکییە رەتبکەنەوە، کە کامۆ وەك خاڵی دەستپێك هەڵیبژاردوون. یاسپێرس و چێستۆڤ و کیرکەگۆر پێویستیی بە لۆژیك و مەبەست لەدنیادا رەتدەکەنەوە. ئەوە قبووڵدەکەن کە دنیا نالۆژیکییە و لەم بیرۆکەیەدا خودا دەدۆزنەوە. هوسرێل ئەم بڕوایە کە ناتوانین لە دنیادا واتا بدۆزینەوە رەتدەکاتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لە پشتەوەی دیاردە بێدەنگ و متەکانی دنیادا گەوهەری دۆزیوەتەوە.

کامۆ فەیلسوف نییە و ئەم چوار بیرمەندە تاوانبار ناکات کە بە هەڵە بەڵگە دێننەوە. ئەو تەنیا بەوە تاوانباریان دەکات، کە تێگەیشتنەکەیان رازییانناکات. هەر چوار کەسەکە هەنگاو دەنێنە ئەولای بابەتە بنەڕەتی و حاشاهەڵنەگرەکانی ئەزموونەوە ،هەتا بەدڵنیاییەوە بڵێن کە شتێکی زیاتر هەیە، واتە شتێکی ئەولای ئەزموون و شتێکی بێزاریی بەهۆی بێناوەڕۆکییەوە چارەسەردەکات. ئەم چوار فەیلسوفە لە هەوڵدانیان بۆ ئەم هەڵوێستە تووشی هەڵە نایەن، بەڵکو لەو پرسیارە خۆیان دەدزنەوە، کە بە بۆچوونی کامۆ سەرەکییە: ئایا پێویستە پێداگریی لەسەر ئەوە بکەین، کە بۆ ژیانکردن شتێکی زیاتر هەیە؟ پرسەکەی کامۆ گریمانەیە: ئەگەر بوونەوەرە نالۆژیکییەکان شتێکیان زیاتر لە مرۆڤە لۆژیکییەکان نەبێت،

ئاخۆ دەتوانین لە بێناوەڕۆکی ئەو بارودۆخەدا بژین؟

لەم رووەوە کامۆ رێگەیەك هەڵدەبژێرێت، هەتا بە فەلسەفەوە نەبەسترێتەوە. وای دەنوێنێت، کە تەنیا دەیەوێت بزانێت کە ئایا بابەتێکی وایە، کە لێی بێتاقەت نەبین یان نا، وازی لەوە هێناوە، کە ئەو بابەتە هەقیقەتی هەیە یان نا. ئەگەر هەوڵیدەدا لەسەر شوێن و پێگەی میتافیزیکی خۆی پێداگریی بکات، ئەگەر هەوڵیدەدا بانگەشەی ئەوە بکات، کە بابەتەکە تەواو وەهایە، بەرپرسایەتی سەلماندنی باڵادەستی پێگە میتافیزیکییەکەی زیاتر لەسەر شانی ئەودا قورسایی دەکرد هەتا فەیلسووفانی دیکە.

دەکرێت تەواوی ئەو بابەتانەی ئاماژەیانپێکرا وابن، چونکە کاتێ کامۆ بەدڵنیاییەوە دەڵێت بێناوەڕۆکی پەیوەندی بنەڕەتیی ئێمەیە لەگەڵ جیهان و پێویستیی ئێمە بۆ دۆزینەوەی هۆکار و بێدەنگیی بوونەوەران، دوو بابەتی سەرەکین بۆ هەبوونی مرۆڤ، بە چەشنێکی مەترسیدار لە میتافیزیك نزیك دەبێتەوە. کامۆ رەنگە لەخۆی بەرگریی بکات کە ئەم پێداگرییانە لەبارەی ناسینی ئەرێنی لە هەمبەر چییەتی جیهاندا نییە، بەڵام کاتێک هەموو ناسینێکی ئەرێنی رەتدەکاتەوە، هەر ئەمەیان دەمێنێتەوە. بێناوەڕۆکی پەیوەندیی بنەڕەتی ئێمەیە لەگەڵ جیهان، لەبەرئەوەی بانگەشەی ئەوە ناکات، کە سەبارەت بە جیهان زیاتر لەوە دەزانێت کە دنیا بە ئێمەی داوە.

## بەڵگەهێنانەوەیەکی بێناوەڕۆك:
## رزگاریی بێناوەڕۆك

**کورتە**

مرۆڤی بێناوەڕۆك، زیاتر لە هەموو شتێك تامەزرۆی دڵنیابوونەو لەوە تێگەیشتووە، کە تەنیا دەتوانێت لە شتێك دڵنیابێت، ئەویش بێناوەڕۆکییە. تاکە هەقیقەتێکی کە سەبارەت بە خۆی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، مەیلییەتی بۆ تاکانەبوون، هۆکار، روونبوونەوە و تەنیا هەقیقەتی حەتمی سەبارەت بە دنیا پێدەچێت ئەوەبێت کە لەگەڵ هیچ فۆرم و نمونەیەکی دەستنیشانکراودا ناگونجێت. رەنگە ژیان واتای هەبێت بەڵام، رێیەکی جێمتمانە نییە، کە بزانین ئەم واتایە چییە. مرۆڤی بێناوەڕۆك دەیەوێت تەنیا لەگەڵ ئەو شتەدا بژیت کە لێی دڵنیایە.

لەم دژوازییەدا بێناوەڕۆکی لەنێوان شعوری مرۆڤ و خوڵقێنراوانی بێ لۆژیك بەدیدێت و هەتا ئەو کاتەش هەیە کە کەسێك بە وشیاریی لێی ئاگادارە. بەمجۆرە بە مەبەستی پشتبەستن بە بێناوەڕۆکی مرۆڤی بێناوەڕۆك، دەبێت بێ ئەوەی هەوڵبدات بەسەر ئەم دژوازییەدا زاڵ بێت، ئاگاداربوونی وشیارانەی لە بێناوەڕۆکی، لە ناخی خۆیدا هەڵبگرێت. کامۆ لە هەوڵدان بۆ ژیان لەگەڵ بێناوەڕۆکیدا، بە سێ دەرئەنجام دەگات:

**سەربزێوی، بژاردە و تامەزرۆیی**

کامۆ ئەم بۆچوونە کە «تەواو قبووڵکردنی بێناوەڕۆکی»ی خۆکوژیی بە دوادادێت، بە تەواویی رەتدەکاتەوە و بەپێچەوانەوە دەڵێت تەواو ژیانکردن پەیوەستە بە قبووڵکردنی پوچیەوە: بە ئاگاییەوە ئێمە مرۆڤگەلێکین ژیر و شەرمەزار بە ژیانکردن، لە ماوەیەکی کورت و لە دنیایەکی بێ لۆژیکدا، پاشان دەبێت بمرین. ئێمە لەبەرامبەر دژوازییەکانی نێوان مەیلمان و راستەقینەدا بەئاگا دەمێنینەوە و بەم پێیە بە بێناوەڕۆك ژیان، ژیانکردنە لە بارودۆخی دژوازی هەمیشەییدا. ئەم سەربزێویەیە کە دژ بە بێناوەڕۆکی ژیان و لەئاکامدا ئەو مەرگە دەردەکەوێت، کە لەسەر رێمانە. خۆکوژیی وەکو هیواداربوون، چارەسەرێکی دیکەیە بۆ راکردن لەم دژوازییە و هیچی دیکە. بێناوەڕۆکی ژیان لە نەهاتییەك دەچێت، کە لەبەردەم مرۆڤی شەرمەزار بە مردنە، شەرمەزار بە مردنێك کە بە هەر هەناسەیەکی، دژ بەوە کە دەبێت بمرێت سەربزێویی دەکات.

ئێمە بەگشتی بە بیرۆکەی بژاردەوە دەژین، واتە ئازادین کە بڕیار بدەین و بارودۆخی خۆمان بە پێی کردەوەکانی خۆمان روونبکەینەوە. لە بیرۆکەی بژاردەدا دەگەینە بڕوایەک: ئێمە دەتوانین ئاراستەی ژیانی خۆمان دەستنیشانبکەین و بەرەو مەبەستە دیاریکراوەکان هەنگاوبنێین. بەمجۆرە لەم بژاردەدا خۆمان بە ژیانکردن لە ئاراستەی مەبەستە دیاریکراوەکاندا سنورداردەکەین و رۆڵێکی تایبەت بەئەستۆ دەگرین. رەنگە بمانەوێت ببین بە دایکێکی باش، ساختەچیی سەرنجڕاکێش یان شارومەندێکی چالاك و کردەوەکانی ئێمە بەو وێنەیە دەستنیشاندەکرێت کە لەخۆمانمان سازکردووە. بیرۆکەی بژاردە ئایدیایەکی میتافیزیکییە: بانگەشەی ئەوە دەکات کە خولقێنراوان و خودی مرۆڤ بە جۆرێکە، کە دەتوانێت ئاراستەی خۆی هەڵبژێرێت. مرۆڤی بێ ناوەڕۆك ئامادەیە هەموو ئەو شتانە رەتبکاتەوە، کە دڵنیا نییە لێیانتێبگات و بژاردەی میتافیزیکی بۆ ئەو حەتمیتر نییە لە واتای ژیان. تەنیا بژاردەیەکە کە مرۆڤی بێناوەڕۆك دەتوانێت لێی تێبگات ئەو بژاردەیەیە، کە بۆخۆی ئەزموونی بکات: بژاردەی بیرکردنەوە و کردە بە پێی هەڵبژاردن. مرۆڤی بێناوەڕۆك ئەم باوەڕە وەلادەنێت، کە رۆڵێکی بۆ نواندن هەیە و بەم کارە بژاردەی ژیانکردنی هەر ساتێک لە ژیان کە روودەدات، بە بێ پێشگریمانە و پێشبینیکردن بەدەستدێنێت.

کاتێک بیرۆکەی واتاداربوونی ژیان وەلابنرێت، مرۆڤی بێناوەڕۆك تیۆرەکانی پەیوەندیدار بە بایەخیش وەلادەنێت.

ئەگەر بۆ ئەو شتەی ئەنجامیدەدەین، نە واتایەك هەبێت و نە مەبەست، ئیتر هۆیەك نابێت، كە بە جێی ئەم كارە ئەو كارەی دیكە بكەین. بە سەرنجدان بەم بابەتە، ئیتر ناتوانین ستانداردێكی چۆنایەتیی بۆ ئەزموونەكانمان دیاریبكەین و تەنیا دەتوانین ستانداردێكی چەندایەتیی وەبەرچاو بگرین: هەرچی ئەزموون زیاتربێت باشتر. مەبەستی كامۆ لە هێنانەبەرباسی چەندایەتی ئەزموونەكان، ژیانی درێژخایەن نییە بەڵكو، زیاتر لەسەر تامەزرۆیی بە ژیانی قەرەباڵغ و پەیماندا پێداگریی دەكات. كەسێك كە ئاگادارە لە هەر چركەساتێك كە تێپەڕی دەكات، ئەزموونەكەی زیاترە لەو كەسەی هۆشی سەرقاڵە.

**لێكدانەوە**

كامۆ چەشنێک لە «بەگومان بیركردنەوە» دێنێتەگۆڕێ كە لە سەردەمی دیكارتەوە لە فەلسەفەی رۆژئاوادا رەگی داكوتاوە، بەڵام بە شێوازێكی زۆر تایبەت. ئەو لە هەر بابەتێك كە دڵنیانەبێت گومانكردنی دیكارت رەچاو دەكات، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو، بە هەوڵدان بۆ جێگیركردنەوەی زانستی میتافیزیكی لە بوارە حەتمیەكانی تردا، بەدوای «بەگومان بیركردنەوە»ی خۆیدا ناچێت، بەڵكو دەبینێت كە فەیلسوفان ناتوانن لەسەر گومانە میتافیزیكییەكان رێكبكەون و پێیوایە ئەمەش هۆیەكە بۆئەوەی بە گشتیی گومان لە میتافیزیك بكەین. كامۆ بۆئەوەی رێی دیكارت بگرێتەبەر، پێویستی بە حەتمی بوونە، بەڵام خۆشی ئامادەكردووە كە لە میتافیزیكدا حەتمی بوونێك دەست نەكەوێت.

بارودۆخەکە تەواو نافەلسەفییە. کامۆ پێیخۆش نییە کە دۆخی راستی رووناکبیری بەخۆیەوە بگرێت، ئەو مەیلی بە چۆن ژیانکردن هەیە. ئەو پێی گرنگ نییە، کە وەڵامی تەواو بەم پرسیارانە بداتەوە، بەڵکو دەیەوێت بزانێت ئایا دەکرێت بە دڵنیاییەوە ژیان بکرێت؟

رەنگە گلەیی ئەوە بکەین، کە کامۆ هەوڵنادات بە وەڵامێکی کورت و پوخت بگات، لەبەرئەوە ناشیدۆزێتەوە. لەوەدەچێت کامۆ بۆ پاساودانەوەی خۆبواردنی خۆی لە میتافیزیك هەوڵێکی تایبەت نادات. بانگەشەکانی بەو پێیە کە ناتوانین لە هەر رێکوپێکیەکی لۆژیکی، یان واتا لە خولقێندراوان دڵنیابین، لەڕووی لێکۆڵینەوەوە وردەکار نییە هەتا نیشانبدات، کە حەتمیبوونی مەبەستی ئەو مەحاڵە، بەڵکو بانگەشەکانی بە هۆی ئەم وشیارییەوەیە کە کەڵەبیرمەندانی دوو هەزارساڵی رابوردو نەیانتوانیوە لەسەر وەڵامێکی راست و دروست رێکبکەون، لەبەرئەمە لەوە ناچێت کە ئێمە بتوانین حەتمی بوونێك بدۆزینەوە. بە پێی ئەم بانگەشەیە ئەو لە دۆخی فەلسەفیدا نییە، بەڵکو زیاتر سەرنجی پراکتیکیی داوە. کامۆ لەم بەشەدا تەنیا دەتوانێت تا ئەم رادەیە دان بەخۆیدا بگرێت کە: «من نازانم ئەم دنیایە واتایەکی هەیە کە رزگاربکات؟ بەڵام دەزانم کە بەو مانایە نازانم و لە ئێستادا بۆم نالوێت کە پێبزانم.» ئەم «لەئێستادا»یە رەنگە بەم

واتایە بێت، کە دەکرێت بەو مانایە بزانرێت، بەڵام نەك بە بێ تەمەنێك هەوڵی فکریی گران، کە دەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێی ژیانی ڕاستەقینەی. ئەو تەنیا دەیەوێت بزانێت ئایا «لەئێستادا» دەتوانێت بە دڵنیاییەوە بژییت، هەر ئەوەندە و بەس.

تاکە حەتمیبوونێك هەبێت ئەوەیە، کە حەتمیبوونێك نییە. کامۆ بۆ ژیانکردن لەگەڵ حەتمیبوونێکی لەم چەشنە دەگاتە سێ دەرئەنجام: سەربزێویی من، بژاردەی من، تامەزرۆیی من. «سەربزێوی»ی ئەو، ژیانە لە بارودۆخی هەمیشەیی دژوازییدا، واتە تایبەتمەندیی بێناوەڕۆك. دەبێت لەئاواتی تاکانەبوون و نەزم دەستهەڵبگرێت، بەڵام دەبێت لە مەحاڵبوونی تاکانەبوون و ڕێکوپێکیش ئاگاداربێت. سەربزێویی ئەو، بە بێ هیواداربوونە بە چارەسەرکردنی گرفت و کێشە. ڕەنگە ئەم بیرۆکەیە بە ڕواڵەت کەمێك سەیر بێتە بەرچاو، چونکە چۆن دەکرێت کەسێك لەبارودۆخی سەربزێویی دابێت ـ چۆن دەتوانێت بەربەرەکانێ بکات ـ هیوایەکی بە سەرکەوتن نەبێت؟ بابەتی سەربزێویی بەبێ هیواداربوون، زیاتر پێناسەی مرۆڤی بێناوەڕۆك و وەسفی ئەفسانەی سیزیفە، کە کامۆ بۆ سەردێڕی بەرهەمەکەی هەڵیبژاردووە. (هەوڵی کامۆ بۆ وەسفکردنی سیزیف وەکو پاڵەوانی ئیدەی ئەو بێناوەڕۆکییە، لە کۆتایی وتارەکەدا دێت).

بابەتی «بژاردە»یکی کە کامۆ بەکاریدێنێت، بەڕوونیی نافەلسەفییە. کامۆ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خودا

یان فیزیك ڕەنگە کردەی هەبێت، یان نا و لەجیاتی ئەوەی جەخت دەکاتەسەر توانستەکانی مرۆڤ بە مەبەستی ڕزگاربوون لە سنوورە زەمینی و ئاسمانییەکان (وەکو خودا یان یاسا فیزیکییەکان)، دێت سەرنجی خۆی لەسەر بژاردەی پلەی زەمینییدا چڕدەکاتەوە. کامۆ دەپرسێت، تا چەند دەتوانین دڵخوازییەکانمان لەسەر زەوی ئەنجامبدەین، یان بیری لێبکەینەوە؟ بەمجۆرە دژی کەسی «خاوەن بژاردە» کەسێ نییە کە یاسا فیزیکییەکان بەستوویەتەوە، بەڵکو کەسێکە دەوڵەتێکی سەرکوتگەر یان ترسنۆك ـ زەمینی و ئەو کاریگەریانەی دەکرێت بگۆڕدرێن، سنورداریان کردووە. بەم واتایە مرۆڤی بێناوەڕۆك ئازادە، لەبەرئەوەی ئەم بیرۆکەیەی وەلاناوە، کە ژیان بایەخ یان واتای هەبێت و هەسناکات کە لە هەمبەر ژیاندا بەڵێنداوە، کە بەرەو مەبەستێکی تایبەت بڕوات. بەم پێیە ئەو ئازادانە و بە بێ هیچ چەشنە سنورێکی فکری و پراکتیکی کە بۆ سازان لەگەڵ کۆمەڵگە پەیوەندیمان پێیانەوە هەیە، لەگەڵ هەموو چرکەساتێکی بەرەوڕوودەبێتەوە.

باس وخواستە فەلسەفییەکان سەبارەت بە چییەتی بژاردە، لەوە ئاڵۆزترن کە کامۆ باسیاندەکات. زۆربەی فەیلسوفان تیۆری بژاردەیان وەلاناوە، کە لە بەرامبەر حەتمیبوونی میتافیزیکیدا پێناسەدەکرێت و لەجیاتی ئەوە بە گشتی دەپەرژێنەسەر بژاردە وەکو شتێکی پەیوەندیدار بە ژێربوونی مرۆڤ: «من لە کردەوەدا بژاردەم هەیە، بەو مەرجەی کە

کردەی من بە پێی هۆ بێت، نەك کردەوەیەکی هەڕەمەکیانە یان مەیلێك بێ بەرەو کردە. من بژاردەم هەیە بەو مەرجەی کە بۆ ئەنجامدانی کردە هەڵبژێرم. کامۆ لە باسکردن لەسەر رزگاربوونی بێناوەڕۆك، بەشێکی مەزن لە باسە فەلسەفییەکانی بژاردە لەبەرچاو ناگرێت.

«تامەزرۆیی» کە کامۆ وەکو دوایین دەرئەنجامی ژیانی بێناوەڕۆك ئاماژەی پێدەکات، بابەتی ژیانی ئەمێستایە. لەو سەرەوە کە مرۆڤی بێناوەڕۆك، سەرنجێك بە داهاتو نادات و زەینی بە رابوردووەوە خەریك نییە، چرکەساتی ئەمێستای بۆ گەرموگوڕتر و زیندووترە.

# مرۆڤی بێناوەڕۆك:
# دۆن ژوانخوازیی[24]

**کورتە**

لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا، کامۆ دەیەوێت بەشێوەیەکی زانستیتر درێژە بە باسەکەی خۆی بدات. بەشی یەکەم کورتەیەکە سەبارەت بە بێناوەڕۆکی و دەرئەنجامەکانی ژیان لەگەڵی و ئەم بەشە هێندێك نمونە لەو ژیانانە ئاراستەدەکات، کە پشتگیریی بنەماکانی کامۆ دەکەن، سەبارەت بە سەربزێوی و بژاردە و تامەزرۆیی (بڕوانە بەڵگەهێنانەوەیەکی بێناوەڕۆك: رزگاریی بێناوەڕۆك). کامۆ لە بەشی دووەمی فریودەر (دۆن ژوانخوازیی)دا، ئەکتەر و سەرکەوتوو دەکات بە نموونە ، پاشان دەستبەجێ لە نوسەر دەدوێت. کامۆ بە وردیی ئاگای لەوە هەیە، کە ئەگەرچی ئەمانە نمونەن، بەڵام وانین کە حەتمەن هەڵگری واتاکە رکابەریی یەکتربکەن. کامۆ نایەوێت ئەمانە وەکو نمونەی نایاب بناسێنێت، بەڵکو دەیەوێت ئەم نمونانە بۆ روونترکردنەوەی زیاتری لێدوانەکەی خۆی بەکاربێنێت.

کامۆ لە بەرایی لێکدانەوەی ئەم سێ نموونەیەدا ئاماژە دەکات بە هاوبەشییەکانی ئەم سێ نمونەیە. پشتبەستنی مرۆڤی بێناوەڕۆك تەنیا بە بوێریی خۆی، واتە هیواداربوون بە شتێك کە زیاترە لەم ژیانە و بەڵگدارکردنێکە کە پێدەڵێت هەموو کردەوەکانی ئەو، دەبەسترێتەوە بە دەرئەنجامەکانی ئەم جیهانە نەك دنیای میتافیزیکی.

مرۆڤی بێناوەڕۆك بێ ئەخلاقە (نەك دژە ئەخلاق). ئەخلاقییەکان یان لەلایەن خوداوە هاتوون یان مرۆڤ، بە مەبەستی پاساودانەوەی هەڵسوکەوتێکی تایبەتی ، لەخۆی سازیکردووە. مرۆڤی بێناوەڕۆك ناتوانێت بڕوای بە خودا هەبێت و پێویستیی بە پاساودانەوە نییە. تەنیا کامڵبوونەکەی ڕێنوێنیدەکات و پێویست نییە بنەما ئەخلاقییەکان ڕێنیشاندەری کامڵبوون بن. لەو سەرەوە کە ئەو بە ئەخلاقییەکان و لە ئەنجامدا بە باسوخواسێکی وەکو تاوان نەبەستراوەتەوە، کامۆ مرۆڤی بێناوەڕۆکی بە «بێتاوان» وەسفکردووە.

یەکەم نمونەی ئەو بۆ مرۆڤی بێناوەڕۆك فریودەری بەناوبانگ دۆن ژوانە. لەلای ئەم ژنەوە بۆ لای ئەو ژن دەڕوات. یەك لەدوای یەك بە هەمان تاکتیك فریودەدات. قەت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەگەڵ ژنێکدا نامێنێتەوە و خێرا دەچێت بۆ لای دڵڕفێنێکی دیکە.

کامۆ بەدوای هیچ کام لەم تاوانانەدا ناچێت، کە خراونەتە پاڵ دۆن ژوانەوە: بە توندی بەدوای ئەڤینی راستەقینەوەیە.

یان بۆخۆی کەسێکی شەیدایە، یان کارەکانی لەوپەڕی بێ مەیلی دووبارەکردنەوەیە، یان لەوپەڕی دڵڕەقی خۆویستە، یان لەئاکامدا دەبێتە پیرەمێردێکی چارەڕەش. پێدەچێت تەواوی ئەم تاوانانە بە هۆی ئەم گریمانانەیە کە دۆن ژوان لەئاکامدا بە هیوای مەزنایەتیی بگات. هیوا بە دۆزینەوەی شتێك کە ئەو بانتربکات لە فریودانی رۆژانەی کە دۆن ژوان بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت مەزنایەتی بدۆزێتەوە.

لەجیاتی لەو تاوانانەدا کامۆ دۆن ژوان، وەك پیاوێك وێنادەکات کە بە مەیلی هەر ئەم کاتەوە دەژیت. دۆن ژوان بە بێ هیوای دۆزینەوەی مەزنایەتیی لە ژیاندا، دەژی و بێناوەڕۆکی فریودانەکەی قبووڵدەکات. بەدوای ئەڤینی راستەقینەوە نییە، تەنیا دووپاتبوونەوەی بەردەوامی دڵڕفێنەکانی دەوێت. ئەو شەیدا نییە کە پێمانوابێت بە هیوای شتێکی زیاترە، یان ئەو شتە نازانێت کە دەبێت بیزانێت. ئەو لە فریودانیدا بێمەیلی دووبارەکراوەی نییە، ئەو بیر لە چەندایەتیی دەکاتەوە، نەك چۆنایەتیی. بەم پێیە ئەگەر تەکنیکێکی یەکسان هەبێت و هەمیشە بە هەمان دەرئەنجامی دڵخوازی بگەیەنێت، هیچ هۆیەك نابینێت کە بیگۆڕێت. ئەو لەوپەڕی دڵڕەقیدا خۆویست نییە، رەنگە بەشێوەی خۆی خۆویست بێت، بەڵام بەدوای دەستبەسەرداگرتن، یان کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانەوە نییە، کە فریویان دەدات. لە دەرئەنجامی کردەوەکانیدا ئازارنابینێت، ئەو بە ئاگاداربوونی تەواو لە «کێ و بۆ کوێ دەچێت» دەژیت. بەم پێیە لاوازی و پیریی زەحمەتە بتوانێت چەکی بکات.

## لێکدانەوە

لە بەشی یەکەمدا دیتمان کە تەنیا بە ئاسانکردنەوەی زۆرەوە دەتوانین بە لێدوانەکانی کامۆ بڵێین «فەلسەفە»: پێدەچێت زۆری پێخۆش نەبێت ،کە مشتومڕ لەسەر بیروڕاکانی بکات. سەرنج بەوە نادات کە پێداگرییەکەی راستە یان نا. هۆگری هونەری ژیانکردنە و لە سەرلەبەری بەشی یەکەمدا لێکۆڵینەوەکانی بەردەوام بەدوای شێوازێکەوەن بۆ ژیانکردن هەتا پشت نەبەستێت بە بیروڕای میتافیزیکییەوە و بەدوای هەقیقەتیشەوە نییە. مەیلی سەرەکیی ئەو بۆ چۆن ژیانکردنە و سرووشتییە کە لەم بەشەی ئێستادا بەرەو شیکردنەوە بەکردەوەییەکانی ژیانی بێناوەڕۆك دەچێت.

جیاوازیی نێوان مرۆڤی بێناوەڕۆك و باقی بوونەوەرانی مرۆڤی، پەیوەندییەکی وایان بە کردەی دەرەکیی ئەو نییە، بەڵکو پەیوەندیی هەیە بە شێوازی تێگەییشتنی ناخی ئەو، کە بۆ کردەی دەرەکیی هەڵیدەبژێرێت. پێدەچێت جیاوازیی نێوان دۆن ژوان و فریودەرێکی ئاسایی، لە هەڵسوکەوتیاندا نییە، بەڵکو زیاتر جیاوازییە لە شێوازی تێگەییشتن لە هەڵسوکەوتەکانیان. کەسێك رەنگە فریودەرێکی ئاسایی بە هەموو ئەو تاوانانەوە کە لە دۆن ژوان بەرگریی دەکات، شەرمەزار بکات. پێدەچێت جیاوازی گرنگ ئەوەبێت، کە بۆ دۆن ژوان شتێك مەزنتر لە فریودان نییە. دۆن ژوان ژنان بە هیوای دۆزینەوەی ئەڤین یان رزگاربوونی خۆی لە شەیدابوون فریونادات. ئەو بۆ چێژی خودی فریودان فریودەدات. دۆن

ژوان لەم رووەوە کە بە بێناوەڕۆکی ژیان دەزانێت و دەزانێت کە کردەکانی ئەو گرنگتر نین لە دەرئەنجامەکانی، مرۆڤێکە بێناوەڕۆک.

کامۆ لە بنەڕەتدا مرۆڤی بێناوەڕۆك بە بێ تاوان وەسفدەکات، زاراوەیەك کە رەنگە لە هەمبەر بابەتی هەڵە و تاوان لە ئایینی مەسیحیدا بەکاردەهێنرێت. بە پێی پەروەردەی کاسۆلیکی، ئێمە هەموومان بە تاوانباریی لەدایکدەبین، مۆری تاوانی سەرەتای ئادەم و حەوا بە تەوێڵمانەوەیە. کریستیانێک بەردەوام لە وشیاریی هەڵە و تاواندا دەژی و گەلێ کار ئەنجامدەدات، هەتا ببەخشرێت و بچێتە بەهەشتەوە. بەم پێیە ژیانی کریستیانی رووەو بەربەرەکانێی جیهانییە لە نێوان خراپەی خودی ئێمە و توانستەکانمان بۆ چاکە. لەگەڵ ئەوەشدا بێتاوانیی مرۆڤی بێناوەڕۆك هەموو چەشنە وشیارییەك لە بەرامبەر تاوان و هەڵە رەتدەکاتەوە. ترس لە حوکمی خودا، یان هەست بە خەباتی جیهانی نێوان چاکە و خراپە، کردە و بڕیارەکانی ئەو ناخاتەژێر کاریگەرییەوە. لەمپەری دەروونیی بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی هەرچی دەیەوێت بیکات لەئارادا نییە. لەم رووەوە بێتاوانیی مرۆڤی بێناوەڕۆك پێویستی بە چەشنێک کامڵبوونە. ئەو دەتوانێت بە جۆرێک بژیت کە لەگەڵ مەیل و هۆگرییەکانیدا بگونجێت. بانتر لە «هەرچیم پێخۆشە ئەوە چاکە و هەرچیم پێخۆش نەبێت خراپە» بنەمایەکی ئەخلاقی دیکە بەدیناکرێت.

کاتێک بنەما ئەخلاقییەکان نەبن، هیچ شتێک نییە، کە ببێتە لەمپەر لەسەر رێی ئەو کەسانەی کارەسات دەخوڵقێنن، یان هەڵسوکەوتی زیانباریان هەیە، کامۆ پێدەچێت ئەم شتانە

به هێند دانانێت، بەڵام رەنگە وا باشتربوو گرنگییان پێ بدات. چەقبەستنی کامۆ لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی تێگەییشتنی دەروونی مرۆڤی بێناوەڕۆکە، کە بە کردە دەگات، نەك ئەوەی کە ئەو دوایین کردەیە لە ئاکامدا چی دەبێت. کامۆ مرۆڤە بێناوەڕۆکەکەی لە رێی نموونە نیشاندەدات و بەم کارە لە بەرەوڕووبوونەوە بە پرسیاری چۆن ژیانێکی بێناوەڕۆك درك بە خۆی دەکات، خۆی دەبوێرێت. ئاخۆ بکوژ هەمیشە ژیانێکی بێناوەڕۆکی هەیە؟ ئاخۆ دەکرێت هەر بەو چەشنەی دۆن ژوان فریودەر بێت، بە بێ ئەوەی کەڵکەڵەی ئەخلاقی و هەست بە تاوانکردن لەئارادا بێت، مرۆڤ بکوژرێت؟ ئەگەر ئەرێنییە سەبارەت بە فەلسەفەی بێناوەڕۆکی کامۆ دەبێت چ مەرجێك دابنرێت؟ لەوە دەچێت کامۆ پێیوایە کە مرۆڤی بێناوەڕۆك زیانبارتر لە مرۆڤێکی ئاسایی نییە، بەڵام هیچ کات ئاماژە بە هۆیەکی گونجاو بۆ بانگەشەکەی ناکات.

ئاڕمانجی ژیانێکی کە بنەما ئەخلاقییەکانی لە خۆی داماڵیبێت، تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نیچە، کە ئایدیالی ژیانی «بانتر لە چاکە و خراپە»، ژیانی بەدەر لە هەر چەشنە بنەمایەکی ئەخلاقی هێنایەئاراوە. ئەگەرچی کامۆ لە رووی شێوازەوە زۆر لە نیچە جیاوازترە، کەڵکەڵە زەینییەکان و دوادەرئەنجام وەرگرتنەکان و ئاراستەی بیرکردنەوەی، نیشاندەری جیاوازبوونی لەگەڵ نیچەن. بابەتی بێناوەڕۆکی کامۆ بەتەواویی لە تایبەتمەندییەکانی نیهلیزمی نیچە دەچێت و مرۆڤی بێناوەڕۆکی ئەو بە شێوەی جۆراوجۆر، هاوشێوەی واتای تاکی نانەریتیی نیچەیە.

# مرۆڤی بێناوەڕۆك:
# دراما

### كورتە

ئەکتەر، دووەم نموونەی کامۆ لە ژیانی تەبایە بە بنەماکانی پوچی خۆی. مرۆڤەکان بەرەو نواندن (شانۆ) پەلکێشدەکرێن، لەبەرئەوەی لە چیرۆکدا دەرفەت و بواری جیاواز مسۆگەردەبن. مرۆڤی بێناوەڕۆک وەکو ئەکتەر تەنیا بەوە رازیی نابێت، کە ببینێت و وێنای ئەو ژیانکردنانە بکات کە لەگەڵ ژیانی خۆیدا جیاوازن، ئەو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو ژیانانە بژیت. ئەکتەرێک لەماوەی ژیانی پیشەیی خۆیدا وزە و جۆراوجۆریی ژیانگەلێکی زۆر کۆدەکاتەوە.

هەم ژیانی ئەکتەر و هەم ژیانی ئەو کارەکتەرانەی کە ڕۆڵیان دەگێڕێت، کورتخایەنن. تەمەنی ناوبانگی ئەکتەر کورتخایەنترە لە تەمەنی گشت هونەرمەندانی دی. لێرەدا کامۆ سەبارەت بە ئەکتەرانی شانۆ دەدوێت، کە بە پێچەوانەی هونەرمەندانی سینەما، بە فیلمەکانیان نەمر نابن: بەدڵنیاییەوە لە سەردەمانی کامۆدا، تەنانەت ئەمڕۆکەش تۆمارکردنی شانۆگێڕیی پێشوو، سەرکەوتنی ئەکتەرەکان گرفتی لەسەر ڕێ بووە. لە ئەنجامدا ناوبانگ و شانازییەکانی ئەم ئەکتەرانە بە هۆی کردەوەی بینەران بەرتەسک دەبێتەوە. ڕۆماننووسێک ڕەنگە هیواداربێت پاش مردنی خۆی بە ناوبانگ بێت، بەڵام ئەکتەرێک دەزانێت کە ناوبانگەکەی بەستراوەتەوە بە سەردەمانی ڕۆڵگێڕانی، هەروەها کارەکتەرەکانی شانۆیەکی تەنیا سێ سەعاتیان بەدەستەوەیە هەتا بەوپەڕی توانستی خۆیانەوە خۆبنوێنن.

ناوبانگی نوسەرێکی مەزن دوور نییە کە هەتا پێنج سەدساڵ پاش مردنیشی درێژەی هەبێت، کەچی ناوبانگی ئەکتەرێکی مەزن بە مردنی دەمرێت، بەڵام ئاگاداربوونی بێناوەڕۆک لە مەزنایەتیی زەمان، گرنگی بەرەکانی داهاتوو ڕەتدەکاتەوە. کامۆ دەڵێت دە هەزار ساڵە هیچ کەس نازانێت کە «گۆتە25» کێ بووە و هیچ کام لە بەرهەمەکانی نامێننەوە. بە نەمربوونی نێوی کەسێک ڕەنگە ئەرخەیانبوونێکی بچووک سەبارەت بەشێوەی بیرکردنەوەی دەربکەوێت، بەڵام لە ئاستێکی بەرفرەدا ناتوانین هیواداربین کە پاش مردنمان هیچ چەشنە نەمرییەک، یان واتای ئەوپەڕئەزموونی بە ژیانمان

ببەخشن. ئەکتەرەکان بە بێ خەیاڵپڵاوکردن دەژین. بیر لەوە ناکەنەوە، کە لە داهاتوو یان پاش مردندا، ڕێزی دەسکەوت و سەرکەوتنەکانیان دەگرن. ئەکتەرەکان بەم ئاگاداربوونە بێناوەڕۆکەوە دەژین، کە هیچ شتێک بێجگەلە خودی ڕۆڵگێڕان گرنگ نییە. ئەوان زیاتر لە هەر هونەرمەندێک بۆ ئەمێستا دەژین.

ئەکتەرەکان هێندە سەرقاڵ نین بە دنیای تایبەتی و ناخی خۆیانەوە. کارەکەیان ئەمەیە کە حاڵەتی ناخی کارەکتەرەکان بۆ ئەوانی دیکە وا بنوێنن، کە درک بکرێن. بۆ ئەوان خودی لێزانی و کاروباری تایبەتیی بایەخی نییە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان، کە خۆیان بنوێنن و وا لێبکەن کە درک بکرێن. تەنیا ئامرازێک کە ئەکتەرەکان بۆ دەربڕینی حاڵەتە ناخییەکانی خۆیان هەیانە، جەستە و دەنگیانە. هەمان جەستە و هەمان دەنگ لە ماوەی قۆناغی کاری پیشەییدا کارەکتەرگەلێکی زۆر دەنوێنن، هەربۆیە ئامرازێکی یەکسان بۆ نواندنی حاڵەتە ناخییە جیاواز و جۆراوجۆرەکان بەکاردەهێندرێت. لەوسەرەوە کە ئەکتەر هەموو شتێک نیشاندەدات و لەبەرئەوەی حاڵەتە ناخییەکان بەهۆی جەستەوە دەنوێندرێت، جیاوازیی نێوان زەین و جەستە و لەمپەری نێوان ناو و دەرەوە دەڕووخێت.

کەنیسە لە زاتیدا دژی ئەکتەرە، لەبەرئەوەی ئەکتەرەکان بۆ ژیانکردن پێ لەسەر گەلێ ژیان دادەگرن و ئەو ژیانانە لەسەردەمی ئەمێستادا دەژین، کەچی کەنیسە لەسەر «ژیان

/ رۆح»ێکی تاک و تەنیا و گرنگیی ژیانکردن بۆ داهاتوو، پاش مردن پێداگریدەکات. ئەکتەرەکان هۆگری چەندایەتی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانن، هۆگری بایەخی ژیانی درێژخایەنن نەک ژیانی تاهەتایی.

**لێکدانەوە**

کامۆ لەگەڵ شانۆنامە نییە. پێش شەڕی دووەمی جیهانی، کاتەکانی خۆی دابەشکردبوو بەسەر رۆژنامەنوسی و گروپی شانۆی پێشەنگ کە بۆخۆی دامەزرێنەری بوو. یەکەم شانۆیی ئەو "کالیگۆلا26» لە ساڵی 1939دا چووەسەر شانۆ. لە شانۆیی کالیگولادا کامۆ پەرژاوەتە سەر باسی پوچی ئەم نامیلکەیە.

رۆڵی ئەکتەری، تیۆری تەوەریی مرۆڤی بێناوەڕۆکی ئایدیالی کامۆیە. بەم پێیە سەیر نییە کە یەکێک لە نمونەکانی کامۆ ئەکتەر بێت. مرۆڤی بێناوەڕۆک ئاگای لەوە هەیە کە ژیانی بێمانایە و هەر شتێکی کە دەیکات (لانیکەم تا ئەو ئاستەی کە لێی دڵنیا بێت)، واتای جیهانیی نییە. ئەم ئاگاداربوونە لەگەڵ مەیلی بەوە کە هەموو شتێک دەبێت جۆرێکی دیکە بێت، کۆدەبێتەوە و ئەم بوارە دەخاتەبەر دمی مرۆڤی بێناوەڕۆکەوە کە زۆر خۆی بە جدی دانەنێت. مرۆڤی بێناوەڕۆک ناتوانێت بەتەواویی خۆی بۆ چالاکییەک تەرخان بکات، هەمیشە دەبێت ئاگای لەوە بێت کە کارەکانی لە ئەنجامدا بێئاکامە. بۆ نموونە کەسێکی بێناوەڕۆک ناتوانێت نووقمی ئەڤین بێت.

ئەو هەمیشە ئاگای لەوەیە کە خۆی و ئەڤیندارەکەی ئاژەڵی ئاسایین کە بەدوای مەیلە سێکسییەکانیانەوەن و کەمتر دەتوانن ئەم غەریزانەیان کۆنترۆڵبکەن. ئەو ناتوانێت هەستی ئەڤیندارانە زۆر بەجدی دابنێت، بەڵام بۆ پاراستنی هەموو چەشنە پەیوەندییەکی مرۆڤیی دەبێت بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکات، کە «وا دەربکەوێت» کە بە جدی دەزانێت. (مرۆڤی بێناوەڕۆک لە روویەکەوە گرنگیی بە هەموو شتێک دەدات، بەڵام ئاگاشی لە دوابایەخە عاتیفییەکانیشی هەیە)، مرۆڤی بێناوەڕۆک دەتوانێت مرۆڤێک بێت میهرەبان و دڵسۆز، بەڵام هەمیشە دەبێت خۆی لە بارودۆخێکی وشیار بە خودی گاڵتەجاڕانەدا رابگرێت، کە ناهێڵێت عاتیفەی بشێوێنێت. لەو سەرەوە کە مرۆڤی بێناوەڕۆک دەبێت بەردەوام ئەم ئاگاداربوونە لە ئاستێکی گەورەدا رابگرێت، بۆئەوەی زۆر لە رووداوەکاندا نووقم نەبێت، کاتێک هەستگەلێکی تایبەت نیشاندەداژ بە جێی ئەوەی بە تەواویی بژیت، تاڕادەیەک رۆڵ دەگێڕێت.

لەم رووەوە ئەکتەر بە تەواویی هەر وەکو سیفەتەکانی مرۆڤی بێناوەڕۆک وایە. ئەکتەرەکان بەردەوام رۆڵی نوێ دەگێڕن و ژیان هەتا بە کۆتا دەنوێنن، بەم حاڵە ئاگاداری ئەوەن، ئەمە ژیانی ئەوان نییە، کە لە بنەڕەتدا هەیانە و دەینوێنن. ئەکتەرەکان دەزانن کە لە ئەڤینە

گەورەکەیاندا [ئەکتەریی] شتێکی ناڕاستەقینە و درۆزنانە هەیە. هەر ڕەنجێکی کە کارئەکتەر نیشانیدەداژ، یان هەر ئەزموونێکی خۆی، پاش ماوەیەکی کورتی سێ کاتژمێریی کە چارەنووسەکەی نوێندراوە، تەواودەبێت و ئیدی هیچ گرنگییەکی نییە.

«جەیمز ود27» دەڵێت لە خودی ئەفسانەی سیزیفدا بەکارهاتنی خوازە قورسە. ئەو دەپرسێت ئاخۆ کامۆ هیچ کات کارێکی کردوە ، بۆئەوەی شێوەیەک بۆ ژیان وەسفبکات، کە بانتر بێت لە نواندن؟ پێدەچێت ژیانی بێناوەڕۆک تاڕادەیەکی زۆر بابەتی، ئەکتەریکردنی وشیارانەیە. کامۆ دەیەوێت رازیمانبکات کە ژیانکردنی ژیانی بێناوەڕۆک، تاکەڕێی راستەقینەی ژیانکردنە، بەڵام ئەم ژیانە زۆرجاران تەنیا نواندنە و هیچی دیکە. لاساییکردنەوەی ژیان و گەشبوونی ئەو مرۆڤانەیە کە بە پێی لێکدانەوەی کامۆ لە راستیدا ناژین.

لەبیرمان نەچێت کە کامۆ تایبەتمەندیی ژیانی بێناوەڕۆکی بە سەربزێوی، بژاردە و تامەزرۆیی پێناسە کردووە. لە ژیانی ئەکتەردا سەرلەبەری ئەم بەڵگانە دەبینین. دژوازیی نێوان مەیلی ئێمە بۆ ”تاکانەبوون و ئاشکرایی“ لە لایەک و بێمانایی ئافرێندراوەکان لە لایەکەی دیکەوە پێناسەی بێناوەڕۆکە و خەبات لە دژی ئەم دژوازییە دەبێتە پێناسەی سەربزێویی مرۆڤی

بێناوەڕۆک. شتێکی کە مرۆڤی بێناوەڕۆک زیاتر لە هەموو شتێک دەیخوازێت تاکانەبوون و ئاشکراییە و خەبات بۆ بەدەستهێنانیشی دەکات، تەنانەت ئەگەرچی دەزانێت خەباتەکەی کردەیەکی مەحکومکراوە. لەلایەکەوە مرۆڤی بێناوەڕۆک دەزانێت، کە هەر رۆڵێکی بیگێڕێت بە رادەی هەموو رۆڵەکانی دیکە بەرتەسک و بێ بنەمایە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەر ئەم رۆڵە جۆراوجۆرانە دەگێڕێت بۆ گەڕانی جدیانە بەدوای واتا و ئاشکراییدا. ئەو دەیەوێت هەتا ئەو جێیەی دەتوانێت ژیانگەلێکی زۆر بژیت و لەبەرئەوەی مەیلی بۆ دۆزینەوەی ژیان هەیە، دەخوازێت جیا لە یاریی رۆژگار بژیت، کە پێیدەڵێت هەمیشە خەریکی رۆڵگێڕانە.

ئەکتەریش ئاگای لە بژاردەی بیرکردنەوە و کردەی خۆی هەیە. لەو سەرەوە کە ئەکتەرێک لە ماوەی ژیانیدا زۆر رۆڵدەگێڕێت، هیچ رۆڵێکی تایبەت نییە چالاکییەکانی دەستنیشانبکات. زۆربەی ئێمە لە ماوەی ژیانماندا تەنیا رۆڵێک دەگێڕین - خۆمان - و بە بێ ئەوەی بمانەوێت کارێک دەکەین کە چالاکییەکانمان بە ئاراستەی بەکردەوەکردنی وێنەیەک ببەین کە لەخۆمانمان وێناکردووە. ئەکتەرێک ئازادە رۆڵی جۆراوجۆرو جیاواز بگێڕێت و زیاتر لە زۆربەی ئێمە لە شێوەیەک ئاگادارە کە وێنەیەک لە خۆ و بڕیار و کردەوەکان رێکدەخات.

مەیلی مرۆڤی بێناوەڕۆک بابەتی ژیانکردنە لە هەنووکەدا و رێزگرتنە لە جدی بوونی ئەزموون. ئەکتەرێک مەیلی خەستی سەدان رۆحی جۆراوجۆر دەگێڕێت و ئا بەمجۆرە لە ماوەیەکی کورتدا خەزێنەیەکی مەزن لە ئەزموونەکان کۆدەکاتەوە.

# مرۆڤی بێناوەڕۆك: سەرکەوتن

**کورتە**

کامۆ لەنێوان ژیانکردن لە هەنوکە و بەدوای ژیانێکی بیرمەندانەدا، ژیانێک کە بیەوێت بە ئایدیالە نەمرەکان بگات، جیاوازیی ورد دادەنێت. لە جۆرەکانی ژیانی دووەمدا ژیانی ئایینییە، بەڵام بەوەوە سنورردارناکرێت. ژیانێک کە لە هەمبەر رووداوەکانی دنیادا سەرقاڵییەکی کەمتری هەیە و سەرنجەکەی زیاتر بۆ پەیوەندیدانی خەڵکە لەگەڵ دنیای دیکە و خودادا. ژیانی سەرکەوتوو لە چەشنی یەکەمە، بە پێی هەڵبژاردنەکەی بە تایبەتیی بۆ ئەو دنیایە دەژیت، کە تێیدایە. باسوخواسە سیاسییەکان بۆ ئەو لەڕادەبەدەر گرنگن

و بە گەرمی تێکەڵاوی خەباتی سیاسی دەبێت. سەیر ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە بێناوەڕۆکە دەبێت ئاگای لە بێ ئەنجامبوونی خەباتەکانی بێت و چاوەڕوانی ئەوە نەبێت بتوانێت دنیا، یان چییەتی مرۆڤ بگۆڕێت. لە ئەنجامدا تاکە سەرکەوتنێکی کە مرۆڤی بێناوەڕۆک رازیی دەکات، سەرکەوتنی هەتاهەتاییە، ئەوەی کە دنیا بۆ هەمیشە دەگۆڕێت و مرۆڤی بێناوەڕۆک دەزانێت کە ئەم چەشنە هەڵکشانە مەحاڵە.

مرۆڤی بێناوەڕۆک بەرەو سەربزێوی و سەرکەوتن رادەکێشرێت، لەبەرئەوەی ئەم دوانە کامڵترین دەرفەت و بوارەکانی مرۆڤیی ئاراستە دەکەن. ئەوانەی وا سەرقاڵن بە شۆڕشی سیاسییەوە سەرنجەکانیان بەتایبەتیی دەخەنەسەر نیاز و شایانبوونی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندیی ئەوان و مرۆڤەکان. ئەم خەڵکانە مەبەست و نییەتەکان بە روونی پێناسەدەکەن و بەم کارە بە تەواویی لە خۆ و توانستەکان ئاگادار دەبن. لە سەربزێویدا مرۆڤەکان لەسوکی و خۆبەزلزانین دەستهەڵدەگرن. لەو کاریگەرییە مەزنانەی کە دەتوانن لەسەر جیهانی دابنێن ئاگاداردەبن، لەم رووەوە شۆڕشگێر یان سەرکەوتوو مرۆڤێکی سەرنجڕاکێشە، نەک لەبەر ئەوەی بەسەر رکەبەرەکانی دەرەوەی خۆیدا سەردەکەوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە لە رووییەکەوە بە درککردنی هەموو توانستە لەناخداهەڵگرەکانی خۆی بەسەر خۆیدا زاڵدەبێت. هەڵبەتە کامۆ بانگەشەی ئەوە

دەکات، کە کەنیسە هەمیشە دژی ئەمجۆرە سەرکەوتووانە بووە، لەبەرئەوەی پرسە دنیاییەکان دەخەنە پێش پرسەکانی دنیای دی.

کامۆ ئەم بەشە لە کتێبەکە بەم خاڵە تەواودەکات کە فریودەر، ئەکتەر و سەرکەوتوو، تەنیا نموونەگەلێکن بۆ مرۆڤی بێناوەڕۆک و ئەم نمونانە تاڕادەیەک زێدەگۆییە. بێناوەڕۆکی ناگەڕێتەوە بۆ شێوازێکی تایبەت لە ژیان، بەڵکو چوارچێوەیەکی تایبەتیی زەینیی دەخوازێت. کارمەندی نوسینگەیەک یان سیاسەتوانێکیش، هەتا ئەوکاتەی ئاگاداریی خۆی لە بەرامبەر بێئەنجامبوون و پوچی سەرلەبەری خەباتەکانی بپارێزێت و سووربێت لەسەر ئەوە کە بەردەوام و راستگۆیانە هەر ئەم چرکەساتە بژی، دەتوانێت بێناوەڕۆک بژی.

### لێکدانەوە

ئەگەرچی سەردێڕی ئەم بەشە «سەرکەوتن»ە و کامۆ وەکو سەرکەوتوویەک باسی ئەم بەشە دەکات، بەڵام پێدەچێت، تاڕادەیەکی زۆر لە ئەزموونەکانی خۆی وەکو ئەندامێکی تەڤگەری خۆڕاگری فەرەنسا لە ماوەی شەڕی سێیەمی جیهانیدا بدوێت. وادیارە سەرنجەکەی بۆ شۆڕش زیاتر خۆڕاگرییە هەتا سەرکەوتن بەسەر دنیادا. لە روانگەی مرۆڤی بێناوەڕۆکەوە هەموو خەباتەکان بێ ئەنجامن و

هیچ سەرکەوتنێکی هەمیشەیی بوونی نییە، بەڵام هەر ئەم خەباتە بەهیوایە سنوری ژیان دیاریدەکات. لەوە دەچێت کامۆ ئاڕمانجی لەکیسچوو، خەباتی لایەنی لاوازتر بەخۆوە دەگرێت، واتە هەمان شوێن کە خەبات تێیدا بەگوڕترە.

ئەگەرچی کامۆ دەخەنە ریزی ئێگزیستەنسیالیستێک یان بڕواکانی لە پەنای ئێگزیستەنسیالیستەکانی دیکەدا شیدەکەنەوە، بەڵام بۆخۆی قەت نێوێکی وای بۆ خۆی هەڵنەبژارد (هەر بەوجۆرەی دیتمان)، مەودای نێوان خۆی و ئێگزیستەنسیالیزمی پاراست. تەنانەت سەرقاڵییە زەینی و مەیلەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئەندێشەی ئێگزیستەنسیالیزمدا جیاوازبوو. هەر بەوجۆرەی لە بەشی دۆن ژوانخوازییدا بە کورتی ئاماژەی پێکرا، بێگومان نیچە لەسەر کامۆ کاریگەریی سەرەکیی هەبوو، لەم بەشەدا ئەم کاریگەرییە بە سانایی دەبیندرێت. کامۆ تەنانەت بەشێک لە زاراوەناسییەکانی28 لە نیچە بە قەرزوەرگرتووە. بابەتی «زاڵبوون بەسەر خۆدا» بۆ نیچە زۆر گرنگە و کورتەلێدوانێک لەسەر چۆنییەتی کەڵکوەرگرتنی نیچە لەم زاراوایە، رەنگە دەری بخات کە کامۆ لە کوێوە هاتووە.

نیچە بەو دەرئەنجامە دەگات کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا بواری لە ناخداهەڵگری لە خزمەتدابوون، یان چوونە خزمەت، فەرماندەربوون، یان فەرمانبەربوون هەیە. مرۆڤەکان لە ئانوساتێکدا (زاراوەی خودی نیچە)، هەم

ئافرێنەرن و هەم ئافرێندراو. نیچە لەسەر ئەوە پێداگریی دەکات کە ئەو هێزە سەرەکییەی ئێمە وەجوڵە دەخات، ئیرادەی بەکارهێنانی «هێز»ە، واتە ئیرادە بۆ پێداگرییکردن لەسەر سەربەخۆیی خۆ و زاڵکردنی ئیرادەمان بەسەر ئەوانی دیکەدا. لە رواڵەتدا ئەم ئیرادەی زاڵکردنی هێزە خۆی وەکو مەیلی ئاژەڵی نیشاندەدات، بۆئەوەی بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بێت و بەچۆکیاندابێنێت. کەسێکی ئاژەڵ سیفەتی لەمجۆرە تەنیا دەیەوێت دەسەڵاتدار بێت و ملکەچی بن، کەسی وریاتر و لێوەشاوەتر رەنگە ئاواتی بەهێزبوونی خۆی بەرەو خۆی وەرسووڕێنێت، بە جۆرێک کە هەوڵبدات ببێتە ئاغای خۆی نەک ئەوانی دیکە. ئەم کەسە فێر دەبێت کە بەسەر غەریزە ئاژەڵییەکەی خۆیدا زاڵبێت، بۆئەوەی سەربەخۆیانە بیربکاتەوە و هەڵسوڕێت. لە حاڵەتێکی ئاوادا ئەو هەم دەسەڵاتدارە و هەمیش دەسەڵاتی پێ جێبەجێ دەکەن. هەم ئافرێنەرە و هەمیش ئافرێندراو. نیچە بەم رەوتی چوونە نێو قووڵایی ژیانی دەروونی و بەپیتکردنی دەڵێت «زاڵبوون بەسەر خۆدا».

بۆیە بە رێکەوت نییە کە کامۆ دەڵێت: گرنگیی خەباتی شۆڕشگێڕانە ئەوە نییە کە زاڵبێت بەسەر ئەوانی دیکەدا، بەڵکو زاڵبوونە بەسەر خۆدا. لەئاکامدا سەرکەوتن بۆ سەرکەوتووان بەهەمان رادەی ناوبانگی پاش مەرگ بۆ ئەکتەر بێناوەڕۆکە. بۆ هەریەکیان تەنیا دەسکەوتێکی

گرنگ، چەشنێک دەسکەوتی میتافیزیکییە. شتێک کە بە پێی جۆرێکی ستاندارد تاڕادەیەک واتا بە ژیان و کارەکانیان ببەخشێت. بەم حاڵە هەردووکی ئەمانە - شۆڕشگێڕ و ئەکتەر - ئاگایان لە بارودۆخی پوچی خۆیان هەیە و لەوە تێدەگەن کە لەم ژیانەدا هیچ ناوەرۆکێک، یان سەرکەوتن و هەڵکشانێک نییە. سەرکەوتنە کەمبایەخەکان بەشێوەیەکی مەزن بارودۆخی هەنووکەیی ناگۆڕن. سەربزێو بەو بارودۆخە بێناوەڕۆکەوە دەزانێت، کە سەرکەوتنێک بەسەر فەرماندەرێکی زاڵمدا، واتا بە ژیان نادات. بەم پێیە سەرکەوتن، یان دۆڕانی ئەو لە خەباتەکانی لەئاکامدا بۆ داهاتوو گرنگی نامێنێت. سەرەڕای ئەمانە خودی خەبات وزەی مرۆڤی بێناوەڕۆک لە ئاراستەیەکدا چڕدەکاتەوە، کە لە دنیای دەوروبەریدا داهێنەرتر و زیاتر خۆی تێکەڵاوی ململانێ دەکات. هەرچەند خەباتەکانی ئەو رەنگە نەبنە هۆی زاڵبوون بەسەر ئەو هێزە سیاسیانەی نەیاریانە، بەڵام فێریدەکات کە بەسەر خۆیدا زاڵبێت و بە جوڵەی بەرەوپێشەوەی لەگەڵ بێناوەڕۆکی و توندوتیژیی ژیان بەرەوڕووبێتەوە.

ئەگەرچی دەتوانین ژیانی خودی کامۆ، لە چوارچێوەی نموونەکانی فریودەر و ئەکتەردا بخوێنینەوە، بەڵام سەرکەوتنی بە ئاشکرا ئەوتۆبیوگرافییە. ئەو کاتێک ئەفسانەی سیزیفی نوسی کە لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا بۆ تەڤگەری خۆڕاگریی فەرەنسا خەباتی دەکرد. لە لێدوانیدا

سەبارەت بە سەرکەوتوویی، وێنەی پیاوێک دەبینین کە بەو رادەیە ململانێی خەباتی سیاسیی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو خەبات بەسەریدا دارِماوە. هیچ سووکایەتییەکی ئەخلاقیی لە بەرامبەر فەرماندەرە زاڵمەکەی هەست پێناکرێت، بەڵکو هەستدەکەین کە حاکمی سەرکوتگەر، بۆتە هۆی ئەوەی سەربزێویی ببێتە تاکە شێوەی ئەرخەیانبەخشیی ژیان. ئەمەش لەژێر دەسەڵاتی رژێمی داگیرکاریی نازییەکاندایە کە بەتەواویی ئازادیی فەرانسەییەکانی بەرتەسک کردبۆوە. بەتایبەتیی ئازادیی را دەربڕین - تەنیا رێی دەربازبوون بۆ دەربڕینی بارودۆخی خۆ و ئاگاداربوون لە بارودۆخی خۆی - خۆڕاگریی بوو.

لە کۆتاییدا ئیزن بدەن سەرکەوتوو بە سێ تایبەتمەندیی مرۆڤی بێناوەڕۆکەوە گرێ بدەینەوە: سەربزێوی، بژاردە و تامەزرۆیی. سەرکەوتوو بە واتای راستەقینەی وشە بە ئاشکرا سەربزێویی دەکات، بەڵام نارەزایەتییەکەی لە هەمبەر هێزە سیاسیەکانە کە لە دژیان خەبات دەکات. دژی ئەم راستەقینەیەشە (کە ناتوانێت خۆی لێ لابدات)، خەباتەکەی بارودۆخە گشتییەکەی هەنوکە ناگۆڕێت. بژاردەکەی رێک پەیوەندی هەیە بە ململانێ سیاسییەکەی. مرۆڤی بێناوەڕۆک لە سەربزێویدا، ئەو پرەنسیپ و یاسا و رێسایانە قبووڵناکات کە ئەوانی دیکە بەسەریدا دەسەپێنن و لە پێناو ئازادییەکەیدا شەڕدەکات هەتا بەوجۆرەی بۆخۆی دەیەوێت بجوڵێت و

بیربکاتەوە. هەر بەو شێوەیەی کامۆ ئاماژەی پێدەکات، مرۆڤی بێناوەڕۆک لە خەباتدا وزەکەی لەسەر زەمانی ئەمێستا، لەسەر خۆی و خەڵکانی دەوروبەریدا چڕدەکاتەوە، ئەو هەستە راستەوخۆیە رێک هەمان مەبەستی کامۆیە لەبارەی تامەزرۆییەوە.

## خوڵقانی بێناوەڕۆك:
## فەلسەفە و چیرۆك

**کورتە**

لە سێیەم بەشی نامیلکەکەدا، کامۆ وەکو هەوێنی ژیان لە ئافراندنی هونەری، بە تایبەتی چیرۆکنوسی دەکۆڵێتەوە.

ژیانی مرۆڤی بێناوەڕۆک، هەر بەو چەشنەی کە دیتمان، چەشنێکە لە پانتۆمیم. مرۆڤی بێناوەڕۆک، لەبەرئەوەی ئاگادارە کە کردارەکانی بێناوەڕۆک و بێواتایە، ناتوانێت کارەکانی خۆی تەواو بە جیدیی بزانێت. بەجێی ئەوەی لە ژیانیدا بە تەواویی سەرقاڵی کردارەکانی خۆی و کرداری بەرامبەری بێت، بە چەشنێک پانتۆمیم ژیانی خۆی کایە دەکات.

ئەگەر ژیانی بێناوەڕۆک پێشکەشکردنی پانتۆمیمە، کردەی خوڵقاندن گەورەترینی پانتۆمیمەکانە. هونەرمەندێک، هەموو دنیا دادەهێنێت، کە لە دنیای ئێمە دەچێت. مرۆڤی بێناوەڕۆک هیوایەکی بە روونکردنەوەی ژیان نییە، بەڵکو تەنیا هیواداره کە راڤەیبکات: هونەری لایەنەکان یان دیمەنە دووره جۆراوجۆرەکانی ژیان نیشاندەدات، بەڵام ناتوانێت هیچ شتێکی پێ زیادبکات. لە هونەردا وەکو خودی ژیان، واتا یان گەشەکردن نادۆزرێتەوە، بەڵام کردەی داهێنەرانەی تاک بۆ پێداگریی لەسەر روانگەی تایبەت بە خۆی، سەبارەت بە دنیا، سەربزێوی و بژارده و تامەزرۆیی مرۆڤی بێناوەڕۆک بە گونجاوترین شێوە دەردەخات.

ئێمە کاتێک لە ژیانماندا بەرەوڕووی دژوازیی سەرەکی بێناوەڕۆک دەبینەوە ، نیگەران دەبین و تامەزرۆییمان بۆ بیرکردنەوە و ئافراندن هەر بەهۆی ئەم نیگەرانییەوەیە. هەر بەو جۆرەی کە لەبەشی یەکەمدا دیتمان، بە گشتی بیرمەندان هەوڵدەدەن بە بازدان بەرەو ئیمان و هیوا، خۆ لەم دژوازییە ببوێرن. کامۆ دەپرسێت کە ئاخۆ هەر ئەمە سەبارەت بە داهێنەریش هەروایە: ئایا کەسەکان ناچارن هەوڵبدەن کە بە هۆی هونەرەوە لە بێناوەڕۆکی رابکەن؟ یان ئاخۆ شتێک بەناوی هونەری بێناوەڕۆک هەیە؟

کامۆ دەبێژێت کە بە گشتیی هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی هونەر و فەلسەفە ناڕوون و نەگونجاوە و بۆخۆی بەتایبەتی دەپەرژێتەسەر ئەم پرسە کە کاتێک فەیلسوف لە ناخی

سیستمی خۆیدا کاردەکات و هونەرمەندیش لە دەرەوەدا دەخولقێنێت، هەم هونەرمەند و هەم فەیلسوف روانگەی تایبەتی خۆیان لە دنیا کۆپیدەکەن و دەبێت خۆیان لەو روانگەیەدا جێگیربکەن، هەتا داهێنەربن.

هونەری بێناوەڕۆک، دەبێت قەناعەت بکات بە راڤەکردن و لە روونکردنەوە خۆی ببوێرێت. ئەم هونەرە بۆ نیشاندانی شتێکی مەزنتر، چەشنێک واتا یان شتێک کە لە ژیاندا ببێتە هۆی ئارامیی هەوڵنادات. راست وەکو مرۆڤی بێناوەڕۆک، کە ناتوانێت هیوایەکی بە پێشەڤچوون هەبێت، هونەری بێناوەڕۆکیش ناتوانێت بەڵێنیی پێشەڤچوون بدات. هونەری خراپ بۆ پێشکەشکردنی هونەرێکی جیهانیی لە بارودۆخی بەردەست، خۆی لەژێر ئاکاری ناڕاستگۆیانە دەپلیشێنێتەوە، هونەری چاک قبووڵی دەکات کە تەنیا دەتوانێت روانگەیەکی تایبەت، گرتەیەکی تایبەت لە ئەزموون وێنابکات. هەموو شتێک لەم هونەرەدا چ بابەتی رەهابێت، یان گشتیی دەچێتە ئاستی دەربڕینی ناڕاستەوخۆهوە. هونەرمەندێکی چاک لە ژیانیشیدا هەر چاکە: لەبەرامبەر چییەتیی پڕلەکەفوکوڵی ئەزموونەکاندا هەستیارە و بەشێوەیەکی روون و راشکاوانە دەتوانێت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بیخاتە بەرباس.

هونەرە دیدارییەکان و مۆسیقا بەشێوەی ئەزموونیی کاریگەریمان لەسەردادەنێن. بەم پێیە بۆ ئەم هونەرانە گران نییە بگەنە ئاڕمانجی بێناوەڕۆکی راڤەی بەدوور لە روونکردنەوە. بەمحاڵە زمان بۆ روونکردنەوە گونجاو و

لەجێگەی خۆیدایە و کامۆ پێی سەیرە، کە رۆمان چۆن بێناوەڕۆک دەبێت. نوسەری چاک وەکو فەیلسوفێک گشت دنیا دەخولقێنێت، هەروەها لەوێدا جێ خۆشدەکات. بەم حاڵە راگەیاندنی ئەو لە رێگەی واتا و وێنەکانە، نەک بەڵگە هێنانەوە، لەبەرئەوەی بۆ روونکردنەوەی بابەتەکان، بەر لە هەموو شتێک لە دەربڕینی راشکاوانە کەڵکوەردەگرێت. نوسەری بیناوەڕۆک بۆئەوەی بەڕاستیی بمێنێتەوە، دەبێت هەمیشە لە بێناوەڕۆکبوونی کارەکەی ئاگاداربێت: بەرهەمەکەی هیچ کات روونبوون، یان بەرەوپێشچوون بۆ ئەو، یان ئەوانی دیکە بە دیاریی ناهێنێت.

**لێکدانەوە**

هیوا و زێدەخوازیی هاندەری جووڵەی تاکێکە، کە ژیانی ئاساییە و هیچ زانیارییەکی لەسەر پوچی نییە. بەپێی هەستپێکردن شتگەلێک لە ژیاندا هەن، کە «بایەخی ئەنجامدان»یان هەیە. کامۆ ناشارەزایانە، زۆربەی جاران ئەو بۆچوونە باوە، کە دەڵێت کارەکانی ژیان بایەخی ئەوەیان هەیە ئەنجامبدرێن، گرێدەداتەوە بەم بۆچوونە کە ژیان دەبێت واتای هەبێت. پەیوەندییەکی لەمجۆرە کەمێک جێی گومانە، بەڵام پێداگریی سەرەتا، واتە ئەم گریمانە لەسەر پێیەی زۆربەی خەڵک راستە کە پێیانوایە «ژیان بایەخی ژیانکردنی هەیە«. لە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا، مرۆڤی بێناوەڕۆک بەم وشیارییەوە دەژیت، کە هەرچی ئەنجامی بدات بێبایەخە.

مرۆڤی بێناوەڕۆک لە بنەڕەتدا بە بێ خەیاڵکردن دەژیت. بە بڕوای ئەو لە ئاکامدا هەموو پێویستی، دڵخۆشی و بیر و بۆچوونەکانی کەمبایەخن. لە هەمانکاتدا بێجگەلە درێژەدان بە ژیان هیچ رێگەیەکی دیکەی نییە. دەبینێت کە باقی خەڵکانی دیکە نەستکردانە دەوری خۆیان دەگێڕن و بە پێی بژاردەی خۆی لەگەڵ ئەوان رۆڵدەبینێت. لەو سەرەوە کە ئەو ئاگاداری پوچی دنیایە، لە دەورگێڕانی خۆشی ئاگادارە، کەچی کەسێکی ئاسایی، شاد و بە کەیف و گێل دەمێنێتەوە.

ئەگەری زۆر زۆرە کامۆ ئەو وتەیەی شکسپیر پشتڕاستدەکاتەوە کە : «هەموو دنیا دیمەنی شانۆن و هەموو پیاوان و ژنان دەورگێڕن و هیچی دیکە«. کامۆ بەم وتەیە کە مرۆڤی بێناوەڕۆک دەزانێت تەنیا، تەنیا ئەکتەرە، مرۆڤی ئاسایی و فریودراو پێیوایە شتێک لە ئەکتەر بانترە، مرۆڤی بێناوەڕۆک لە کەسی ئاسایی جیادەکاتەوە.

لە هەمان سەردەمی ئەرستۆ (و تەنانەت پێش ئەویش)، ئەم بۆچوونە باو بوو کە هونەر لاسایی ژیان دەکاتەوە. یۆنانییەکان بۆ وەسفکردنی هونەری شانۆیی کە لاساییەکە لە ژیان، وشەی mimesis یان بەکاردەهێنا، کە چاوگەکەی لە وشەی mime -ی ئینگلیزییە. کاتێک کامۆ باسی مرۆڤی بێناوەڕۆک و ژیانە پانتۆمیمییەکەی دەدوێت و دەشڵێت کە گەورەترین پانتۆمیمەکان کردەیەکی داهێنەرانەن، ، تاڕادەیەکی زۆر وێنایەکی یۆنایی لە مێشک دایە.

هونەر لاساییکەرانەیە، لەبەرئەوەی لاسایی ژیانی راستەقینە دەکاتەوە. کامۆ دەڵێت ژیانیش لاسایی دەکرێتەوە و لە ئەنجامدا ئەکتەرگەلێکین لەسەر شانۆ و نەستکردانە دەورەکانی خۆمان دەگێڕین، بەڵام «ژیانی راستەقینە» چییە کە ئەم لاسایی ژیانی لێدەکاتەوە؟ کامۆ دەڵێت ئێمە لەژێر کاریگەریی خەیاڵدا ژیان دەکەین، بەمجۆرە کە ژیان واتای هەیە و رۆحی مرۆڤ لەناو دەچێت. ئێمە دەورەکانی خۆمان دەگێڕین و ژیانێکی واتادار دەنوێنین. مرۆڤی بێناوەڕۆکیش ئاکارێکی هاوشێوەی لەم جۆرەی هەیە، بەڵام وشیارە کە تەنیا خەریکی ئەم چەشنە نواندنەیە. بەمجۆرە لەوەدەچێت کە وشیاریی چەند قاتبووی مرۆڤی بێناوەڕۆک شتێکی زیاتر لەو وشیارییەی پێنادات، کە ژیانەکەی شانۆنامەیەکە.

کامۆ لە شیکردنەوەی هونەری بێناوەڕۆک بۆ نوسەران پێشنیاردەکات کە خۆیان بە وەسفکردنی جیهانەوە خەریک بکەن و هەوڵنەدەن روونیبکەنەوە. روونکردنەوە هەوڵێکە بۆ داسەپاندنی رێکوپێکی بەسەر ئەزموونەکان، تێگەییشتنە لە دنیا و بەم بۆنەوە هەوڵدانە بۆ چوون بەرەو ئەوپەڕی قبووڵکردن و تەنیا ئاگاداربوونە لە نائەقڵانیبوونی بوونەوەران. هونەرمەندی بێناوەڕۆک لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدات دۆخی دنیا روونبکاتەوە، تەنیا دەبێت بەوجۆرە دنیا وەسفبکات، کە دەیبینێت. کامۆ دەڵێت هونەرمەند دەبێت بۆ پڕکردنەوەی (بۆشاییەکانی) دنیابینییەکەی لە وێنەکان کەڵکوەربگرێت. چیرۆکەکانی خودی کامۆ پڕن

لە وێنەسازییە بەپیتەکان: ڕووداوەکانی بەناوبانگترین ڕۆمانەکەی بە شێوەیەکی لەبیرنەکراو لە وڵاتی وشک و کاتۆری جەزائیردا ڕوودەدەن. ئەفسانەی سیزیفیش پڕە لە وێنەکان. کامۆ ناڵێت دەبێت هونەر بەوپەڕی وەفادارییەوە دنیا هەر بەوجۆرەی کە هەیە کۆپی بکاتەوە، بەڵکو دەڵێت هونەرمەندان دەبێت بە چەشنێک هونەرەکەیان بەکاربهێنن، کە تێڕوانینی نایابی خۆیان بەسەر دنیادا بڵاوبکەنەوە. هەموو هەوڵێک بۆ وتنی «ژیان ئەوەیە» شەرمەزارە بە دۆڕان و هونەرمەندان دەبێت بە متمانەوە بڵێن کە «لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دنیا واتە ئەوە».

پێدەچێت کامۆ ئەو بنەمایانە دەخاتەژێرپێ کە بۆخۆی لەم نامیلکەیەدا دایناوە. شێوازەکەی ڕێک هەمانشێوازە، کە بۆ نوسینی چیرۆک ڕایدەسپێرێت، بەڵام ئەفسانەی سیزیف چیرۆک نییە. ئەگەرچی ئەفسانەی سیزیف ئەندێشەکان بە چەشنێکی هونەرمەندانە دەردەبڕێت، بەڵام هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی «ژیان ئەوەیە». ڕەنگە یەکێک لە شێوازەکان بۆ بەرگریکردن ئەم خاڵە بێت کە ئەفسانەی سیزیف لە بنەڕەتدا ئەو بنەمایانە پێشێلبکات، کە بۆخۆی دایناون، بەڵام ئەمە پێشلکردنێکی پێویستە. ئەگەر کامۆ هەوڵی نەدەدا فەلسەفەی پوچی خۆی ڕوونبکاتەوە، ئێمە لەوە تێنەدەگەیشتین کە ئەم شیکردنەوەیە نابەجێ بوو. ویتگنشتاین29 لە (Troctatus Logico – Philosophicus30) هەر پشت بەم بەڵگەهێنانەوەیە

دەبەستێت، بەچەشنێک کە لە کۆتاییدا پێداگریی دەکات لەسەر قۆڕیاتبوونی رستەکانی خۆی، بەڵام ئێمە تەنیا بە خوێندنەوەی رستەکانی بەوە دەگەین کە رستەکان قۆڕیاتن و " بە دروستیی دنیا دەبینین". بەم حاڵە کامۆ بە پێچەوانەی ویتگنشتاین بەوە نازانێت، کە بەرهەمەکەی رەنگە بەم جۆرە ناکۆک بێت لەگەڵ خۆی و هەوڵنادات خۆی لەم تووشبوونە رزگاربکات.

# خوڵقانی پوچی:
# کیریللۆڤ[31]

**کورتە**

کامۆ بەشێوەیەکی بابەتییانە لە بەرهەمەکانی دایستۆڤسکی32 دەکۆڵێتەوە. بە تایبەتی گۆشە نیگایەکی لە داگیربووەکان33 (Demons)ە. بە پێی وتەی کامۆ، دایستۆڤسکی لە بەڵگەهێنانەوەی بێناوەڕۆکەوە دەستپێدەکات و ئەم بەڵگەهێنانەوەیە سەرقاڵی ئەوە. لە روانگەی دایستۆڤسکیدا یان خودا و ژیانی پاش مردن هەیە و ژیان واتای هەیە، یان ژیان بێواتایە و هەموو کردەکامان بێناوەڕۆکن و ژیان شتێک نییە، بێجگە لە گاڵتەیەکی بێبەزەییانە. دایستۆیەڤسکی نوسەرێکی مۆدێرنە کە کەڵکەڵەی پوچی هەیە، لەبەرئەوەی لە پێشدا هۆگری میتافیزیک و واتای ژیانە، بەڵام چونکە هونەرمەندە و

فەیلسوف نییە ناپەرژێتەسەر پرسە سەڵتەکان، بەڵکو لە چۆنیەتیی کاریگەریی ئەم گرفتانە لەسەر ژیانی تاکەکان دەکۆڵێتەوە.

لە کتێبی داگیربووەکاندا، کیریللۆڤ کارەکتەرێکە خۆی دەکوژێت و بۆخۆی بەم کردەیە دەڵێت «خۆکوژیی لۆژیکیی». بۆ ئەوەی ژیان بایەخی ئەوەی بێت کە بۆی بژیت، خودا پێویستە هەبێت، بەمحاڵە کیریللۆڤ بەوە رازیی بووە، کە خودا ناتوانێت هەبێت. خۆکوژیی ئەو لە بنەڕەتدا سەربزێوییە دژ بەو خودایەی کە نییە. لەم رووەوە ئەو کارئەکتەرێکە بێناوەڕۆک کە پاڵنەری کردەکەی سەربزێوییە و ئەو کردەیە لە رووی هەڵبژاردنەوە ئەنجامدەدات و خۆی دەکوژێت. بەمحاڵە کامۆ دەڵێت کە ئەم خۆکوژییە لە بێهیواییەوە نییە، بەڵکو داهێنەرانەیە و کیریللۆڤ بەم کردەیە بە چەشنێک هیواداره ببێتە «خودا».

بەڵگەهێنانەوەی کامۆ بە پێداگرییەکی نائاساییەوە دەستپێدەکات کە خودا نەبێت، بەمجۆرە کیریللۆڤ خودایە. لە دنیابینیی کریستیانییدا هەموو شتێک پەیوەستە بە ئیرادەی خودا و هەرچی دەکەین لە خزمەتی خودادایە. ئەگەر خودا نەبێت هەموو کارەکان بە پێی ئیرادەی ئازادی خۆمان دەیکەین و کردەی خۆمان لە خزمەتی خۆماندایە. لە دنیای بێخودادا ئێمە خۆمان ئەو جێگایە دەگرینەوە کە خودا دەبێت هەیبێت.

بەم حاڵە گرفتەکە ئەوەیە، کە تەنانەت لەدنیای بێخودادا، زۆربەی خەڵک هەروا بە هیواوە دەژین و ناتوانن ببنە هەڵگری میراتی بژاردەی خۆیان. لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ دەروویەک نییە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لە رووی هەڵبژاردنەوە بژین. کەچی هەر بەوجۆرەی کیریللۆڤ دەیەوێت نیشانی بدات، ئەگەری هەیە بە ویستی خۆیان بمرن. خۆکوژیی ئەو بە گشتیی هەوڵدانێکە بۆ قوربانیکردنی خۆی هەتا بە دنیای نیشانبدات کە ئازادیی هەموومان بێناوەڕۆکە، بەم پێیە ئەوانەی چاو لە دەمی ئەون رەنگە بتوانن بە ئازادییەکی زیاترەوە بژین.

دایستۆڤسکی لە بەشی کیریللۆڤ و ئەو پرسانەی کە بە گشتیی دەیهێنێتە ئاراوە، دنیابینیی بێناوەڕۆکمان پێشکەش دەکات. کەچی دایستۆڤسکی لە ئاکامدا لە ئەنجامە بێناوەڕۆکەکان رادەکات و بەرەو بڕوا هەنگاودەنێت. دوایین رۆمانەکەی، برایانی کارامازۆڤ34، بە پشتڕاستکردنەوەی ئالیوشا35 تەواو دەبێت کە ژیانی پاش مردن هەیە. ئەگەرچی دایستۆڤسکی لەگەڵ واتای بێناوەڕۆک دەستەویەخەیە، بەڵام لە ئاکامدا هیوادارە بە خودا.

**لێکدانەوە**

دایستۆڤسکی لەگەڵ کیرکەگۆر و نیچە، زۆربەی جاران بە یەکێک لە مەزنترین سەرچاوەکانی ئیلهامی بزاڤی ئێگزیستانسیالیزمی سەدەی نۆزەدەیەم دادەنرێن.

دایستۆڤسکی وەکو کامۆ رۆماننوسێکە بە کەڵکەڵەی فەلسەفییەوە. لەوەدەچێت هەریەکیان مەیلێکی وایان نییە هەتا ئیمتیازی رێژەیی بارودۆخە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکان بناسن، زیاتر دەخوازن لە بارودۆخە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکاندا تێبگەن. کەڵکەڵەی مەزنی کامۆ لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا رێک ئەوەیە کە دەستنیشانیبکات چۆن، ئایا تاک دەتوانێت بە ئاگاداریی تەواو لە پوچی بژیت. دایستۆڤسکی بەردەوام دەپەرژێتەسەر پرسی برِوا و تەواوی واتاکانی ناو دنیای بێخودا. هەریەکیان بەیەکەوە ئاگادارن کە زۆرینەی خەڵکی لە ئاستی عەقڵانیدا بۆچوونی پوچی، یان نەبوونی خودا پشترِاست دەکەنەوە، بەڵام لە راستیدا لە ئەنجامی ئەو پشترِاستکردنەوەی ژیانکردندا بابەتێکی دیکە هەیە.

جیاوازییەک کە رەنگە لە نێوان دایستۆڤسکی و کامۆدا هەبێت ئەوەیە، کە دایستۆڤسکی لە ئاکامدا بەو دەرئەنجامە دەگات کە بە بێ برِوا ناتوانین ژیان بکەین، بەڵام کامۆ برِوایوایە کە دەتوانین. لە «تاوان و سزا36»دا راسکۆلنیکۆڤ37 پاڵەوانی رۆمانەکە، بەمەبەستی تاقیکردنەوەی رادەی ئازادییەکەی، دەکوژێت. لە ئاکامدا تووشی ئازاری ویژدان دەبێت و دانی پێدادەنێت و لە کۆتایی رۆمانەکەدا ئیمان دێنێت. لە برایانی کارامازۆڤدا خۆدا نەناسیی لە ئاکامدا ئیوان کارامازۆڤ38 شێت دەکات، بەڵام برا گەنجترەکەی، واتە ئالیوشا کە بە خۆشحاڵییەوە دەیەوێت برِوا بهێنێت، باشتر دەردەکەوێت.

جیاوازیی راسکۆلنیکۆڤ، ئیوان کارامازوڤ و کیریللۆڤ لەگەڵ زۆربەی خودانەناساندا ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێت هەمیشە بە پێی بنەماکانی خۆیان بژین. بۆ ئەوان هەر ئەوە بەس نییە، کە سووربن لەسەر بژاردەی خۆیان و پێداگربن وەکو پێشوویان بژین. دەبێت بە وردیی لە خۆیانی روون بکەنەوە کە ژیانی بە بێ خودا چەندە جیاواز دەبێت و هەوڵدەدەن بە پێی ئەو رێسایە بژین. ئەم رێگایە بۆ راسکۆلنیکۆڤ بە کوشتن دەگات، بۆ ئیوان دەبێتە شێتبوون و بۆ کیریللۆڤ دەبێتە خۆکوژی. بەهەمانشێوە کامۆ دەیەوێت کارئەکتەرەکانی بە پێی هەر ئەو فەلسەفەیە بژین کە خۆی پەروەردەی کردووە. میورسۆ39 و کالیگۆلا ئەو دوو کارئەکتەرەی کامۆ لە کاتی نوسینی سیزیفدا خولْقاندنی، بە ئاسانی ژیانی خۆیان لە ئاستی ئەقلانیدا قبووڵناکەن، هەروەها کامۆ لەم کارئەکتەرانە کەڵک وەردەگرێت، هەتا بەو دەرئەنجامە بگات، کە ژیانی بێناوەڕۆکی خاوەن بنەما بە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ژیانی پێوەردا هەیە.

زۆرینەی ناکۆکی نێوان کامۆ و دایستۆڤسکی ئەگەرچی شەست بۆ حەفتا ساڵ مەودای مێژوویی و کولتوریی جیاوازیان هەیە، بەڵام شایانی باسکردنن. هیچ پێویستییەک نییە کە ئەم دوانە دژی یەک بن. لە روسیای دایستۆڤسکی دا وێدەچوو ژیانی داماڵدراو لە خودا مەحاڵ بێت کەچی لە فەرەنسای کامۆدا بە رواڵەت ژیانی بێ خودا پێویست بوو. بە دڵنیاییەوە لە باسی داگیربووەکانی کامۆدا، پێدەچێت

کامۆ لەو سەردەمدا ئەوەی قبووڵکردبوو کە خۆکوژیی تاکە جێگرەوەی بڕوا بە خودایە.

کامۆ ئەم بەشەی لە کتێبەکەدا ئاوا کردووە، بۆئەوەی بیزانێت ئاخۆ نوسەرێکی کە بنەماکانی نهیلیزمی قبووڵکردووە، دەبێت بەو بنەمایانە وەفادار بمێنێت. بەرواڵەت دایستۆڤسکی بەم دەرئەنجامە دەگات، کە ئەگەری هەیە نوسەرێک پوچی بناسێتەوە، بەڵام بە پێی بنەماکانی، ژیان نەکات. لە بەشی یەکەمی ئەفسانەی سیزیفدا کامۆ نیشانیدەدات کە فەیلسوفە ئێگزیستانسیالیستەکان وەکو یاسپێرس، کیرکەگۆر و چێستۆڤ بنەماکانی نیهیلیزمیان ناسیوە، بەڵام دواتر بە جێی ئەوەی بنەماکانی قبووڵبکەن، بەرەو بڕوا باڵیانگرتووە. لەم بەشەدا کامۆ دەریدەخات، کە ئەوشتەی لە رووی فەلسەفییەوە بۆ ئەو چەشنە بیرمەندانە ڕاستدەگەڕێت، سەبارەت بە دایستۆڤسکیش لە پێگەی نوسەردا راستە. هەستی ناسینی پوچی هەر تەنیا بە واتای خوڵقاندنی چیرۆکی بێناوەڕۆک نییە.

# خوڵقاندنی بێناوەڕۆك:
# خوڵقاندنی کورتخایەن

**کورتە**

نموونەکەی دایستۆڤسکی دەریدەخات، کە بەردەوام دەستەویەخەبوون لەگەڵ دژوازیی بێناوەڕۆکیدا دژوارە. ئەگەرچی دایستۆڤسکی بە تامەزرۆیی لە محەکدانی پوچیەوە دەستپێدەکات، بەڵام لە ئاکامدا قبووڵیدەکات، کە هیوا بە ژیانێکی دیکە بێتە ناو باسەکەوە. کامۆ تەنیا باسی رۆمانێک دەکات، کە بە بۆچوونی ئەو ئەویش تەواو بێناوەڕۆکە، «مۆبی دیک40»ی مێلڤیل41. کامۆ دەبێژێت کە نەبوونی رۆمانی بێناوەڕۆک بە هەمان رادەی زۆربوونەکەی نرخی هەیە. بە سەرنجدان بەو بەرهەمە هونەرییانەی کە بە ئامانجی پوچی نەگەیشتوون، زۆر شت سەبارەت بەوەی کە هونەری بێناوەڕۆک پێکیهێناوە فێردەبین. تێدەگەین

که هیواداربوون، خواستنی تاکانەبوون و دیسیپلین چەندە ئاسانە و بە درککردنیشی لەم گرنگە دەگەین، کە بەردەوام وشیاریی خۆمان لەبارەی پوچی تەواوی هیواکان بپارێزین.

کامۆ دەڵێت هونەرمەندی پوچی دەبێت بەردەوام زەینی خۆی لە هیوا بە ژیانێکی بێجگە لە ئەوە بەتاڵ بکاتەوە و چاوەڕوانی نەبێت. هونەرمەندی پوچی سەرچاوەی ئیلهامی خۆی رێک لەم روانگە نەرێنییەدا دەدۆزێتەوە و بە زانینی بێناوەڕۆکبوونی بەرهەمەکەشی، دیسان هەر کار دەکات. ئەم هونەرمەندە دەبێت فاتیحای وێنای ژیان، یان دنیایەکی گەورەتر لەو شتەی کە دەیبینێت بخوێنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا هەر لەم ژیانە زیاترین سوودوەربگرێت. سیستماتیکبوون و راشکاویی زەینیی، کە بۆ داهێنانی هونەرمەند پێویستە هاوکاریدەکات تا تێگەییشتنی وشیارانەی لەمەڕ پوچی بپارێزێت. هەرچەندە ئەزموونەکانی بەپیتتربن، هونەرەکەی وەکو رەنگدانەوەیەک لە تێگەییشتنی ئەو لە پوچی، دەچێتە ئاستی تۆمارکردنی ئۆتوبیوگرافیکی کە بە دوای گۆڕانکارییەکانی هەستکردیدا دەچێت.

ئەم وتەیە کە هونەرمەندان دەبێت بەردەوام تێگەییشتنی خۆیان لە بنەما سەڵتەکانی پوچی بپارێزن، بەم مانایە نییە کە هونەرەکەیان دەبێت بۆچوونی فەلسەفەیی بخاتەبەردەست، کە بنەمای بەڵگەهێنانەوەی بێناوەڕۆکە. رۆمان نامەی فەلسەفیی نییە کە جلکی خەیاڵکردن لەبەربکات. روانگەیەکی

تایبەت لە دنیا دەردەخات، کە مەبەستەکەی رادەربڕینی دیار و یەکدەست سەبارەت بە چییەتی مرۆڤ نییە. بۆ مرۆڤی بێناوەڕۆک شتێک بە ناوی هیوا یان تێزی فەلسەفیی بوونی نییە و هونەری بێناوەڕۆکیش نابێت ئاماژە بە هیچکام لەم شتانە بکات.

کامۆ باسی جۆراوجۆریی ژیان پووخت دەکاتەوە و دەڵێت کە ژیان بە مردن کۆتایی پێدێت، بەڵام هەتا ئەوکات هەموو شتێک بە خۆمانەوە گرێدراوەتەوە. ئەگەر بە ئەندێشەی هەبوونی ژیانی پاش ئەم ژیانە نەبەسترێینەوە - یان سەرەڕای هەبوونی بوونەوەرانی باڵادەست کە چاک و خراپ دەستنیشاندەکەن - ئەوکات ئەم ژیانە بە تەواویی دەبێتە هی خۆمان و هەرجۆرێکی کە پێمان باش بێت دەژین.

### لێکدانەوە

سەردێڕی ئەم بەشە «خولْقاندنی کورتخایەن» بە باشیی خاڵی ناوەندیی کامۆ کۆدەکاوە: خولْقاندنی بێناوەڕۆک خولْقاندنێکی کورتخایەنە. هونەرمەندی بێناوەڕۆک هیوایەکی بە وەڵامدانەوە، یان دەربڕینی بانگەوازێکی گرنگ و هەرمان نەماوە. بەجێی ئەوە هەوڵدەدات دنیا هەر بەوجۆرە نیشانبداتەوە کە دەیبینێت، لە هەمان حاڵدا تەواو دەزانێت کە وردە وردە هەم خۆی و هەم هونەرەکەی دەبنە بابەتێکی دابڕاو، بزر و دەمرن. کامۆ بە پێچەوانەی زۆربەی بیرمەندان پێیوانییە کە هونەر چەشنە بەرەوپێشەڤچوونێکی نائایینی

بێت. هونەرێک کە تێیدا هونەرمەند لە چیرۆکێکی تایبەت بۆ گەیشتن بە واتا و ناوەڕۆکێکی تایبەت کەڵک وەردەگرێت. بۆ هونەرمەندی بێناوەڕۆک چیرۆک لە ئاکامدا هەمان شتە کە هەیە: بۆ ئەو ناوەڕۆکی گشتی و مانا بوونی نییە، هەتا سیلەی لێبگرێت.

کامۆ بە رواڵەت بەم دەرئەنجامە دەگات، کە مەبەستی سەرەکیی هونەری داهێنەر ئەوەیە، کە یارمەتیی هونەرمەندی بێناوەڕۆک بدات هەتا لە ئەمێستادا بژیت و بە وشیاربوونی خۆی لەمەڕ پوچیدا بپارێزێت. ئەم دەرئەنجام وەرگرتنە لەوە دەچێت مەبەستەکەی بەتایبەتیی هونەرمەند بێت و بە هیچ شێوەیەک مەبەستی گشتی خەڵک نییە. لە لێکدانەوەی جوانیناسی42یدا هەنگاو بۆ پێش و پاشی سەرنجڕاکێش هەیە، کە جاریوایە بایەخی هونەر لە روانگەی هونەرمەند و جاریواشە لە روانگەی گشتی خەڵکەوە دەکەوێتە بەرباس. کانت43 فەیلسوفی سەڵت، جوانی، شان، شکۆ و شتی لەم چەشنە بابەتانە لە «رەخنەی حوکمدان»دا دەخاتە بەرباس، بەتایبەتیی لە روانگەی شەخسیی کە لە بەرهەمی هونەریی دەڕوانێت. لە بەرامبەردا، کامۆ کە بۆخۆی هونەرمەندە و رەنگە هەر بەم هۆیەش بەتایبەتیی لەسەر بایەخی ئەو هونەرە بۆ هونەرمەند دەدوێت.

سەرەڕای ئەمە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بۆ کامۆ نابێت

گران بێت، بەتایبەتیی ئەگەر چیرۆکە سەرەتاکانی ئەو بە نوێنەری بیرکردنەوەی ئەو وەکو نوسەرێک لەو قۆناغەدا دابنێین. نوسینی «نامۆ» باریدەی کامۆی دا هەتا لەگەڵ پوچی دەستەویەخە بێت، بەڵام رەنگبێت سەبارەت بە ئیمانیش بتوانین هەر ئەوە بڵێین. ئەوەی کە دەیزانین کاریگەریی رۆمانی «نامۆ»یە لەسەر ئێمە. نامۆ ئەگەر شتێکی دیکەمان پێنەدات زۆر روونتر لە ئەفسانەی سیزیف، مەبەستی کامۆ لە مرۆڤی بێناوەڕۆکمان پێدەگەیەنێت. هەروەها لە «نامۆ»دا دەبینین کە کامۆ پێیخۆشە وەفادار بێت بە بناماکانی خۆی، کە رۆمان نابێت بپەرژێتەسەر بابەتگەلی عەینی و نابێت ببێتە مینبەرێک کە لە سەرییەوە سەبارەت بە فەلسەفەی سەڵت خوتبە دەدەن. چیرۆک بە گشتیی رەگی لە رووداو و کارەکتەرەکاندا هەیە و زۆربەی کات مەبەستە فەلسەفییەکان دەربڕینی ناڕاستەوخۆن هەتا راستەوخۆ. ئەو شتەی کە ئێمە لە «نامۆ»ی وەردەگرین هەستێکی راستەوخۆ نییە، کە بڵێت «مەبەستی کامۆ لە بێناوەڕۆک ئەوە بووە» بەڵکو کەم تا زۆر وێنەیەکی هەڵتەکێنەر لە کتێبەکەمان پێدەگات، کە دنیا لە روانگەی پوچیەوە چۆن دێتەبەرچاو. «نامۆ» ئێمە ناچاردەکات، کە ببینین چۆن کەسێک دەتوانێت لە بێناوەڕۆکیدا بژیت و بەمجۆرە هونەری بێناوەڕۆک «لانیکەم ئەو هونەرەی کە کامۆ پێشکەشیدەکات» یارمەتیماندەدات هەتا بە وشیاربوونی بێناوەڕۆک بگەین و بیپارێزین.

سەبارەت بە پێداگریی کامۆ لەسەر ئەوە، کە هونەر نابێت لە سنوری عەینیدا بێت، دەتوانین لە نێوان ئەو و ئەدیبی هاوچەرخی ئەو واتە ژان پۆل سارتر جیاوازییەکی گرنگ بدۆزینەوە. سارتەر سیمای ناسراوی ئێگزیستانسیالیزمی فەرەنسا بوو، لە سەردەمی نووسرانی ئەفسانەی سیزیفدا ئەو و کامۆ زۆر لێکنزیک بوون. سارتەر ئەوکات تازە رۆمانی کلاسیکی خۆی «رشانەوە44»ی چاپکردبوو، کە تێیدا باسی فەلسەفەی وجوودی45ی خۆی کردبوو. جیاوازیی نێوان «رشانەوە« و «نامۆ» ئەوەیە کە رشانەوە زیاتر لە باسی فەلسەفیی دەچێت. پاڵەوانی کتێبەکە کەسێکی زانکۆییە و سەرقاڵە بە باسی دوروودرێژی سەڵت سەبارەت بە پرسە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکان. لەبەرامبەردا نامۆ جگە لەوەی کۆتاییەکەیدا نەبێت، دەنا لە فەلسەفە دوورە و پاڵەوانەکەی کارمەندێکی گەمژەی نوسینگەیە.

ئەگەرچی سارتەر لەچاو کامۆ فەیلسوفێکی باشترە، بەڵام کامۆ رەنگبێت رۆماننوسێکی باشتربێت. کامۆ لە «نامۆ»دا دنیایەکی دەوڵەمەند لە ئەزموونەکانمان پێشکەشدەکات و لە زۆربەی بابەتەکاندا ڕێگەدەدات خۆمان بە دەرئەنجام بگەین. رشانەوە داخراوترە، داوا لە ئێمە دەکات بەدوای هێڵێکی فکریی تایبەتدا بچین. مرۆڤ زۆربەی جاران لەخۆی دەپرسێت، کە بۆچی سارتەر خۆی بۆ نوسینی رۆمان ماندوو کرد، چونکە وادیارە ئەو تەنیا هۆگری باسی فەلسەفییە.

## ئەفسانەی سیزیف

سیزیف رەنگە زیاتر بۆ سزاکەی لە جیهانی مردووەکاندا بەناوبانگە، هەتا بەو کارانەی کە لە ژیانیدا کردبووی. بە پێی ئەفسانەی یۆنانیی، سیزیف شەرمەزارە، کە تاشەبەردێک هەڵگرێت بۆ سەر چیا، تەنیا لەبەرئەوە کە هەرکاتێک گەیشتەسەر چیاکە، تاشەبەردەکە خللۆربێتەوە و بچێتەوە شوێنی خۆی. کامۆ دەڵێت خوداکان، ژیربوون لەبەرئەوەی ئەوەیان درککردبوو، کە تەمەنێک تاقەتپڕووکاندن سزایەکی کارەساتبارە.

ئەم ئەفسانەیە بە چەند جۆر دەگێڕدرێتەوە - ئەو گێڕانەوانەی ناکۆکن لەگەڵ یەکتری - بە پێی گێڕانەوەکان باسی چۆن چوونی سیزیف بۆ دنیای مردووەکان و سزادرانی دەگێڕدرێتەوە.

بە پێی یەکێک لە گێڕانەوەکان، زیووس46، ئایگینا47 ژنێکی نەمر کە کچی ئەسوپووس48 بوو دەڕفێنێت. سیزیف لە شارەکەی خۆی واتە کۆرینس49 شاهیدی ئەم رفاندنە بوو، بەو مەرجە رازی بوو زانیاریی لەسەر رفێنەرەکە بدات بە ئەسوپووس هەتا ئاوی کانی بگەیەنێتە قەڵای کۆرینس. سیزیف بە هۆی ئەم رێککەوتنە و شاهیدیدان بەدژی زیۆس، کەوتە بەر غەزەبی خوداکان، هەروەها بۆ خۆی و خەڵکەکەی سەروەت و سامان و بەختەوەریی بەدەستهێنا.

گێڕانەوەیەکی دیکەش هەیە کە سەبارەت بەوەی سیزیف رۆحی مەرگ زنجیر دەکات، بەچەشنێک کە لە سەردەمی بەندبوونی مەرگدا هیچ مرۆڤێک نەمرد. سرووشتییە کە کاتێک خوداکان مەرگیان رزگار کرد، یەکەم قوربانییەکەی سیزیف بوو، هەروەها وتوویانە کە سیزیف بە ژنەکەی خۆی وت کاتێک مرد، داب و نەریتی ناشتنی بۆ بەڕێوە نەبات. کاتێک سیزیف چووە جیهانی مردووەکانەوە گازندەی بردە لای هادێس50 و پێیراگەیاند کە ژنەکەی داب و نەریتەکەی بەڕیوە نەبردووە و ئیزنی خواست هەتا بگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی و ژنەکەی ناچاربکات، بەڵام کاتێک ژیانی پێدراوە، لە گەڕانەوە بۆ دنیای مردووەکان خۆی بوارد و پێش ئەوەی بگەڕێتەوە دنیای مردووەکان و سزا بدرێت، تەمەنێکی دوورو درێژی کرد.

کامۆ، سیزیف وەکو پاڵەوانی پوچی سەرەتا دەناسێت،

ئەویش لەبەر ئاکارەکەی لەسەر زەوی و بۆ سزاکەشی لە دنیای مردووەکاندا. ئەو سوکایەتییەکەی لە هەمبەر خوداکاندا دەرخستووە، بێزاریی لە مەرگ و مەیلێکی گران بە ژیان. سزاکەی، ململانێیەکی هەمیشەیی هیوابڕاوانەیە. بە ئێمە ناڵێت کە سیزیف لە دنیای مردووەکاندا چۆن سزادرا: دەبێت وێنایبکەین. ئەوەی کامۆ بۆلای خۆی رادەکێشێت، حاڵەتی رۆحیی سیزیفە لە لوتکەی چیاکە، رێک پاش خلۆربوونەوەی تاشەبەردەکە. ئەو، کاتێک بەرەو داوێنی چیاکە هەڵدەگەڕێت، بۆ ماوەیەکی کورت بارەکەی سووک دەبێت و وشیارە، بە بێناوەڕۆکبوونی چارەنوسی خۆی دەزانێت. چارەنوسی سیزیف تەنیا لەو رووەوە دەتوانێت تراژیک بێت کە درکی دەکات و هیوایەکی نییە بە دواخرانی سزاکەی، لە هەمانکاتدا ئەو وشیارییەی بە درککردن بەدەستی دێنێت، دەیخاتە بان چارەنوسیەوە.

کامۆ دەڵێت تەنانەت سەیر نییە سیزیف بەم ئەرکە دڵخۆش بێت. کاتێک خەفەت یان خەمۆکی کاتێک دەگات، کە ئەو سەیری پشتەوەی، ئەو دنیایە دەکات کە تێپەڕی کردووە یان کاتێک بە هیوای بەختەوەرییە و بە ئاواتەوەیە پێیبگات. کاتێک سیزیف چارەنووسەکەی قبووڵدەکات، خەم و خەفەتی لەمەڕ چارەنووسەکەی دەڕەوێتەوە. کامۆ دەڵێت ئەرێوتن بە «راستییە پووکێنەرەکان» وەکو بێناوەڕۆکی و بێئاکامیی چارەنووسەکەی، پووکێنەربوونی ئەم راستییانە سووک دەکات. کامۆ دەگەڕێتەوە سەر ئۆدیپووس51 کە سەرەڕای ئەوەی ئەو هەمووە رەنجەی کێشاوە، بەڵام

دەتوانێت «بەم دەرئەنجامە بگات، کە هەموو شت باشە».

کامۆ دەڵێت بەختەوەری و بێناوەڕۆکی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. هەردووکیان بەم دۆزینەوەیەوە گرێدراون، کە دنیای ئێمە و چارەنوسی ئێمە هی خۆمانن، هیوایەک نییە، کە ژیانی ئێمە تەنیا هەر ئەوندەیە کە لێی تێدەگەین. سیزیف ئەو کاتەی لە چیاکە دێتە خوارەوە، بە تەواویی بە چارەنوسی خۆی دەزانێت. کامۆ بەم دەرئەنجامە دەگات: «دەبێت وابزانین کە سیزیف دڵخۆشە».

**لێکدانەوە**

کامۆ دەریدەخات، کە پاڵەوانی پوچی، ژیان بە بەربەرەکانییەکی هەمیشەیی و هیوابڕاو دەزانێت. هەر کارێک بۆ رەتکردنەوە، یان خۆبواردن لە بەربەرەکانی و بێهیوایی کە ژیانی ئێمە پێناسە دەکات، هەوڵدانە بۆ راکردن لەم ناکۆکییە بێناوەڕۆکە. تاکە مەرجی پێویستی مرۆڤی بێناوەڕۆکی کامۆ، ئەوەیە کە ئەو بە ئاگاداربوونی تەواو لە بارودۆخی خۆی دەژیت. کاتێک سیزیف پاڵ دەنێت بە گابەردەکەوە بۆ سەر چیاکە، هیچ شتێکی وەگیرناکەوێت بێجگەلە تاقەتپڕووکاندن و بەربەرەکانییەکەی، بەڵام لەو چرکەساتانەدا ئاگادارە کە بە بێ بار لە چیاکەوە دێتە خوارەوە، دەزانێت کە دەبێت بۆ هەتا هەتایە بەربەرەکانێ بکات و دەزانێت کە ئەم بەربەرەکانێیە هیچ ئاکامێکی نییە. ئەم ئاگاداربوونە هەمان وشیارییە، کە مرۆڤی بێناوەڕۆک لەم ژیانەیدا هەیەتی. لەو رووەوە کە سیزیف وشیارە، چارەنووسەکەی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چارەنوسی نییە و خراپتریش نابێت.

کردەوەی ئێمە لە هەمبەر چارەنوسی سیزیفدا ئاوێتەی ترسە، لەبەرئەوەی بێناوەرۆکی و هیوابڕاوییەکەی دەبینین. هەڵبەت باسی سەرەکی ئەم بابەتە ئەوەیە کە ژیان لەخۆیدا بەربەرەکانییەکی بێناوەڕۆک و داماڵدراوە لە هیوا. بەمحاڵە کامۆ دەشڵێت بە مەرجێک ئەم چارەنووسە هەڵتەکێنەرە، کە ئێمە هەروا هیواداربین، بەم مەرجە کە بیربکەینەوە شتێک زیاتر هەیە لەم ژیانە و ئەو شتە بایەخی هەیە ببێتە ئامانج. چارەنوسی ئێمە تەنیا کاتێک سامناک دێتە بەرچاو، کە بمانەوێت لەگەڵ شتێکدا بەراوردیبکەین کە بۆمان سەرەکییە. ئەگەر قبووڵی بکەین ئامانجێکی سەرتر بوونی نییە، ئەوکات دەتوانین بە بێ ترس مل وەبەر چارەنووسمان بنێین. کامۆ دەڵێت هەر ئەوکاتەیە کە دەتوانین سەرلەبەری ژیان درکبکەین، لەبەرئەوەی بەهەمووی شێوەیەک ملکەچی بووییین. بەم پێیە سیزیف رێک دەکەوێتە، بان چارەنوسی خۆیەوە. تەنیا کاتێک سزاکەی هەڵتەکێنەرە کە بتوانێت هیوا یان خولیایەکی باشتری هەبێت. ئەگەر هیوای نەبێت، خوداکان هیچ شتێکیان بەدەستەوە نابێت، کە سیزیفی پێ سزا بدەن.

تیۆری تراژیدیا بابەتێکە بەربڵاو و ئاڵۆز و لەدەرەوەی ئەم راڤەکردنەوەیە دایە، بەڵام کورتەباسکردنێک لە تێڕوانینی کامۆ سەبارەت بە تراژیدیا شایانی خوێندنەوەیە. کامۆ بە ئێمە دەڵێت کە لەو چرکەساتەی سیزیف بە چارەنوسی خۆی دەزانێت، چارەنووسەکەی تراژیک دەبێت. ئەو گۆشەنیگایەکیشی لە لای ئۆدیپووسە، کە تەنیا کاتێک سیمای بوو بە تراژیک و زانی باوکی خۆی کوشتووە و لەگەڵ دایکی

خۆی ژیانی پێکەوەناوە، هەروەها کامۆ ئاماژە بەوە دەکات کە هەم سیزیف و هەم ئۆدیپووس لە ئاکامدا بەختەوەرن، کە هەردووکیان «بەم دەرئەنجامە دەگەن کە هەموو شتێک باشە«. بە رواڵەت کامۆ ناڕاستەوخۆ دەڵێت تراژیدیا رەشبینانە نییە. بەپێچەوانەوە دەربڕی مەزنترین هاتییە کە ئێمە وەکو مرۆڤ شایانی ئەو هاتییەن. لەوسەرەوە کە سیزیف و ئۆدیپووس هیوادارن و خۆیان فریودەدەن، نابنە پاڵەوان. بە قبووڵکردنی بارودۆخی تراژیک دەتوانین بە تەواویی دانبنێین بە چارەنووس و سنووردارbووnمان و پاش دانپێدانان نۆرەی ئەوە دێت، کە ئێمە کێین و چ تواناییەکمان هەیە. چارەنوسی تراژیک تەنیا لە بەراورد، لەگەڵ هیوا و شتێکی باشتردا، سامناکە. سیزیف و ئۆدیپووس بە قبووڵکردنی چارەنوسی خۆیان، بێهیوا بوون و بەم شێوەیە پێیانوانییە چارەنوسیان هەڵتەکێنەرە. بە پێچەوانەوە دەبینن، کە لەئاکامدا بەختەوەریی راستەقینەیان دۆزیوەتەوە.

کامۆ بەم باسە کۆتایی بە ناملیکەکەی دێنێت، کە بەختەوەریی و ئاگاداربوون لە پوچی زۆر توند پێکەوە گرێدراون. ئەو دەڵێت ئێمە کاتێک دەتوانین بەڕاستیی بەختەوەربین، کە بە تەواویی ژیان و چارەنووسمان بە هی خۆمان بزانین. وەکو تاکە شتێکی کە هەمانە، هەر ئەوە دەبین بۆ هەتاهەتایە. دوایین رستەی ئەم نامیلکەیە ئەمەیە: «دەبێت سیزیف بە بەختەوەر بزانین.»، بەڵام بۆ دەبێت پێمانوابێت کە سیزیف بەختەوەرە؟ شێوەی دەربڕینی کامۆ جۆرێکە، کەواتە چارەیەکی دیکەمان نییە. ئاخۆ هەڵبژاردنێکی

دیکەش هەیە؟ سیزیف پاڵەوانی پوچیە، پیاوێک هێندە ژیانی خۆشویستووە، کە شەرمەزاریان کردووە بە کرداری بێناوەڕۆک و هیوابڕاوانەی هەتاهەتایی. بەم حاڵە ئەو رێک سەرترە لە چارەنوسی خۆی، لەبەر ئەوەی ئاگای لە چارەنوسی خۆی هەیە. ئەگەر سیزیف بەم ئاگاداربوونە شادمان نەبێت، ئەگەر وایە ئاگاداربوون لە پوچی، بەختەوەریی بەدواوە نابێت. دواتر درێژە بەوە دەدا، کە ئەگەر وابێت، بەختەوەریی کاتێک ئەگەری هەبوونی دەبێت، کە ئێمە لە ئاگاداربوون لە پوچی رابکەین و بازبدەینە ناو هیوا یان ئیمانەوە.

ئەگەر بازدان بەرەو هیوا، یان ئیمان نیشاندەری هەوڵدانە بۆ هەڵاتن لە راستەقینەی چارەنووس و ئەگەر بەختەوەریی تەنیا لە رێگەی بازدانێکی ئاوا بەدیبێت، بەختەوەریی لە بنەڕەتدا هەڵاتنە. خودی ژیان خۆی لەخۆیدا ناخۆشە و بەختەوەریی شتێکی دەستکرد و بەرهەمی حاشالێکردنە. ئەگەر دەمانەوێت بڕوامان بە بەختەوەریی راستەقینە هەبێت، دەبێت وای وێنابکەین کە سیزیف بەختەوەرە. ئەگەرچی ئەمە دوایین رستەی ئەم نامیلکەیەیە، بەڵام دەکرێت وەکو گریمانەی سەرەتای کامۆ دابنرێت کە بەڵگەکانی بەو پێیە دادەڕێژێت. لەوسەرەوە کە کامۆ لە بنەڕەتدا بڕوای بەم تیۆرەیە کە ئەزموونی مرۆڤ تاکە راستییە، دەبێت دەریبخات کە مرۆڤەکان بە پێی ئەزموونەکانیان، نەک بە پێی حاشاکردن لەوان دەتوانن بەڕاستیی بەختەوەربن. ئەگەر بەختەوەریی راستە، دەبێت بتوانین بە بێ هانابردن

بۆ هیوا، ئیمان یان هەر شتێکی دیکە کە باشترە لە ئەزموونی ڕاستەوخۆ، بەختەوەریی بدۆزینەوە. ئەفسانەی سیزیف خۆی لەخۆیدا هەوڵێکە تاقەتپڕوکێن بۆ ئەوەی نیشانیبدات شتێکی ئاوا دەکرێت و بەم گریمانەی سەرەتای نامیلکەکە کۆتایی پێدێت: ئەگەر بەختەوەریی ڕاستەقینە دەتوانێ هەبێت، سیزیفیش دەبێ شاد بێت.

# بەرهەمەکانی فرانز کافکا[52]

**کورتە**

"بەرهەمەکانی فرانز کافکا" دەپەرژێنەسەر بابەتێکی سەرنجڕاکێش: کامۆ بابەتەکە بەم پێداگریکردنەوە دەستپێدەکات کە بەرهەمەکانی کافکا دەبوو بەردەوام بخوێندرێنەوە. کتێبەکانی کافکا دەکرێت بە چەند جۆر ڕاڤەبکرێن، یەکیان ئەوەیە کە ئەم بەرهەمانە چییەتیی سیمبولیکیان هەیە.

«دادگایی53» بە ڕۆمانی بێناوەڕۆک دەزانێت. کتێبەکە چیرۆکی جۆزێف ک، دەگێڕێتەوە کە تاوانباردەکرێت، بانگی دەکەنە دادگا و شەرمەزاردەکرێت، بە هیچ شێوەیەک ڕووننابێتەوە بە چی شەرمەزاردەبێت. شەرمەزاردەبێت کە ژیانی دەگەڕێتەوە دۆخە ئاساییەکەی، بەڵام هەوڵدەدات بزانێت بە چی تاوانبارکراوە و داوای پێداچوونەوە لە

دادگا دەکات. ڕۆمانەکە بە بێ هیچ شیکردنەوەیەک بە لەسێدارەدرانی جۆزێف ک. کۆتایی پێدێت.

لە ڕوانگەی جۆزێف ک54دا هەموو شتێک سرووشتیی دێتە بەرچاو، لەبەرئەوەی لە دنیایەکدا دەژیت کە لۆژیکێکی تایبەتی هەیە و بۆخۆشی ئەم لۆژیکەی قبووڵکردووە. ئەمە لۆژیکی بەتایبەتیی تایبەت بە سیمبولیزم55ی ئاڵۆزی کافکایە، کە بۆ گرێدانی دنیای ئاسایی بە ئاواتە ئاسمانی و دڵەڕاوکێ سرووشتییەکانەوە بەکاردەهێنرێت. لە «دادگایی»دا هەر دڵەڕاوکێیەک، ناڕوونی و هیواکانی ژیانی ئاسمانی خۆمان دەبینین، کە باڵی کێشاوەتەسەر ڕاستییە زۆر ئاشکراکانی سیستمی دادگا و بۆرۆکراسی56ی. «دادگایی» هەتا ئەو جێیەی کە باسی ژیانی ئاسمانیی لە چوارچێوەی ڕاستەقینەکانی ڕۆژانە و هەستپێکراو دەکات، بە بێناوەڕۆک دادەنرێت.

کامۆ باسی ئەوە دەکات، کە بۆ تراژیدیا و پوچی، خاوەن لۆژیک بوون و ئاساییبوون گرنگە. سامناکییەکی کە لە تراژیدیا و بێناوەڕۆکیدا هەیە بە هۆی بینینی ئەو ئاکامە بەسامەیە، کە وەکو بەشێک لە سیستمی سرووشتی و لۆژیکیی ڕوودەدات. لۆژیکی بێناوەڕۆکی و بەرهەمەکانی کافکا، ئێمە ناچاردەکەن هەتا لەوە تێبگەین، کە ئەو شتەی ئێمە بێزاردەکات لە هەمانکاتیشدا ئاقڵانەیە.

لە «کۆشک57»دا کافکا بانتر لە دنیای پوچی، کە لە «دادگایی»دا وەسفیکردبوو، دەچێت ڕاڤە یان چەشنێک هیوا

بدۆزێتەوە. «کۆشک» چیرۆکی کارەکتەرێکە بە ناوی ک. کە دەچێتە شارێک، لەبەرئەوەی کراوەتە پاککەرەوەی کۆشک. بە کورتی، ک. بەوە دەزانێت کە ناتوانێت پەیوەندیی لەگەڵ کۆشک بگرێت و گوندییەکان قبووڵی ناکەن کە ئەو ئیزنێکی وەهای هەبێت. ئەم چیرۆکە بە رادەی «دادگایی» تاریک و هیواکوژ نییە، لەبەر ئەوەی هەمیشە هیوایەک هەیە و رەنگە ببێتە هۆی سەرکەوتنی ک. ک، هەوڵدەدات ببێتە بەشێک لەو کۆمەڵگایە و پەیوەندیی لەگەڵ ژنێک سازدەکات، کە هاتوچۆی کۆشک دەکات. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، ک. ئەم ژنە بەجێدەهێڵێت کە بنەماڵەکەی لە لایەن کۆشک و هەروەها گوندییەکانەوە خراونەتە ریزی حاشالێکراوترین و دوورخراوترینی خەڵکەکان. کامۆ پێیوایە رۆمانی «کۆشک» بێناوەڕۆکێکی خودائاسایە، چەشنێک بازدانی ئێگزیستانسیالیستیی هاوشێوەی بازدانی کیرکەگۆر.

«دادگایی» دەریدەخات کە لەسەر زەوی هیچ هیوایەک نادۆزینەوە و وادیارە کافکا لە «کۆشک»دا بەم دەرئەنجامە دەگات، کە هەر ئەم هیوابڕاوییە هیوا بە خودا لۆژیکیتر دەکات. ئەو روونبوونەوەیەی کە بەڵگەهێنانەوەی بێناوەڕۆک بەدیدەهێنێت، بێئاکامە، هەر بۆیە کافکا رەتیکردۆتەوە و بازی ئێگزیستانسیالیستی دەدات.

کامۆ دەڵێت کافکا نوسەرێکی جێی سەرنجە، لەبەرئەوەی نۆستالۆژییەک کە ئێمە لەهەمبەر هیواکانی دنیای دیکەدا هەستی پێدەکەین، ئەو بە زمانێکی بێگرێ دەریدەبڕێت

و بەم ڕێگەیەدا دەڕوات، کە چۆن وەڵامدانەوەی ئێمە بە بێناوەڕۆکی دەبێتە هۆی هەڵاتن لە ژیان و بازدان بەرەو ئیمان. کافکا سەرقاڵە بە ناوەڕۆکی جیهانی و ئاینزایی و ڕێک بەم هۆیەوە نوسەرێکی بێناوەڕۆک نییە، لەبەرئەوەی پوچی دەپەرژێتەسەر وردەکاریی بابەتەکان. لەو شوێنەی کە نوسەری بێناوەڕۆک هەوڵدەدات هیواکانی ئەو دنیایەی ئێمە لە ڕاستییەکانی ئەم ژیانە دووربکەوێتەوە و نیشانی بدات چۆن دەتوانین لە ژیانی بەتاڵ لە هیوادا، بەختەوەریی بدۆزینەوە، کافکا هەوڵدەدات ئەوە بنوێنێت، کە چۆن دەتوانین ڕێک لە ڕاستەییەکانی هەر ئەم ژیانەدا هیواکانی ئەو دنیایەی دیکە بدۆزینەوە.

## لێکدانەوە

کامۆ بە گشتیی بە هۆی دەربڕینی روونی دۆخی بنچینەیی گران لە بەرهەمەکانی کافکادا، بەرەو لای ئەو رادەکێشرێت، بابەتێکی کە بۆ کامۆ دەبێتە بەڵگەمەندییەکی بێناوەڕۆک. کامۆ دەڵێت ئێمە لە لایەکەوە هیواداریین، کە واتا یان خودا یان سیستم یان راڤەیەک لە خولقێندراوەکاندا بدۆزینەوە و لە لایەکی دیکەوە بەرەوڕووی زێدەبوونی هیچ و پووچی ئەو شتانەین کە بۆ وەڵامدانەوەیەک خۆیان ڕێکناخەن.

یەکێک لەو خوازانەی کامۆ خۆشی دەوێت، تاکی شەرمەزارە (خوازەیەک کە لە چیرۆکەکانیدا بەردەوام دەبیندرێت) و کامۆ دۆخی مرۆڤ وەکو تەمەنی

شەرمەزاربوون بە مردن وەسفدەکات، کە تێیدا هیچ هیوایەک بە پێداچوونەوە، یان هەڵوەشانەوەی حوکمی شەرمەزاربوونی هەمیشەیی نییە. «دادگایی» رێک هەر ئەم خوازەیە بەکاردەبات. گەڕانی جۆزێف ک. لە سەرانسەری ئەم رۆمانەدا ئەوەیە کە بزانێت کێ ئەوی مەحکومکردووە و لەبەرچی. کافکا لەو بەستێنەدا هەڵدەسوڕێت کە کامۆ تەدارەکی بۆ بینیوە: کافکا چیرۆکی کەسێکی شەرمەزار بە مردن لە دنیایەکی بێواتادا دەگێڕێتەوە، لە دنیایەکدا کە مردن دەیەوێت چەشنێک وەڵام یان واتا بدۆزێتەوە، کە هەموو شتێکی بۆ روونبکاتەوە، بەڵام تەنیا بەرەوڕووی بێدەنگیی دەبێتەوە. بێجگەلە ئەوە کامۆ بەکارهێنانی راستییەکانی رۆژانە بۆ دەربڕینی دڵەڕاوکێ مەعنەوییەکان لەلایەن کافکاوە پشتڕاستدەکاتەوە.

«کۆشک»یش ناوەڕۆکێکی هاوشێوەی هەیە. ململانێی دۆزینەوەی واتا لە ژیانی تاک و دۆزینەوەی شوێنێک لە خوڵقێندراوەکاندا، لە رێگەی ململانێی ک.ەوە باسدەکرێت: بەربەرەکانیی ک. بۆ قبووڵکرانی لە پلەی پاککەرەوە. ک پێیوایە کە ئەم پلەیە شایانییەتی، ئەگەرچی بەردەوام نکۆڵی لێدەکات، رێک وەکو ئیمە کە پێمانوایە دەبێت شوێنێکمان لەنێو خوڵقێندراوەکاندا هەبێت و ژیان دەبێت واتای هەبێت، ئەگەرچی بەرەوڕووی حاشاکردن لەم راستییە دەبینەوە. لە خوێندنەوەی «داگایی» و «کۆشک»دا پیاوانێک دەبینین، کە بەدوای وەڵامەوەن و ئەم دنیایە وەڵامیان ناداتەوە.

بەمحاڵە، «کۆشک» بە پێچەوانەی «دادگایی»، لەم پوچیەدا هیوا دەدۆزێتەوە و بەپێی وتەی کامۆ، ئەم هیوایە هەر ئەوەیە، کە کافکا دەکاتە ئێگزیستیانسیالیست. بە پێی وتەی کامۆ، بازدانی ئێگزیستیانسیالیستیی چەشنێکە لە «خۆکوژیی فەلسەفیی» کە کیرکەگۆر ، چێستۆڤ و یاسپێرس ئەنجامیدەدەن. پوچی بە واتای ململانێی بەردەوامە لەنێوان مەیلەکانی ئێمە بە یەکانگیری و بۆشایی بێواتایی کە ئێمە بەرەوڕووی بووینەتەوە. بازدانی ئێگزیستانسیالیستی هەوڵدەدات بە هۆی بڕواکردن بە بۆشایی و دۆزینەوەی یەکانگیریی تێیدا، ئەم ململانێیە چارەسەربکات. کامۆ دەیەوێت بڵێت ئێمە هەتا ئەو جێیە متمانەمان پێدەکرێت کە درێژە بە ململانێمان بدەین.

ئەگەرچی کامۆ ڕەنگە دوادەرئەنجامەکانی کافکا پەسندنەکات، بەڵام ڕێز دەگرێت لە ڕاشکاوبوونی ئەو، لەدەرخستنی ئەم ناکۆکییە بنچینەییانە کە (لانیکەم بە پێی وتەی کامۆ و کافکا) هەمان دۆخی مرۆڤییە.

## لێکدانەوەی بۆچوونە سەرەکییەکان

کامۆ فەیلسوف نییە و ئەفسانەی سیزیف، تەنیا هەڵگری ڕەنگدانەوەی فەلسەفەیە. کامۆ خۆ سەرقاڵناکات بە هیچ باسێکی فەلسەفی بەردەوامەوە و تەنیا دەپەرژێتەسەر دۆخە ناکۆکەکان و هەر بەم مەبەستە لە ڕوانگەی خۆیەوە لە جیاوازییەکان دەدوێت. ئەو بۆ ئەم بەرهەمە پلانێکی مەزنی هەیە: کامۆ واتای خودی ژیان دەخاتەبەرباس. ئەگەر ئەم کارەی لێدوانی فەلسەفیی بێت، پرۆژەیەکی ئاوا پێویستی بە زنجیرە باسێکە بە هەمان ڕادە مەزن.

هەر بەوجۆرەی کە کامۆ هەر لەسەرەتاوە دەدوێت، مەبەستی لەم نامیلکەیەدا ڕاڤەکردنە نەک ڕوونکردنەوە و ئەم نامیلکەیە هیچ شتێکی میتافیزیکیی تێدانییە. ئەو بۆ هێنانەئارای پوچی بەم باسە کە لە کەوندا هیچ سیستم و ئامانجێک نییە، دەستپێناکات، بەڵکو ئاماژە بەو بینینانە دەکات

که جاریوایه هەست بە پوچی دەکەین. ئەگەرچی چەند هۆیەک باسدەکات، کە بۆچی دەکەوینە ژێر کاریگەریی ئەم هەستەوە، بەڵام هیچ کات باسێکی وا ناهێنێتەگۆڕێ کە پێمان بقبوولێنێت ژیان بێناوەڕۆکە و وەڵامبداتەوە. کامۆ هیوایەکی نییە کە لە ڕێگەی باسوخواسەوە قەناعەتمان پێبێنێت، بەڵام دەیەوێت بەدوای لێکدانەوەی ئەو لەو دۆخە زەینییە بچین کە جاروبارە هەمووومان تووشی دێین.

کامۆ پێیخۆش نییە وێنەیەکی ڕووناکبیرانە لە کەون پێکبهێنێت، دەیەوێت بۆ چۆن ژیانی ئێمە چارەسەرێک بدۆزێتەوە. لە ئەنجامدا خۆی بە هیچ میتافیزیکێکەوە نابەستێتەوە، بەڵکو خۆی سەرقاڵدەکات بە چەشنێکی تایبەت لە مەعریفەناسیی58. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات، هۆگری پوچیەکە دەیەوێت بیزانێت ئایا دەتوانین بە بێ پشتبەستن بە ئیمان یان ئەگەری هەبوونی میتافیزیک، بە دڵنیاییەوە بژین و لە پێناسەکردنی ئەم هۆگرییە خۆی دەبەستێتەوە بە وێنەیەکی تایبەت لەو شتەی کە بە دڵنیاییەوە لێیدەزانین. بە پێی ئەم وێنەیە تەنیا دەتوانین لە دووشت دڵنیابین: «نوستالۆژیی یەکانگیری» و نەتوانینمان بۆ دۆزینەوەی وەڵام لە جیهانەدا.

مەعریفەناسی ڕاستەوخۆ لە کردەوەی بەرامبەر بە سوننەتی ئاوەزخواز لە دایکبووە و کامۆ بە میرات پێیگەییشتووە. ئاوەزخوازیی متمانە بەو زانیاریانە ناکات، کە ئێمە لە ڕێی ئەزموونەوە بەدەستمان هێناون و سەرنجی خۆی

زیاتر لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو وشیاربوونانە چڕدەکاتەوە، کە لە رووی بەڵگەمەند کردنێکی سەڵتەوە بەدەستدێن. وادیارە کامۆ مەیلێکی بۆ زانستە ئەزموونییەکان نییە، بەڵام لە زانستی زاتییش59 بەگومانە و بەم دەرئەنجامە دەگات، کە ئێمە تەنیا لە دوو شت دڵنیاین کە دەیانزانین. یەکەمیان دۆزینەوە زەینییەکانە کە لەوە دەچێت لێیان دڵنیانەبین، یان لانیکەم پێویستە وردتر پێناسەبکرێن، دووەمیان پەیوەندییەکی زۆری بە زانستەوە نییە و زیاتر سنوورێکە کە کامۆ بۆ زانیاریی ئێمەی دادەنێت. کامۆ لە بنەڕەتدا دەپرسێت، ئایا بەڕاستیی بە بێ ئەوەی بە دڵنیایی لە شتێک بزانین ژیان بکەین، ئەویش کاتێک کە تاکە دڵنیابوون، ئەوەیە کە ناتوانین دڵنیابین، ئاخۆ دەکرێت درێژە بە ژیان بدرێت؟

کامۆ وەڵامدەداتەوە کە دەتوانین بەم دڵنیابوونە نەرێنییەوە بژین، بەو مەرجەی ئاگاداری ئەوەبین، کە گەڕان بۆ هەرشتێکی دیکەی جیا لەوە بێئاکامە. ئێمە ژیان دەکەین، بەڵام بە بێلایەنییەکی گاڵتەجاڕانە کە سەرچاوەکەی تێگەییشتنی ئێمەیە، تێگەییشتن لەوەی کە هەرچی بکەین بێبایەخە. بە نموونە هێنانەوەکانی ئەکتەر، سەرکەتوو، هونەرمەند بەتەواویی رووندەبێتەوە کە مرۆڤی بێناوەڕۆک تەنیا شانۆیەک ژیان دەکات، ئەو تەنیا بە شێوەی «لەوە دەچێت، بەڵێندەرە لە هەمبەر ئەو شتەی کە دەیکات» دەژیت.

ئەگەر ئەم بانگەشەیە راست بێت، لەوەدەچێت تەنیا جیاوازیی نێوان مرۆڤی بێناوەڕۆک لەگەڵ مرۆڤی

ئاسایی، بێلایەنبوونی مرۆڤی بێناوەڕۆکە. کامۆ دەڵێت مرۆڤی بێناوەڕۆک زیاتر سوود لە ژیان دەبینێت، لەبەرئەوەی بێلایەنییەکەی بەهۆی چوونەسەرێی ئاستی وشیاربوونەکانییەتی کە ئەو ئامادەدەکات بۆ ئەزموون وەرگرتنی زیاتر. دنیابینیی بێناوەڕۆک، وازهێنان نییە لە بایەخەکان، رازیبوون نییە بە شیکردنەوە، ئەم دنیابینییە بەدوای روونکردنەوە یان پاساوهێنانەوەوە نییە.

ئەگەر مرۆڤی بێناوەڕۆک پێویستیی نییە بە روونکردنەوە یان پاساوهێنانەوە بۆ ژیان و ئاکاری خۆی، ئەی بۆچی کامۆ ئەم بابەتە دەنووسێت. بابەتێک کە روونکردنەوە و پاساوهێنانەوەیە بۆ دنیابینیی بێناوەڕۆک. ئەگەرچی ئەم کتێبە پڕە لە ناکۆکیی، بەڵام پێویستە بۆئەوەی دۆخی ئەو روونبکاتەوە. لەم نامیلکەیەدا باسی بەڵگەمەندبوو سەبارەت بە بابەتە روونەکان کەمترە و زیاتر هەوڵدراوە بە تێروتەسەلی، چوارچێوەیەکی رووناکبیرانە بدات بە شێوەی ژیانێکی تایبەت. بە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە لەو شتانە دڵنیانابین، کە کامۆ سەبارەت بەم تیۆرانە دەدوێت، لەبەر ئەوەی هیچکات ئاماژەیەکی روونیان پێناکات، بۆیە رەنگە بەم دەرئەنجامە بگەین، کە کامۆ هێندەی کە فەیلسوفی ئایینزاییە، فەیلسوف نییە. کامۆ بە بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفییەوە ناچێتە شەڕی بڕوای ئایینزایی، بەڵکو بەو چەشنە ئیمانێکی نەرێنییەوە لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ وەڵامێک بۆ پرسیارە سەرەکییەکان نەدۆزێتەوە.

## هەوێنی پوچی لە «نامۆ»دا

ناوبانگی زیاتری کامۆ، بۆ ڕۆمانەکانییەتی، نەک نامیلکەکانی. ئەو لە ڕۆمانەکانیدا ژیرانەتر و باشتر بڕوا فەلسەفییەکانی نیشاندەدات نەک لە نامیلکەکانیدا. کامۆ «نامۆ»ی لە سەروبەندی ئەفسانەی سیزیفدا نوسی و هەر دوو کتێبەکە لە زۆر ڕووەوە هاوتەریبی یەکترین. دەتوانین ئەفسانەی سیزیف بە هەوڵێک بۆ ڕوونکردنەوەی دنیابینیی «نامۆ» و نیشاندانی ڕوونی ئەو دنیابینییە و «نامۆ» بە نموونەیەک بزانین بۆ پاڵەوانی بێناوەڕۆک و چیرۆکی بێناوەڕۆک کە لە ئەفسانەی سیزیفدا باسکراون.

«نامۆ» چیرۆکی کەسێکە بە ناوی «میورسۆو» کە بەتاڵە لە هەموو چەشنە سیستمێکی بایەخدار و بۆ چێژی جەستەیی ئەمێستای دەژیت. «میورسۆو» لە جیاتی ئەوەی

بە پێی ڕێسا باوە کۆمەڵایەتییەکان بجوڵێتەوە، هەتا ئەو جێیەی دەتوانێت هەوڵدەدات ڕاستگۆیانە بژیت، ئەوەی پێیخۆشە بیکات و لەگەڵ ئەو کەسانە ببێتە هاوڕێ کە حەزی لێیانە، هەروەها بەڕواڵەت هیچ هەستێکی دەرناخات، لەبەرئەوە خۆی تەنگەتاو ناکات کە لە مەراسیمی ناشتنی دایکیدا بگریت، یان شینگێڕییەکی گەرم بکات. هێندێک ڕووداو دەبنە هۆی ئەوەی، کە «میورسۆو» لە چرکەساتێکدا و بە بێ بڕیاری پێشوو، پیاوێکی عەرەب لە بەستێنی دەریادا بکوژێت. دواتر دادگا ئەو شەرمەزار دەکات. ئەو حوکمەی کە بەسەریدا دەسەپێنن زیاتر لەبەر کووشتنەکە نییە، بەڵکو لەبەر پێشێلکردنی یاسا نەنووسراوەکانی کۆمەڵگەیە.

زۆرینەی ناوەڕۆکی فەلسەفی ڕۆمانەکە دەکەوێتە کۆتایی و بە تایبەتیی لە مشتومڕی گەرمی نێوان «میورسۆو» و قەشەی زینداندا، قەشەکە هەوڵدەدات «میورسۆو» بڕوا بە ئایینی مەسیح بێنێت. «میورسۆو» داواکانی قەشەکە ڕەتدەکاتەوە و پێیدەڵێت کە مەیلێکی بۆ خودا و شتەکانی دنیای دیکە نییە. پێیخۆشە لەگەڵ ئەوشتانەدا بژیت کە لێیان دڵنیایە، تەنانەت ئەگەر دڵنیابوون هەمان مردن بێت کە چاوەڕوانییەتی.

«میورسۆو»، چ لە ئاستی شانۆگێڕی و چ لە ئاستی مانای وشەدا پاڵەوانی پوچیە. لە ئاستی شانۆگێڕیدا «میورسۆو»ی شەرمەزار بە مردن و چاوەڕوانی سێدارە، خوازەیەکە بۆ

دۆخی مرۆڤی، هەروەها «میورسۆو» ڕێک نموونەیەکە لە تایبەتمەندییەکانی سەربزێوی، بژاردە و تامەزرۆیی کە کامۆ لە ئەفسانەی سیزیف دا دایدەڕێژێت، «میورسۆو» لەگەڵ شتە باوەکاندا ناسازێت و هەرشتێک بە مێشکی دابێت دەستبەجێ ئەنجامیدەدات و بەمجۆرە پێداگریی لە سەر بژاردەی خۆی دەکات. بۆ نموونە «میورسۆو» لە شەوی مردنی دایکیدا کە بەخەبەر بوو جگەرەی کێشا و چوو بۆ بەستێنی دەریا. ڕۆژی دواتر، پاش نێژرانی دایکی لەگەڵ ژنێک دەست تێکەڵدەکات و بۆ هاوڕێکەی کە تەواو خوێڕییە، نامەیەک تەزویردەکات. کەڵکوەرگرتنی ئا ئەمجۆرە لە ئازادیی، دەرخەری سەربزێوییە دژ بە هەر هەوڵێک کە سنوور بۆ ژیانی دادەنێت. چیرۆکەکە تامەزرۆیی ئەو بە گەڕانی جدیانەی بەدوای چێژ و ئەزموونە نوێیەکان نیشاندەدات. ئەو ئەویندارى زیندووبوونە.

لە درێژەی ڕۆمانەکەدا هەر بەوجۆرە کە لە پاڵەوانی پوچی دەوەشێتەوە، «میورسۆو» بێلایەنییەکی گاڵتەجاڕانە دەپارێزێت. ئەو بینەربوونی پێ باشترە نەک تێکەڵاوبوون، یەکێک لە بەشە لەبیرنەکراوەکانی کتێبەکە، وەسفی «میورسۆو» دەکات، کە سەرلەبەری ڕۆژەکە لە هەیوانەکەدا دانیشتووە و سەیری ڕێبوارانی سەر شەقام دەکات. تەنانەت کاتێک «میورسۆو» ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی ڕووداوێک دەبێت، کە ناتوانێ زۆر خۆی سەرقاڵ بکات. کاتێک «ماری60»ی ئەڤینداری داوای لێدەکات کە لەگەڵی زەماوەند بکات، پێی

دەڵێت کە خۆشی ناوێت، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زەماوەندکردن، یان نەکردنی ئەودا نییە. تەنانەت کاتێک کە عەرەبەکە دەکوژێت، مرۆڤ پێیوایە کە بەڕاستی «میورسۆو» لەوێ نییە و ئەوکارەی کە کراوە، لەراستیدا ئەو نەیکردووە، پێدەچێت کە ئەو شاهیدی تەقەکردنە لە پیاوە عەرەبەکە، نەک ئەوەی خۆی تەقەی کردبێت.

«میورسۆو» لە دواپین تەقینەوەی رق و قینی لە قەشەی زیندانەکە، ئەنجام لە بەشێکی زۆر لە دنیابینییە بێناوەڕۆکەکەی وەردەگرێت، بە هێزەوە پێداگریی دەکات، کە لەڕاستیدا هیچ شتێک گرنگ نییە، ئێمە هەموومان ژیان دەکەین و هەموومان دەمرین و لە ئەنجامدا ئەوەی پێش مردن ئەنجامیدەدەین، بێکەڵکە. پاش ئەوەی قەشەی زیندانەکە دەڕوات، «میورسۆو» لە دوا رۆشنگەریی چێژ وەردەگرێت: «و هەستم کرد دیسان ئامادەم جارێکی دیکە بگەڕێمەوە و سەرلەبەری ژیان بژیەمەوە، لەوەدەچێت ئەو رقە خەستە منی پاککردبێتەوە و خاوێن بووبێتمەوە، منی لە چنگی هیوا رزگار کردبێت. بۆ یەکەمجار لەو شەوە پڕ لە نیشانە و ئەستێرەدا، بەرەوپیری خۆگێلکردنی رەسەنی دنیا چووم. دنیام دیت کە زۆر لە خۆم دەچێت، بەڕاستی وەکو برایەک، هەستمکرد بەختەوەر بووم و ئەمێستا دیسانەوە بەختەوەر بوومەتەوە«. «میورسۆو» بەتاڵ لە هیوا، خۆی لە دنیایەکی بێواتا و هیوابڕاودا دەبینێت. لە کۆتایی رۆمانەکەدا،

دۆخی بێناوەڕۆکی خۆی لە دنیادا بە تەواویی قبووڵدەکات و تەنانەت بەم دەرئەنجامە دەگات کە بەختەوەرە.

بۆ نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانی بێناوەڕۆک، هەر «میورسۆو» لەبەردەستدا نییە، کامۆ لە «نامۆ»دا هەوڵدەدات بۆ ئەو شتە نموونە بخاتە بەردەست، کە لە ئەفسانەی سیزیفدا وەکو تایبەتمەندیی هونەرمەندی بێناوەڕۆک دەستنیشانی کردووە. لە «نامۆ»دا کامۆ بە بێ ئەوەی سەرقاڵ بێت بە بابەتگەلێکی فەلسەفیی رووداوە ئاساییەکان و بە بێ ئەوەی هەوڵبدات ئاماژە بە ناوەرۆکە جیهانییەکان بکات، ئەم بابەتانە شرۆڤەدەکات و روونیان ناکاتەوە، بەتایبەتیی بەشی یەکەمی رۆمانەکە بە چێژەوە وەسفی زۆر رووداوی شەکەتهێنەر و کارئەکتەری نائاسایی دەکات کە ژیانی «میورسۆو» پڕدەکەنەوە. ئێمە لەگەڵ سالامانۆ61 و سەگەکەی ئاشنادەبین. پەیوەندییەکی هەڵتەکێنەری ئەوین - نەفرەت62مان بۆ دەردەکەوێت و ئاگاداردەبین لە چێژی خۆهەڵخستن لەبەر هەتاوی بەستێنی دەریا. لە تەواوی ئەم وەسفانەدا، لە هەزاران ئەزموونی ژیاندا، سەرنجڕاکێشی و چێژێکی پڕ کەفوکوڵ دەبینین. هەر ناوەڕۆکێکی جیهانی کە لە رۆمانەکەدا هەڵبکێشین بە هۆی درێژەدادڕی یان سیمبولیزمی لەرادەبەدەر بەدینەهاتووە، بەڵکو بە هۆی دنیابینییەکە کە رێکوپێک و سیستماتیک، سەرنجڕاکێش و لەبەردڵانە.

¤¤¤

(Endnotes)

1. Albert Camus: ئالبێرت کامۆ لە هەشتی نۆڤەمبری 1913 لە ئەلجەزاییر لەدایکبووە. باوك و دایکی کامۆ لە منداڵانی ئەوروپییە هەژارەکان بوون، کە بە هیوای دۆزینەوەی دەرفەتێکی باشتر، روویان لە ئەلجەزاییر کردبوو. منداڵیی کامۆ لە جەزاییر تێکەڵاوێك بوو لە هەژارییەکی گران و چێژە ئاساییەکان.

کەسێك دەوری سەرەکیی لە ژیانی کامۆدا دەگێڕا، یەکێك لە مامۆستاکانی قوتابخانەی سەرەتایی ئەو بوو بە نێوی "لوویی ژێرمەن". ژێرمەن بە توانستەکانی ئالبێرتی زانی و نەنکی رازیی کرد ئیزنی پێبدا وانەی تایبەتیی بە نەوەکەی بڵێتەوە هەتا لە تاقیکاریی بۆرسی خوێندندا بەشدارییبکات. کامۆ لە دواناوەندیدا مامۆستایەکی دیکەی دۆزییەوە: "مامۆستایەکی زەوقجوان بەنێوی ژان گرێنەر". لە نێو ئەو هەمووە کتێبەی کە کامۆ لە قۆناخی قوتابخانەیدا خوێندینەوە، دوو کتێبی زیاتر لە هەمووان پێخۆش بوو، "دوورگەکان"ی ژان گرێنێر و "چارەنوسی مرۆڤ"ی ئاندرێ مالرۆ. کامۆ لە ساڵی 1952دا نوسی کە دوورگەکان بە وەبیرهێنانەوەی "رازەکان.. شتی پیرۆز.. و سرووشتی سنووورداری مرۆڤ" توانی پەروەردەی نەریتیی ئایینیی من قەرەبووبکاتەوە (LCE,328). کامۆ هەروەها لە "دوورگەکان"ەوە فێربوو، کە چۆن بە وەسفکردنی شت و رووداوە هەستپێکراوەکان ئەندێشەی فەلسەفیی وەدەربخات.

لە ساڵی یەکەمی دواناوەندیدا بوو، کە زانییان نەخۆشیی دەردەباریکەی هەیە و ئەم نەخۆشییە هەتا کۆتایی ژیانی ئازاری دا. کامۆ ساڵی 1933 چوو بۆ زانینگەی ئەلجەزایێر و بەکالۆریوسی فەلسەفەی وەرگرت. دواتر لە قۆناغی دکتۆرادا درێژەی بە خوێندن دا و بڕوانامەی مامۆستایی پێدرا.

ئاوێتەبوونی متمانەبەخۆبوون و دڵناسکیی، جلی جوان و

خوێنشیرنبوونی، سەرنجی ژنانی بۆ لای خۆی رادەکێشا. سەرەڕای ئەمانە، لە بیست ساڵاندا بە پەلە لەگەڵ ژنێکی سەرسەری و ئاگا لەخۆبڕاو، بەڵام لەبەردڵان بەناوی "سیمۆن هایە" هاوسەرگیریکرد. دایکی سیمۆن کە پزیشکێکی سەرکەوتووی چاو بوو، خەرجی ئەو ژن و مێردەی دابیندەکرد بەو هیوایەی کامۆ بتوانێ سیمۆن لە گیرۆدەبوون (بە مادە هۆشبەرەکان) رزگاربکات، بەڵام کامۆ نەیتوانی. کامۆ کاتێ زانیی سیمۆن لەبری وەرگرتنی مادەی هۆشبەر لەگەڵ دکتۆرێك دەخەوێ، لێیجیابۆوە. کامۆ بۆ جارێکی دی زەماوەندی کرد. ژنی دووهەمی، "فرانسین فەور" مامۆستای بیرکاری و خەڵکی ئۆران  بوو. فرانسینیش جوان، بەڵام لەخۆیدا بوو. فرانسین ئەگەرچی ئەوکات لە کامۆ جیا نەبۆوە، بەڵام لە خەیانەتە هەمیشەیی و ئاشکراکانی کامۆ بێزاربووبوو.

لە سەرەتاکانی دەیەی 1930دا کامۆ لێوڕێژبوو لە توانست. بۆ رۆژنامەی "ئەلجێر رێپوبلیکن"ی دەنوسی. رۆمانێك و چەند وتار و شانۆییەکیشی نوسی. گروپێکی شانۆیی پێکهێنا و بوو بە ئەندامی حیزبی کومونیست. ئەندامبوونی لە حیزبی کومونیستدا زۆری نەخایاند. حیزبەکەی ساڵی 1937 ئەوی لەبەر پشتیوانیکردنی لە رادیکاڵەکانی عەرەب بۆ بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، دەرکرد، بەڵام لە نوسیندا لە سەرەتای رێدا بوو. یەکەم رۆمانی، "مەرگێکی خۆش" هێندە رێکوپێك نەبوو، کە بۆ چاپ بشێت، بەڵام بەشێك لە وتارەکانی ساڵی 1937 لەژێر سەردێڕی «پشت و رووL›envers et l›endroit" و کۆمەڵێکی دی لە 1939 بە نێوی «رابواردنNoces " بڵاوکردەوە.

لە 1942دا رۆمانی "نامۆ"ی بڵاوکردەوە، پاشان لە 1943 بەشێك لە وتارەکانی بەنێوی "ئەفسانەی سیزیف" چاپکرد، کە پەیوەندییان بەو رۆمانەوە هەبوو. لە 1944-1945 دوو شانۆیی بەهێزی نوسی و بردینەسەر شانۆ: "خراپ تێگەیشتن The Misunderstanding" و

”کالیگولا Caligula“. لەم سەردەمەدا لەگەڵ ”ژان پەول سارتر“ و ”سیمۆن دێ بیۆڤۆیر“ و باقیی ئەندامانی گروپی ئەوان بوو بە هاوڕێ. ئەزموونی بەشداربوونی لە ناوەندی رووناکبیریی پاریس، بۆ کەسێکی وەکو کامۆ کە لە هەژاری و نەخوێندەوارییدا پەروەردە ببوو سەرخۆشی و تاڕادەیەك سامناك بوو.

لە سەردەمی داگیرکارییەکانی نازییەکاندا، بۆ یەکەمجار نێوی کامۆ بە ئێگزیستەنسیالیزمەوە گرێدرا. کامۆ هۆگری پرسەکانی ئێگزیستەنسیال بوو و زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەو دوو بیرمەندەدا بوو، کە شوێنەواریان لەسەر پێکهاتنی ئێگزیستەنسیالیزمدا بەجێهێشت، واتە ”فیۆدۆر دۆستۆیەڤسکی“ و ”فرێدریش نیتشە“.

کامۆ لە شانۆیی ”عادیلەکان 1949) “Les Justes) و لەناملکەی ”مرۆڤی سەربزێو 1951) “L›Homme révolté)دا پەرژایەسەر پرسی سەرهەڵدان و شۆڕش و ستەمکاریی. کامۆ دەیوت مەترسیی مارکسیزم و یەکێتیی سۆڤیەت، جیدیترن لە مەترسیی سەرمایەداریی رۆژئاوایی بۆ سەر ئازادی و شانوشکۆ و بەختەوەریی مرۆڤ. لەم سەردەمەدا سارتر راست بە پێچەوانەی کامۆ بوو. پاش ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەی توندی راشکاوانە، نێوانیان تێکچوو. کامۆ پیشتر لە پاسکاڵ دوور کەوتبۆوە. پاسکاڵ لە ”شارڵ دۆگۆل“ و حیزبە ناتریستییەکەی بەرگریدەکرد.

ساڵی 1956 کامۆ سێهەمین رۆمانی خۆی بە نێوی ”رووخان La Chute“ بڵاوکردەوە. لە 1957دا خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیاتی پێدرا.

یەکێك لە دڵخۆشییەکانی کامۆ لە سەرانسەری ژیانیدا داڕشتنەوە و بردنەسەر شانۆی بەرهەمی نوسەرانی دیکە بوو. کامۆ لە هەمان سەرەتاکانی کار و لە ساڵی 1936دا شانۆییەکی لە رووی رۆمانی ماڵرۆ بە نێوی ”رۆژەکانی گرژیی“ نوسی و بردییە سەر شانۆ. لە کۆتاییەکانیشدا لە 1956دا شانۆییەکی لە رووی ”شینگێڕیی بۆ راهیبە

”Requiem pour une nonne“ی فاکنێر نوسی و بردییەسەر شانۆ. لە 1959شدا شانۆییەکی بەپێی ”دەستبەسەرکراوان Les Possédés“ی دۆستۆیەڤسکی نوسی و بردییەسەر شانۆ. ئەو لە بیری ئەوە دابوو، کە دەساڵی رەبەق تەرخانبکات بۆ شانۆ، بەڵام زیاترین هیوای بە رۆمانی ژیانەکەی واتە ”یەکەم مرۆڤ“ بوو.

کامۆ دەستیکرد بە نوسینی رۆمانی ” یەکەم مرۆڤ Le premier homme”. پێیوابوو ئەمە دەبێتە باشترین رۆمانی و پێشکەشیکرد بە دایکی. پێشکەشییەکەی بەم جۆرە نوسیبوو: پێشکەش بە تۆ کە قەت ناتوانی ئەم کتێبە بخوێنییەوە.

لە12/4 1960 کامۆ بە روداوی ترۆمبیل کۆچی دوایی کرد. کامۆ هەمیشە بە هاوڕێکانی کوتبوو ،کە هیچ شتێك ناخۆشتر لە مردنی منداڵێك و قۆڕتر لە مردن بەهۆی ڕووداوی ترۆمبیل نییە. (ژیان و بەسەرهاتی کامۆ، ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، هەفتەنامەی نسێ، ژمارە 58)

2. : The Stranger رۆمانی نامۆ، ساڵی 1942 لە بڵاوکەرەوەی گالیمار چاپ کرا. ئەم کتێبە لە سەردەمێکدا نووسرا کە جەزاییر هێشتا لە لایەن فەرەنساوە داگیر کرابوو. ئەم کتێبە چیرۆکی پیاوێکی ناخخواز بە ناوی میورسۆو وەسفدەکات کە کەسێک دەکوژێت و لە زینداندا چاوەڕوانی لەسێدارەدرانی خۆیەتی. ئەم رۆمانە دوو بەشە، بەشی یەکەم دابەشدەبێت بە شەش پۆل و بەشی دووهەم دەبێتە پێنج پۆل. بەشی یەکەم یازدە رۆژ دەخایەنێت. بە ئاگاداربوونی میورسۆو لە مردنی دایکییەوە دەستپێدەکات و بە کوشتنی عەرەبێک لە بەستێنی دەریا تەواودەبێت. بەشی دووهەم یازدە مانگ دەخایەنێت. ئەم بەشەش بە لێپرسینەوە لە میورسۆو لە بنکەی پۆلیسەوە دەستپێدەکات و بە بیرکردنەوە لە بێناوەڕۆکی رێک لەو کاتەی کە لە زیندانداییە و چاوەڕێیە

لەسێدارە بدرێت یان نا، کۆتایی پێدێت. (بڕوانە رۆمانی: بیگانە/ آلبر کامو/ ترجمە ی امیر جلال الدین علم/ انتشارات نیلوفر.)

3 . The Plague: رۆمانی تاعون ساڵی 1947 چاپکرا. رووداوەکانی "تاعون" لە شارێکی ئەلجەزاییر بە ناوی ئۆران روو دەدەن. ئاخێوەر کەسێکە بەناوی دکتۆر "ریۆ" کە کەسایەتیی سەرەکی رۆمانەکەشە. ئەم کتێبە بە باسێک لە خەڵک و شارەکەوە دەستپێدەکات، پاشان لە ڕێژەی مشکەکان لە شارەکەدا و مردنیان دەدوێت. ئاخێوەر یان هەمان دکتۆر ریۆ، پێیوایە کە لە دنیا ماندوو بووە و بڕوای بە هیچ خودایەک نییە و دەڵێت خواستی خۆی بووە، کە بۆتە مرۆڤ. ئەو پزیشکێکی لێزانە و لە ریزی یەکەم کەسەکاندا بوو کە هۆکاری مردنی مشک و خەڵکی بە سەرهەڵدانی نەخۆشیی لەقەڵەمدا. کەسایەتییەکانی دیکەی رۆمانەکە بریتین لە "ژان تارۆو" کە گەشتیارە. "یوزێف گراند"، کارمەندێکی بەساڵاچووی شارەوانییە. "رەیمۆند رامبێرت"، رۆژنامەوانێکە کە بۆ نوسینی راپۆرت دەچێتە شاری ئاران. کۆتارد، دراوسێی گراندە، کە ئەو نەیهێشت خۆی بکووژێت. دکتۆر "کاستێل"، هاوکاری بەتەمەنی دکتۆر ریۆ و یەکەم کەسێک بوو کە ناوی تاعونی لەسەر نەخۆشییەکە دانا. "باوکە پانێلۆو"، قەشەی شارەکەیە و تاعون بە نەهاتییەکی ئاسمانیی بۆ خەڵکی دەزانێت. بەڕێز ئۆسۆن، حاکمی دادگای شارە و لەگەڵ ژن و دوو منداڵەکەیەتی. (بڕوانە: رۆمانی "تاعون"، وەرگێڕانی رەسووڵ سوڵتانی، دەزگای موکریانی، 2013)

4 . Existencialism: ئێگزیستەنس (Existence) بە واتای هەبوونە. یەکەمجار سورێن کیرکەگۆرد، فەیلسوفی دانمارکیی ئەم وشەیەی بە واتای هەبوونی راستەقینەی مرۆڤ بەکارهێنا. هەبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی هەستکرد، واتە بوونەوەرێک کە بە شێوەی روون و راستەوخۆ لە خۆی ئاگادارە. رێبازی ئێگزیستەنسیالیزم یان

ڕێبازی ڕەسەنایەتیی هەبوون، کە یەکێکە لە ڕێبازە فەلسەفییەکان، مرۆڤێکی ئاوا بە دەستپێکی فەلسەفە دەزانێ.

هاتنەئارای ئەم ڕێبازە بەمجۆرەیە کە بەرای فەیلسوفانی ئێگزیستەنس، هەبوونی هەموو شتێک سەرتر و بانترە لە چییەتی ئەو شتە. هەموومان لە راستیدا بە هەبوونی شتەکانەوە سەرقاڵین و ئەگەر بە وردیی بڕوانین خۆمان نوقمی هەبوونی دنیا و بوونەوەرەکانی نێو ئەو دنیایە دەبینین. بەم پێیە ڕەسەنایەتیی لەگەڵ هەبوون دێت. (ئێگزیستەنسیالیزم واتە ڕێبازی ڕەسەنایەتیی هەبوون).

فەلسەفەی ئێگزیستەنس لە ژیانی هزری و ئاوەزی هاوچەرخدا کاریگەریی زۆری داناوە. لێکترازان و داڕمانی ئەورووپا پاش شەڕی جیهانیی ئەم بڕوایەی لە هەمووواندا هێنا ئاراوە، کە هزر و بایەخە باوەکان بە بێناوەڕۆک بزانن و بەم دەرەنجامە بگەن کە لە دنیایەکدا، کە تێیدا دەژیین ئاوەز و لۆژیک نەتەنیا زاڵ نییە، بەڵکو بێکەڵکیشە.

فەلسەفەی ئێگزیستەنس یان فەلسەفەی ڕەسەنایەتیی هەبوون فەلسەفەیەکی قووڵە و لووتکەی لە بەرهەمی مەزنی فەیلسوفی ئەڵمانی، مارتین هایدگێردا بە نێوی هەبوون - زەمان بدۆزینەوە.

ئێگزیستەنسیالیزمی فەرەنسایی: تەڤگەڕی بەرگریی نەیتوانی سەرلەبەری ئەوروپا بگرێتەوە، بەڵام ئەم شۆڕشە لە فەرەنسادا سەریهەڵدا. شۆڕشی راستەقینەی رووناکبیران لە نێوان شەڕەکانی ئەورووپادا روویدا. وێدەچێ لەو دۆخەدا خەڵکی فەرەنسا فەیلسوفەکانیان لە سیاستەوانان پێ گرنگتر بووە. ئەمە لەبەرامبەر ناکارامەبوونی حیزبی چەپ و نەزۆکبوونی نوخبەی شۆڕشگێڕی کۆندا سەریهەڵدا. ئەم تەڤگەڕە نوێیە واتە ئێگزیستەنسیالیزم لە لایەن دوو کەسایەتیی سەرەکیی، «ژان پەول سارتر» و ئەلبێرت کامۆوە بەرگریی لێدەکرا. ئەم زاراوەیە لە فەلسەفەی نوێی ئەڵمانەوە وەرگیراوە، کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی، دەستبەجێ

هاتەئاراوە و زیاتر لە دەیەیەک کاریگەریی گرانی لەسەر ئەندێشەی فەرەنسایی دانا. (بڕوانە: فەرهەنگی فەلسەفە.ئ. ئیسماعیل زادە، ماڵپەڕی www. Rojhalat.de).

5 . Phenomenology: دیاردەناسیی تەڤگەڕی فەلسەفییە لە سەدەی بیستەمدا. تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە سەرنجدەدات بەو وەسفانەی کە لە ئەزموون دەکرێت، واتە لەم تەڤگەڕەدا مانای شتەکان بۆ مرۆڤ لە پێشترە لە راڤەی تیۆریک. دیاردەناسیی کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر رەخنەی ئەدەبی و کولتوریدا داناوە. یەکەمجار ئەم زاراوەیە لە سەدەی هەژدەهەمدا هاتەئاراوە. لە روانگەی کانتدا دیاردەناسیی لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان بوو. لە روانگەی هیگلدا لێکۆڵینەوە بوو لەو شێوە جۆراوجۆرانەی کە مێژوو بۆ گەییشتن بە وشیاریی رەها سەبارەت بە خۆی لەبەری دەکردن. بە بەرهەمەکانی هوسێرل فەیلسوفی ئەڵمانی و هاوکارەکانی ئەم زاراوەیە بوو بە ناوی لایەنگرییەکی فەلسەفیی جیاواز لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا. (بڕوانە: فەرهەنگ اندیشەهای انتقادی، از روشنگری تا پسامدرنیته، مترجم: پیام یزدانجو، چاپ دوم -1383 لاپەڕە 179).

6 . Søren Aabye Kierkegaard: کیرکەگۆرد، فەیلسوفی دانمارکی (1813-1855) لە کۆپنهاگن لەدایک بوو. بە باوکی ئێگزیستەنسیالیزم ناودێر کراوە. کیرکەگۆرد خواناسی و فەلسەفە لە زانینگەی کۆپنهاگن فێربوو. بۆ ماوەیەک لایەنگری فەلسەفەی هیگل بوو. ئەو نەیاری بەشێک لە نەریتە فەلسەفییەکان بوو، کە لە سەردەمەکەیدا باو بوون، چونکە پێیوابوو کە ئەم فەلسەفانە چ راست بن یان درۆ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەو پرسانەدا نییە کە مرۆڤ بەکردەوە لە ژیاندا بەرەوڕوویان دەبێتەوە. بەجێی ئەوە پرسە راستەقینە فەلسەفییەکان بریتین لە: مەبەستی سەرەکی ژیانی مرۆڤ چییە؟ بوونی مرۆڤ بە چ واتایەکە؟

ئامانج و مەبەستی رووداوە مرۆڤییەکان، مرۆڤێکی کە دڵتەنگ و بێناوەڕۆک و بێواتایە، چییە؟

بەڵام ئاوەز ئەم پرسیارەی بە بێناوەڕۆک دەزانێ، چونکە ئاوەز ناتوانێ واتاکەی بدۆزێتەوە. کیرکەگۆرد بەو دەرەنجامە گەیشت: پرسیار سەبارەت بە چییەتی مرۆڤایەتی، ژیان و جیهان، لەو پرسیارانەن کە هەمووان تێوەی گلاون، بەڵام ئاوەز و فەلسەفەی سوونەتی ناتوانێت هیچ وەڵامێکیان پێ بداتەوە. ئێگزیستەنسیالیزمی کیرکەگۆرد ئێگزیستەنسیالیزمی ئایینی بوو، واتە رێی رزگاریی مرۆڤی لە بڕوا بە خودادا دەبینی. (بڕوانە: فەرهەنگی فەلسەفە، ئ. ئیسماعیل زادە، ماڵپەڕی www. Rojhalat.de).

7. Edmund Gustav Albrecht Husserl: ئێدمۆند هوسێرل فەیلسوفی ئەڵمانی، دامەزرێنەری دیاردەناسیی، شوێنی بەرچاوی لەسەر مارتین هایدێگێر، هانس گیۆرگ گادامێر، موریس مێرلیۆو- پۆنتی، ژان پەول سارتر و پەول ریکۆور دانا. ئەو ساڵی 1859 لە مۆراڤیا کە ئەوکات بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریی نەمسا، لەدایکبوو. لە تەمەنی دە ساڵیدا واتە ساڵی 1869 بۆ خوێندنی ئەڵمانیی چوو بۆ ڤیەننا. ساڵی 1876 بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانینگە چوو بۆ لەیبزیگ. لەوێ دەستی کرد بە خوێندنەوەی بیرکاری و فیزیا و فەلسەفە. ساڵی 1901 بوو بە مامۆستای زانینگەی گوتینگێن. هەر لەوێ دیاردەناسیی پۆلینبەندیی کرد. ساڵی 1938 بە یەکجاریی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. هوسێرل نوسەرێکی پڕ بەرهەمبوو و بەرهەمەکانی لە چەند بەرگ کتێبدا بە ناوی هوسێرلیانا بڵاوبوونەوە. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە 1. لێکۆڵینەوە لۆژیکییەکان، بەشی یەکەم، بەراییەک بۆ لۆژیکی سەڵت (1900) 2. لێکۆڵینەوە لۆژیکییەکان، بەشی دووهەم، لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەناسی و تیۆری لۆژیکی زانست (1901) 3. دیاردەناسیی کاتی وشیاریی

دەروونی، پێداچوونەوەی هایدێگێر 4. تێڕامانە دێکارتییەکان.

8 . Rationalism: ئاوەزخوازیی رەوتێکی فەلسەفییە کە پێیوایە ئاوەز رۆڵێکی یەکلاییکەرەوەی هەیە و گرنگییەکی تایبەتی پێدەدات. ئاوەز بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراوە، بەمپێیە تێگەییشتنی تەواو جیاواز لەبارەی ئاوەزخوازییەوە لە ئارادان. لە ئایین و خواناسیدا دەتوانین ئاوەزخوازیی لە بەرامبەر سروش و سۆفیگەریی دابنێین. خواناسە ئاوەزخوازەکان لەسەر ئەم رایەن، کە پێگەی ئاوەز لە سرووشی ئاسمانیی باڵاترە و لە فۆڕمی مرۆڤی یان خوایی خۆیدا بەدیهێنەری داهێنەر و لەوپەڕی دنیای ماتریالە و سەربەخۆیە لە ئەزموون. لە نڤیسارە مرۆڤناسییەکاندا ئاوەزخوازیی لە هەمبەر هەست و وروژاندا هاتووە.

فەلسەفەی ئەخلاق ئاوەزخوازیی بە هاوکێشی چەمکی﴿intellectualism﴾ زانیوە و پێیوایە زانست و وشیاریی باڵاترن لە هەست و وروژان. لە تیۆری مەعریفەدا، ئاوەزخوازیی لە بەرامبەر هەستباوەڕی و ئەزموونباوەڕیدا خۆی نیشاندەدا و ئاماژە بەوە دەکات، کە سەرچاوەی زانست و زانایی‌ش لە نێو ئاوەز (نەک هەست) دایە. سەدەکانی حەڤدە و هەژدەی زایینی لە ئەوروپا، سەردەمی گەشەونەشەی فەلسەفەی راسیونالیستییە لە چوارچێوەی سیستمە هزرییەکانی دێکارت و سپینۆزا و وۆڵف و لەیبنیزدا، کە بە سەردەمای راسیونالیزم ناسراوە. دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمانە بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین: بڕوا بە مەعریفەی سەربەخۆ لە ئەزموون ﴿a priori﴾، ئاراستە و مەیل بەرەو بیرکاریی بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان و بەتایبەتی کەڵکوەرگرتن لە شێوازە هەندەسییەکان، بنەماخواز و پێوەرانە.

کانت بە تێڕوانینە تاکڕەهەندییەکانی ئەزموونباوەڕی و راسیونالیزمدا رۆدەچێ و هەڵیاندەسەنگێنێ. درێژەی مشتومڕە ئەزموونباوەڕی و

راسیونالیستییەکانی سەردەمای ئێمە خۆی لە نێو تیۆری راسیونالیستیی گەیشتن بە زمان لە لایەن نوام چۆمسکییەوە دەردەخات، کە کەوتۆتەبەر رەخنەی توندی ئەزمونباوەڕەکان. (بڕوانە: فەرهەنگی فەلسەفە، ئ. ئیسماعیل زادە، ماڵپەڕی www.Rojhalat.de).

9 . René Descartes: رێنێ دێکارت، ساڵی 1596 لە فەرەنسا لەدایک بوو. بە هۆی مردنی دایک و باوکییەوە، لەلایەن دایەنێکەوە بەخێودەکرێت و دێکارت هەتا کۆتایی تەمەنی دایەنی خۆی لەبیرناکات و موچەیەکی وەک مانگانە پێدەدا، هەروەها پاش مردنیشی ئەم ئەرکەی خستەسەر میراتگرانی خۆی.  ساڵی 1616: لە 9وە هەتا 10ی نۆڤەمبری هەمان ساڵدا، دێکارت لە زانینگەی پۆیتیەر بڕوانامەی فەرمیی لە لقی ماف وەردەگرێت.

دێکارت ساڵی 1628 سەرقاڵی نوسینی دەقی لاتینیی کتێبی رێسا ببوو بەڵام نەیتوانیبوو تەواوی بکات و لە سەردەمی ژیانی نوسەردا چاپ و بڵاونەبۆوە. لە نوڤەمبری 1933دا دێکارت ئاگادار دەبێت کە نوسینەکەی گالیلە لە مانگی ژووەندا شەرمەزار کراوە. لەبەر ئەوە کە "نامیلکەی جیهان" بە زمانی فەرەنسا تەواودەکات، خۆی لە چاپکردنی دەبوێرێ. ئەم نامیلکەیە و دەقی فەرەنسایی نامیلکەی مرۆڤ لە ساڵی 1664دا واتە چاردە ساڵ پاش مردنی فەیلسووف چاپ و بڵاوبۆتەوە. لە ژونی ساڵی 1637دا نامیلکەی "پەیڤ لە رەوشتدا" بە زمانی فەرەنسایی لە شاری لیدن، بە بێ نێوی نوسەر چاپدەکرێت، هەروەها لەگەڵ چەند نامیلکەیەکیش سەبارەت بە زانستی بینین و نێزەکیەکان و هەندەسە هەر بەمجۆرە بڵاودەبنەوە.

ساڵی 1641: چاپی دەقی لاتینیی تێڕامانەکان.

لە 17ی مارسی 1642دا، زانینگە ئەو شتە شەرمەزار دەکات کە پێی دەڵێ فەلسەفەی نوێ (بە بێ ئاماژەکردن بە نێوی فەیلسوف). ناکۆکیی

هەروا درێژەی دەبێت، هەتا ساڵی 1643 شەرمەزارکردنێکی دیکە تووشی فەلسەفەی دێکارت دەکەن. هەڵبەت بە نێوبژیوانیی دۆستانی دێکارت و باڵیۆزی فەرەنسا لە هۆڵەند، هەڕەشەکان کەمتردەبنەوە. لە ساڵی 1645دا مشتومڕەکان بە گرژییەکی زیاترەوە دەستپێدەکەنەوە، هەتا ئەوەی لە 12ی ژووەندا، زانینگە بڵاوکردنەوەی هەموو چەشنە نوسینێکی چاک یان خراپ سەبارەت بە بۆچوونی دێکارت یاساغ دەکات. لە مانگی مەی هەتا نۆڤامبری ساڵی 1644دا دێکارت لە فەرەنسا بووە، بەڵام لە ئامێستێردام، لە غیابی ئەودا، کتێبی بنەماکانی فەلسەفە بە زمانی لاتینیی بڵاودەبێتەوە. ڕێکەوتی چاپ، دەیەمی ژووئیەیە و کتێبەکە پێشکەشی شازادە خاتوون کراوە. ساڵی 1645 و 1646، دێکارت بە خواستی شازادەخاتوون ئێلیزابێت تەواوی وەرزی زستانی بۆ نوسینی نامیلکەی ئاڵوگۆڕە ناخییەکان تەرخانکردووە.

دێکارت لە 11 فێڤریەی ساڵی 1650دا لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی دەکات. نوسین و بەڵگەنامەکانی کۆ دەکرێنەوە و دەدەرێت بە کلێرسێلیە و ئەویش هاوپێچ لەگەڵ نامەکان لە سێ بەرگدا چاپیاندەکات. (ژیان و بەسەرهاتی دێکارت، و. ئیسماعیل ئیمساعیل زادە، وەرگیراوە لە کتێبی: دکارت و فلسفەی او، تالیف: دکتر کریم مجتهدی، چاپ اول: 1382، انتشارات امیرکبیر.)

10 . Absurdity

11 . Leon Chestov

12 . Jaspers: یاسپێرس (1883-1969) کە خوێندنی پزیشکی و دەروونناسیی تەواوکردبوو، لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا چووە ناو بواری فەلسەفەوە و بوو بە یەکێک لە دارێژەرانی بناغەی ئێگزیستەنسیالیزمی هاوچەرخ و لە ریزی ئەو یەکەم فەیلسوفانەدایە، کە زاراوەی ئێگزیستەنسیالیستی بەکارهێنا. ئەو لە ساڵی 1883 لە ئەڵمان

لەدایکبوو و ساڵی 1948 کۆچی دوایی کرد. لە بەرهەمەکانی دەتوانین ئاماژە بکەین بە 1. کتێبی فەلسەفە لە سێ بەرگدا (1935) 2. نیتشە (1936) 3. لۆژیکی فەلسەفیی (1947) 4. دەسپێک و کۆتایی مێژوو (1950) 5. فەیلسوفە مەزنەکان (1957).

13 . Leap of Faith بازدان بەرەو ئیمان، بازدانی ئیمانی. کیرکەگۆرد بۆ پێناسەی ئەم دەستەواژەیە، چیرۆکی ئادەم و حەوا دەگێڕێتەوە و بەتایبەتیی بازدانی لە ناکاوی ئادەم بەرەو تاوان. بازدانی ئادەم بە واتای گۆڕانە لە چونایەتییەکەوە بۆ چۆنایەتییەکی دیکە، واتە لە چۆنایەتییەکەوە کە هیچ تاوانێکی هەڵنەگرتبوو بەرەو چۆنایەتییەك کە ناچار کرا تاوان بکات. کیرکەگۆرد دەڵێ تێپەڕین لە چۆنایەتییەکەوە بۆ چۆنایەتییەکی دیکە تەنیا بە بازدان دەکرێت و کاتێ تێپەڕین رووبدا مرۆڤ راستەخۆ لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دەچێت و قەت نابێتە خاوەنی هەردوو دۆخەکە. کیرکەگۆرد ئەم بازدانە بۆ مەسیحی بوون بە پێویست دەزانێ چونکە ئایینی کریستیانی هەڵگری دژوازییە. (نوسەر).

14 . Raison

15 . Nihilist: نیهیلیست کەسێکە کە بڕوای بە ژیانی بێ مانا و بێناوەڕۆک هەیە. یەکەمجار نیهیلیزم لە سەدەی 19ی رووسیا و لە سەرەتاکانی سەردەمای حکومەتی ئەلێکساندری دووهەم هاتەئاراوە. لەپێشدا ئیڤان تورگێنێڤ بوو، کە لە رۆمانی بەناوبانگی "باوکان و کوڕەکان"دا ئەم وشەیەی لە رێگەی کەسایەتییەکەوە بەناوی بازارۆفی نیهیلیست خستەسەر زاران. ئەم تێفکرینە لە ئەنجامی وێرانیی پاش دوو شەڕی جیهانیی ئەوروپادا تەشەنەیکرد.

یەکێک لە گرنگترین رەوتەکانی بێناوەڕۆکخواز، بێناوەڕۆکخوازیی ئێگزیستەنسە، ئەگەرچی زۆربەی ئێگزیستەنسیالیستەکان خۆیان بەدەر لە بێناوەڕۆکخوازیی دەزانن. بێناوەڕۆکخوازیی دەربڕی فۆڕمێکی ناکامڵە

له پۆزێتیڤیزم و ماتریالیزم، شۆڕشێک دژ به سیستمی کۆمەڵایەتی و نەیاری تەواوی سەرچاوەکانی دەسەڵات که حکومەت و کەنیسه و بنەماڵه پەرەی پێدەدەن. ئەو فەیلسوفانەی به نیهیلیست ناودێر کراون بریتین له نیتشه، دیڤید هیوم، کافکا و کامۆ. (ئ. ئیسماعیل زاده.)

16 . Aristotle: ئەرستۆ له ساڵی 384ی پێش زایین له مەکدونییه لەدایک بوو. ئەرستۆ له گەنجیدا بۆ خوێندن له ئاکادیمیی پلاتۆن چوو بۆ ئەسینا. لەوێ له لایەن پلاتۆنەوه به ئاوەزی وێناکراوی ئاکادیمییەکه ناودێر کرا. پاش مردنی پلاتۆن ئاکادیمیاکەی بەجێهێشت. پاش ماوەیەک فلیپی پاشای مەکدونییه، ئەرستۆی بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکەی واته ئەسکەندەر بانگهێشتی کۆشکەکەی کرد. کاتێ ئەرستۆ دەستیکرد به بارهێنانی ئەسکەندەر، ئەسکەندەر تەمەنی 13 ساڵان بوو و ماوەی 12 ساڵ سەرقاڵی ئەم کاره بوو.

دواتر چوو بۆ ئەسینا و قوتابخانەی خۆی به ناوی لوکیون دامەزراند. دەگوترێ لەو سەردەمدا ناوبراو پشتگریی گشت لایەنەی ئەسکەندەری له پشت بوو و یەکەم باخچەی ئاژەڵانیش ئاوا کرد.

پاش مردنی ئەسکەندەر له ساڵی 323 بەرله زایینیدا، ئەسینایییەکان به دژی دەسەڵاتی مەکدونی رادەپەڕن. ئەرستۆش کەوتەبەر ئەو شەپۆله. لەو سەردەمەدا یەکێک له ئایینییەکانی ئەسینا له دژی ئەرستۆ شکات دەکات، بەو بیانوویەی که ئەو کاریگەریی سەدەقه و قوربانیکردن رەتدەکاتەوه. بەمجۆره ئەرستۆ ناچار دەبێت له ئەسینا رابکات و ساڵێک دوای ئەم رووداوه له تەمەنی 63 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

زۆربەی بەرهەمەکانی ئەرستۆ، که له پاش خۆیەوه بەجێماون هیچیان وەک کتێب نەنووسران، بەڵکو زیاتر نامیلکەی وانەیین، که خوێندکارەکانی گردوکۆیان کردەوه. شێوازی نوسینی ئەو بەپێچەوانەی پلاتۆن، له جوانکاریی نوسینی ئەدەبیی بەدووره. بەرهەمەکانی ئەرستۆ

گشت زانستەکانی یۆنان بێجگەلە بیرکاریی وەخۆدەگرێت. بەشێک لە لقەکانی زانست کە ئەرستۆ پێیانەوە سەرقاڵ بوو، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا یەکەم کەڕەت بوو کە کەسێک بە شێوەیەکی جیدی و سیستماتیک لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبێتن.

ئەرستۆ بە پێچەوانەی مامۆستاکەی هەوڵنادا پشت بە زەین ببەستێ و دەیهەوێ بە جۆرێک ریالیزمی باش بڕوانێت و دواتر روانینەکانی بە داهێنانی یاساگەلێکی ورد بخاتەبەر لێکۆڵینەوە. ئەو بە بوێرییەوە تەواوی ئەم چەشنە روانین و راڤەی روانینەکانی بەپێی یاسا دیاریکراوەکانییەوە بەسەر گشت لقە زانستییەکاندا گشتگیر دەکات. بەم پێیە لە کاتی خوێندنەوەی ئەرستۆدا لەگەڵ ئەستیرەناسیی ئەرستۆ، بایۆلۆژیی ئەرستۆ، دەرونزانیی ئەرستۆ و سیاسەتی ئەرستۆ بەرەوڕوو دەبینەوە. ئەو هاوڕێ لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەم زانستانە، زانستەکانیش پۆلینبەندیی دەکات.

رەنگە گرنگترین باسێکی کە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بلیمەتە مەزنە لەگەڵی بەرەوڕوو دەبینەوە شێوەی راڤە و دەرەنجام وەرگرتنێکە کە ئەو بۆ ئەم روانینانە و بەگشتیی بۆ بیرکردنەوە ئاراستەی کردوون. لە راستیدا بابەتێکی کە لە نێو ئەو بابەتانەی ئەرستۆ ئاراستەی کردوون و کەمتر لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا دەستکاریکراوە، لۆژیکی ئەرستۆیە کە هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوە ئەرستۆ وەک داڕێژەری لۆژیک لەسەر زمانان بێت. گرنگترین بەرهەمی ئەو لە لۆژیکدا ئەرگەنۆن (organon) بریتییە لە پێنج بەشی (Categoriws) و (On Interpretation) و (Analytics).

ئەرستۆ پێیوایە کە تەواوی زانستەکان لە جەغزی فەلسەفەدا جێگیرن. ئەو زانستی مرۆڤیی بە سێ بەشی سەرەکیی دابەشدەکات: فەلسەفەی تیۆری، فەلسەفەی پراکتیکی و فەلسەفەی ئەدەبی. فەلسەفەی ئەدەبی: بۆنمونە وەکو شیعر و ئەدەبیات و شتی لەم بابەتە. فەلسەفەی پراکتیکی:

بۆ نمونە وەکو ئەخلاق ، سیاسەت و ئابوری. فەلسەفەی تیۆریش بە سێ بەشی سەرەکی دابەش دەکا: 1. زانستە سروشتییەکان وەکو فیزیک و بایۆلۆژی. 2. بیرکاریی. 3. فەلسەفەی میتافیزیک و خواناسیی.

ناسراوترین کارەکانی ئەرستۆ لە زانستە سروشتییەکاندا هەڵە زانستییەکانی ئەون. بەشی دووهەمی فەلسەفەی تیۆریی ئەو بیرکارییە کە بەهۆی ئەوەی هیچ هۆگرییەکی بۆ بیرکاریی نییە زۆر خۆی لە قەرە نادات. بەشی سێهەمی فەلسەفەی تیۆریی ئەرستۆ فەلسەفەی میتافیزیکیی ئەوە. (بڕوانە: فەرهەنگی فەلسەفە، ئ. ئیسماعیل زادە، ماڵپەڕی www. Rojhalat.de).

17 . Martin Heidegger: مارتین هایدێگێر (1889-1976) لە خوێندکارانی هۆسێرل و جێگرەوەی ئەو لە زانینگەی فرەیبورگ کە لەگەڵ ویتگێنشتاین بە شوێندانەرترین فەیلسوفی سەدەی بیستەم دادەنرێت. زۆربەی بزووتنەوەکانی ئێستا لە ناو هزری ئەوروپاییدا، لەژێر کاریگەریی خەستی فکری هایدگەردا بوون. وەکو ئێگزیستەنسیالیزم، هێرمۆنۆتیک و پاش پێکهاتەخوازیی (Post-structuralism). دەتوانرێ هەوڵە هزرییەکانی هایدگەر لە سێ پرسی بەیەکەوە گرێدراوادا ببیندرێت کە لە سەرلەبەری نڤیسارەکانی دا رەنگیان داوەتەوە. یەکەم، پرسی سەرەکیی فەلسەفە پرسیاری هەبوونە. دووهەم، تاکانەیی ئەزموونی مرۆڤی واتە دازاین Dazein ە. سێهەم پرس ئەوەیە کە ئەزموونی مرۆڤیی لانیکەم لە سەردەمای مۆدێرنیتەدا لەگەڵ چیەتییە راستەقینەکەی خۆی ناگونجێت. میتافزیکی ئەو ئێگزیستەنسیالیزمی دیاردەخوازانەیە. هایدگەر زەمانی کردووە بە سێ بەشەوە: زمانی رۆژانە، زەمانی سرووشتی و زەمانی جیهانیی. هەروەها فەلسەفەی هایدگەر دەچێتەوە سەر رۆمانتیزمی ئەڵمانی. پێکهاتەهەڵوەشێنیی (Deconstruction) ئەو سەبارەت بە میتافیزیکی گرێدراو بە سوبژەوە، رەخنەی رۆمانتیکیی هیومانیزمی

سەڵتە. لە نێو بەرهەمەکانی هایدگەردا دەتوانین ئاماژە بکەین بە کۆتایی فەلسەفە، سەبارەت بە هیومانیزم، پرسیاری تێکنۆلۆژی، هەبوون و زەمان. (بڕوانە: فەرهەنگ اندیشەهای انتقادی، از روشنگری تا پسامدرنیتە، مترجم: پیام یزدانجو، چاپ دوم -1383 لاپەڕەکانی 831، 832 و 833،).

18 . Jean-Paul Sartre: ژان پول سارتر (1905-1980) فەیلسوف و نوسەری فەرەنسایی کە بە هاتنەسەر زاری ناوی ئەو، فەلسەفەی ئێگزیستەنسیالیزم دێتەوەبیر، هەروەها ئەو بە هۆی شانۆنامە و ڕۆمانەکانییەوە، کە هەڵگری پرسە فەلسەفییەکانن، ناوبانگی هەیە. سارتر زیاتر لە هەمووان کەوتەژێر کاریگەریی دێکارت، کانت، هیگل، هۆسێرل، یاسپێرس و هایدێگێر. ئەو لە بەرهەمەکانیدا زیاترین هەوڵیدا هەتا سازانێک لە نێوان ئێگزیستەنسیالیزم و مارکسیزمدا سازبکات. سارتر پێیوایە کە ئێمە ملکەچی ئازادبوونین. وشیاریی مرۆڤ ئەوەیە، کە بوونی نییە، ئەو شتە نییە کە هەیە. ئێمە بەتەنیایی بەرپرسی دەستنیشانکردنی کردەکانی خۆمانین و بۆ راکردن لە ئازادیی خۆمان، ناتوانین ئەم بەرپرسیارێتییە بخەینە ئەستۆی سەرچاوەیەکی دەرەکی، بەڵام ئەمەش بەم واتایە نییە کە بە شێوەی ناژیرانە بجووڵێینەوە. ژیانی چالاکانەی سارتر دوو بەشە، بەشی یەکەم پاش نوسینی کتێبی "هەبوون و نەبوون" و ڕۆمانی "ڕشانەوە". لەم قۆناغەدا بڕوای تەواوی بە ئازادیی بنچینەیی هەبوو. بەشی دووهەم، زیاتر وەکو ڕووناکبیرێکی چالاکی سیاسیی دەردەکەوێت و دەبێتە لایەنگری کۆمۆنیزم و هیچ نابێتە ئەندامی فەرمیی حیزبی کۆمۆنیست. ساڵی 1929 لەگەڵ سیمۆن دێ بیۆڤۆیر، فەیلسوف، نوسەر و فێمێنیستی فەرەنسایی ئاشنا دەبێت و هەتا کۆتایی ژیانی دەبێتە نزیکترین کەسی سارتر. ساڵی 1964 خەڵاتی نۆبێلی پێدەدرێت بەڵام خۆی لە وەرگرتنی بوارد. لە گرنگترین بەرهەمەکانی سارتر دەتوانین ئاماژە بکەین بە ڕۆمانی ڕشانەوە، هەلسەنگاندنی

ئاوەزی دیالێکتیک، دیوار، مێشەکان، ڕێگاکانی ئازادیی، ژنانی ترۆی، هەبوون و نەبوون، وشەکان . (بڕوانە: فەرهەنگ اندیشەهای انتقادی، از روشنگری تا پسامدرنیته، مترجم: پیام یزدانجو، چاپ دوم -1383 لاپەڕەکانی 342 و 343).

19 . Friedrich Nietzsche: فرێدریش نیتشە (-1844 1900) لە شاری روکێنی ئەڵمان لەدایک دەبێت. لە زانکۆکانی بۆن و لەیپزیگ (1964 1965-) لقی فیلۆلۆژیی کلاسیکی خوێند.ساڵی 1869 و لەتەمەنی 24 ساڵاندا بوو بە مامۆستای فیلۆلۆژیی کلاسیک لە زانینگەی بازێلی سوویسڕا. لە ساڵی 1889 باری دەروونیی ئەو تێکچوو و قەت چاک نەبۆوە. نوسینەکانی نیتشە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر فەلسەفە و ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنەیی و تەنانەت خواناسیی داناوە. کەسانێکی وەکو سیگمۆند فرۆید، توماس مان، لۆکاچ، ئادۆرنۆ، دریدا و لیوتارد هەرکامیان بە چەشنێک کەوتنەژێر کاریگەریی نیتشەوە. لە سەدەی بیستەمدا بەسەرهاتی نیتشە هەڵکشان و داکشانی هەبوو. ناوی ئەو لەسەر زاری ڕەخنەگرە جۆراوجۆرەکانی میلیتاریزمی ئەڵمانی لە شەڕی جیهانیی یەکەم و شەڕی جیهانیی دووهەمدا بووە. ئەمەی شەڕی جیهانیی دووهەم زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە خوشکی نیتشە تێکەڵاوی نازییەکان ببوو، بەڵام لە دنیای ئینگلیزی زماندا بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی والتێر کەوفمان، زۆربەی تێگەییشتنە ناڕاستەکانی سەر نیتشە کەوتنەبەر ڕەخنەوە. نیتشە شۆپێنهاوێری بە پێشەوای فکریی خۆی هەڵبژارد. ساڵی 1869 هاووڵاتیبوونی ئەڵمانی خۆی بۆ هەمیشە هەڵوەشاندەوە و هەتا کۆتایی تەمەنی بە بێ وڵات ژیا. لە کاتێکدا ئەو لە ئەڵمان و سویسڕا و ئیتالیا سەرگەردان بوو، گرنگترین بەرهەمەکانی خۆی خوڵقاند. نیتشە دە ساڵی کۆتایی تەمەنی تووشی شێتیی بوو و ساڵی 1900 بۆ هەمیشە چاوەکانی وێکنا. لە گرنگترین بەرهەمەکانی نیتشە، دەتوانین

ئاماژە بکەین بە: رەچەڵەکناسیی ئەخلاق، ئێستا لە نێوان دوو هیچدا، فەلسەفە لە چاخی تراژیکی یۆناندا، وەهای وت زەرتەشت، ئەولای چاکە و خراپە. (بڕوانە: نیتشە و سەرچاوەی چەمکی مۆدێرنیزم، و. ئیسماعیل ئیسماعیلزادە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس و فەرهەنگ اندیشەهای انتقادی، از روشنگری تا پسامدرنیته، مترجم: پیام یزدانجو، چاپ دوم -1383 لاپەڕەکانی 801 بۆ 804).

20 . Georg Wilhelm Friedrich Hegel: گیۆرگ ویلهێڵم فرێدریش هیگل، فەیلسوفی ئەڵمانی،ساڵی 1770 لە شتووتگارت لەدایک بوو و ساڵی 1831کۆچی دوایی کرد. تاقمێک لە فەیلسوفەکان ئەو بە بیرمەندێکی دواکەوتوو، تاقمێکیش پێیدەڵێن پاوانخواز، چەند فەیلسوفێکی دیکەش بە توندئاژووی دەناسن. ئازادیخوازانیش بە شوێندانەری هیتلێر و موسولینیی ناودێر و شەرمەزاری دەکەن. هیگل لەسەرەتادا ئەڤینداری ئازادیی بوو، بەڵام دواتر کەوتەژێر کاریگەریی یوهان گۆتلییەب فیشتە و دەستدرێژیی ئەڵمان. تەنانەت بۆ هێورکردنەوەی ئەو خوێندکارانە شۆڕشگێڕانەی وەدوای هزری شۆڕشی فەرەنسا کەوتبوون، کرا بە مامۆستای بەشی فەلسەفە لە زانینگەی بێرلین. هیگل یەکەم فەیلسوفێک بوو کە کتێبێکی بەناوی "مێژووی فەلسەفە" نوسی. ئەم نوسینە بووەهۆی دابڕان لە نەریتی فەلسەفیی رۆژئاوا. ئیتر فەلسەفە گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هات. ئیتر شێوەی مێژووی هیگل باڵی کێشایەسەر هەموو بەشەکانی خواناسی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. ئەو بە پێداگریی لەسەر رەوشتی مێژوویی راستیی، بوو بە شوێندانەری سەرەکی لەسەر تەڤگەڕە مۆدێرنەکانی وەک ئێگزیستەنسیالیزم و پێکهاتەهەڵوەشێنی.

هیگل لە کاتی ژیانیدا چوار کتێبی بە ناوەکانی دیاردەناسیی رۆح، زانستی لۆژیک، ئێنسیکلۆپێدیای زانستە فەلسەفییەکان، توخمەکانی فەلسەفەی راست، دیالێکتیکی ئەرباب و کۆیلە. بەرهەمەکانی دیکەی

بریتین لە  ئاوەز لە مێژوودا، سپینۆزا. (بڕوانە: بزرگان فلسفە، مترجم: فریدون بدرەای، چاپ پنجم، لاپەڕە 433.)

21 . Gottfried Wilhelm Leibniz: گۆتفرێد ویلهێلم لەیبنیز، فەیلسوفی ئەڵمانی، ساڵی 1646 لە لەیپزیگ لەدایکبوو و ساڵی 1716 کۆچی دوایی کرد. بیرکاری و فەلسەفە و مافی خوێند. یەکەم وتاری فەلسەفی خۆی لە تەمەنی 17 ساڵاندا نوسی. لە فەلسەفەدا هەوڵیدا پلاتۆن لەگەڵ دێمۆکریتوس، سپینۆزا لەگەڵ دێکارت، فەیلسوفانی قوتابخانەی سەدەکانی ناڤین لەگەڵ زانا نوێیەکان و خواناسیی لەگەڵ ئاوەز ئاشتبکاتەوە. ڕەخنەی لە "جۆن لۆک" گرت کە دەیوت سەرچاوەی هەرچی لە هزر دایە دەگەڕێتەوە بۆ هەستەکان. سیستمی ڕاستەقینەبینانەی لەیبنیز لە سەردەمای خۆیدا چاپنەکران، لەبەر ئەوەی دەترسا کە نەکا بیر و بۆچوونەکانی ببنە هۆی برینداربوونی ئەو شازادانەی کە ئەو لەلایەن بوو. لەیبنیز نەتەنیا فەیلسوفێکی دوو جۆریی بوو، بەڵکو کەسایەتیەکەشی هەروا بوو. زەینێکی مەزن و تروسکەدار، بەڵام بێ ورە و ترسنۆک بوو. لە ڕووی بیر و هزرەوە لە دیارترین بیرمەندانی دنیا بوو، بەڵام لە کۆشکەکانی ئەڵماندا ڕەوشتی نۆکەرانە و دەست لەسەر سینگی هەبوو. (بڕوانە: بزرگان فلسفە، چاپ پنجم، لاپەڕە 358.)

22 . John Locke: جۆن لۆک (1632 - 1704)، داڕێژەری فەلسەفەی حکوومەتی دیموکراسی، لە بریتانیا لەدایکبوو. لە ئاکسفۆرد دەرسی خوێند. یەکەم بەرهەمی ئەو بەناوی "دوو نامیلکە لەبارەی حکومەت"ەوە بڵاوکردەوە. دەکرێ فەلسەفەی لۆک بەمجۆرە چڕبکرێتەوە: سەربەخۆیی تاکەکان لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی، پاڵپشتیکردنی یەکتریی نەتەوەکان لە وڵاتان ئەویش لە دنیایەکی ئازاددا، سەقامگیربوونی ئەخلاق بە پێی هاوکاریی لە نێو هەموو مرۆڤەکاندا. لە

بەرهەمەکانی دیکەی جۆن لۆک دەتوانین ئاماژە بکەین بە: ناميلكەيەک سەبارەت بە تێگەییشتنی مرۆڤ (1687)، ناميلكەيەک سەبارەت بە فێرکردن و بارهێنان (1693). (بڕوانە: بزرگان فلسفه، لاپەڕە 352 بۆ 357.)

23 . David Hume: دەیڤید هیوم (1711-1776) فەیلسوفی سکۆتلاندی، بێجگەلە بواری فەلسەفە لە سیاسەتیشدا دەورێکی چالاکی هەبوو. لە فکردا کاریگەریی مەزنی لەسەر کانت، ویلیام جەیمز، بێرتراند روسێل و ئالبێرت ئەینشتەین دانا. هیوم فەلسەفەی لەو شوێنەوە دەستپێکرد کە گیۆر بێرکلەی تەواوی کردبوو. ئەو کەسێکی ئەزموونخواز بوو و میتافیزیکی رەتدەکردەوە. سەبارەت بە ئایین وتی کە بەهۆی ئەوەی ئایین پاساو نادرێتەوە یان مۆجزاتی پەیامبەران گاڵتەجاڕانە بوون، قبووڵ ناکرێت و خۆی لێ دەبوێردرێت، بەڵام ئەمڕۆکە پێموانییە کەسێکی بیرمەند هەبێت تەنانەت هۆیەکی گونجاو بۆ پاساوی دین بدۆزێتەوە.

لە بەرهەمەکانی دەیڤید هیوم دەتوانین ئاماژە بکەین بە: مێژووی بریتانیا، ناميلكەيەک سەبارەت بە سرووشتی مرۆڤ، لێکۆڵینەوە لەسەر تێگەییشتنی مرۆڤ، مێژووی سرووشتیی ئایین، سەبارەت بە پێوەرەکانی مەیل و تراژێدی. (بڕوانە: بزرگان فلسفه، لاپەڕە 440.)

24 . Don Juanism: دۆن ژوان کەسایەتیی ئەفسانەیی ئیسپانییە کە وای دەنواند مەیلێکی توندی سێکسیی بۆ قوربانییەکانی خۆی هەیە. کەسایەتیی ئەم پیاوە وردەوردە هاتە ناو خەسارناسیی نەخۆشییە دەروونییەکان. دۆن ژوانخوازیی ئاماژە بە رەوشتی ئەو پیاوانە دەکات کە وای دەنوێنن مەیلێکی توندی سێکسییان هەیە و لەوپەڕی دان. بە واتایەکی دیکە دۆن ژوانخوازیی لایەنگری بەرەڵلایی سێکسییە. ئەم چەشنە چالاکییە سێکسییانە بۆ شاردنەوەی هەستی قووڵی خۆکەمبینینە. دۆن ژوانەکان پاش ئەوەی بە مورادی خۆیان گەییشتن، ئیتر هیچ

مەیلێکیان بۆ هەمان ژن نامێنێت. (ئ. ئیسماعیل زادە )

25 . Johann Wolfgang von Goethe: یوهان وۆلفگانگ ڤۆن گۆتە (1832-1749) شاعیر، نوسەر، شێوەکار، مرۆڤناس، فەیلسوف و سیاسەتوانی ئەڵمانیی بوو. ئەو بە یەکێک لە گرێکەرەوە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانی و تەڤگەڕی وەیمار، هەروەها رۆمانتیسیزم دادەنرێت. ئەو بۆ خوێندن مامۆستای تایبەتی هەبوو، لەلای ئەوان زمانەکانی یۆنانی، لاتین، ئیتالی، ئینگلیزی، عیبری، زمانی جولەکەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی و مۆسیقای خوێند. هەروەها لەساڵی 1759دا کاتێک سوپای لودڤیکی پازدەهەم لە ماوەی شەڕەکانی حەوت ساڵەدا شاری فرانکفۆرتیان داگیر کرد، فێری زمانی فەرەنساش بوو. ساڵی 1765 بە هۆی پێداگریی باوکی بۆ خوێندنی ماف چوو بۆ لەیپزیگ و لەو شارەدا پەیوەندیی ئەڤینداریی گرێدا و بوو بە هەوێنی یەکەم شیعرەکانی. پاش ئەو ئەڤینەی زۆر ژنی دیکەش هاتنە ژیانییەوە. بە هۆی هاندانی یۆهانگوتفرێد ڤۆن هێردێر، دەستیکرد بە نوسینی دراما و ساڵی 1774 بڵاوی کردەوە و بەم بۆنەوە ناوی چووە ریزی ئەدیبە مەزنەکان. گرنگترین دراماکانی گۆتە بریتین لە پرۆمتیوس، ستێللا، کلاڤیگۆ. لە ماوەی نوسینی دراماکانیدا بەشێک لە شانۆیی بەناوبانگی فاوست-یشی نوسی. ساڵی 1772 دڵی بە کچێکی گەنج بەناوی شارۆت بوڤ دۆڕاند، بەڵام ئەم کچە گەنجە ژنی هاوڕێکەی بوو و بەم هۆیە هیوایەکی بەم ئەڤینە نەبوو، بەڵام بەرهەمی ئەم ئەڤینە رۆمانی بەناوبانگی ”ئازارەکانی وێردتێری گەنج“ بوو کە ساڵی 1774 بڵاوبۆوە. گۆتە لە ماوەی ساڵەکانی 1792 و 1793 لە شەڕەکانی نێوان ئەڵمان و فەرەنسادا بەشداریی کرد و بیست ساڵ دواتر بیرەوەرییەکانی ئەو شەڕانەی نوسیەوە. ساڵی 1794 لەگەڵ شاعیری مەزنی ئەوکاتی ئەڵمان بەناوی“فرێدریش شیللەر” ئاشنا بوو و لەگەڵ ئەو کۆمەڵە شیعری ”Xenien“ بڵاوکردەوە. ساڵی 1797

کۆمەڵە شیعری "هێرمان و دۆرۆتیا"ی چاپکرد. گۆتە لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا سەرقاڵی تەواوکردنی شاکارەکەی واتە فاوست بوو. (بڕوانە: بزرگان فلسفه، لاپەڕە 296 بۆ 311.)

26 . Caligula: شانۆیی کالیگولا لەبارەی ژیانی کالیگولا، سێهەم ئیمپراتۆری ڕۆم نووسراوە کە لە تەمەنی بیست و یەک ساڵاندا، بوو بە ئیمپراتۆر و ساڵی 41ی زانیینی کوژرا. شانۆییەکە ئەوە دەردەخات کە کالیگولا، ئیمپراتۆری گەنجی ڕۆمی، بە مردنی خوشکەکەی بەناوی دروسیللا کە هاوکاتیش ئەڤینەکەی بوو، شێت دەبێت. کامۆ شانۆییەکەی وا داڕشتووە کە کالیگولا لەئاکامدا بە ئەنقەست دەرفەتی کووژرانی خۆی دەرەخسێنێت. پاش مردنی دروسیللا، کاتێک کالیگولا بەڕاستیی مردنەکە دەزانێت، حکوومەتی ترس و تۆقاندان دەستپێدەکات. مردن نسێی خۆی دەخاتەسەر کەسە نزیکەکانی ئیمپراتۆر. کالیگولا کە ئەمێستاکە دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، تووشی بێناوەڕۆکیی دەبێت. (ئ. ئیسماعیل زادە.)

27 . James Wood

28 .Terminology: تێرمینۆلۆژی یان زاراوەناسیی بە ڕەوتێک دەوترێ کە دەپەرژێتەسەر خوێندنەوەی زاراوە. ئەم وشەیە یەکەمجار لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم لە زمانی ئەڵمانیدا و لە لایەن گۆتفرەید شوتزەوە بەکارهێنرا. لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ئەم وشەیە کراوە. تاقمێک پێیان وایە ئەم وشەیە بۆ زاراوەکان یان ئەو وشە تایبەتانەی لە زانست، هونەر، پیشە و هتد گونجاوە. تاقمێکی دیکەش پێیانوایە کە خوێندنەوە و پێناسەی سیستماتیکی زاراوە و وشە و وشە لێکدراوە تایبەتەکانە. زاراوەناسیی بوارێکی زانستیی نوێیە کە خوێندنەوەی زانستیی دەکات لەسەر زاراوە و واتاکان، هەروەها بەشێک لە پسپۆڕان پێیانوایە کە تێرمینۆنۆلۆژیی لقێکی لاوەکیی زمانناسییە و

بەشێکی دیکەش لەسەر ئەم رایەن کە زاراوەناسیی زانستێکی چەند لقییە و لە زانستی کۆمپیوتەر و راگەیاندن، فەلسەفەی زانست و زمانناسیی پێکهاتووە. (اختیار، منصور. معنی‌شناسی. تهران: دانشگاه تهران، 1348.)

29 . Ludwig Josef Johann Wittgenstein: لودویگ یوزێف یوهان ویتگنشتاین (1889-1951) فەیلسوفی نەمسایی، لە ویەن لەدایک بوو. لەگەڵ راسێل و گیۆرگ ئێدوارد موور بۆ خوێندن چوونە زانینگەی کەمبریج. ویتنگنشتاین ساڵی 1929 دکتۆرای وەرگرت. لە بەرهەمەکانی دەتوانین ئاماژە بکەین بە: نامیلکەی لۆژیکی - فەلسەفی، لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان، کتێبە شین و قاوەییەکان. لێکۆڵەرەوان ژیانی بیرمەندانەی ویتگنشتاین بە دوو بەش دەبینن. بەشی یەکەم واتە ویتگنشتاینی گەنج نوێنەری بەرهەمە لۆژیکی و نامیلکەکانە و ویتگنشتاینی بەتەمەن نوێنەری لێکۆڵینەوەکان و ئەوبەرهەمانەیە کە دەپەرژێنەسەر زمان. رەنگبێ ئەم دابەشکارییە هێندێک لێڵ بێ، لەبەرئەوەی ویتگنشتاین بۆخۆی ئاماژەی بە هەڵە حاشاهەڵنەگرەکانی خۆی لە کتێبی ”نامیلکەی لۆژیکی - فەلسەفییدا کردووە، بەڵام هیچکات ئەو کتێبەی رەتنەکردەوە. ویتگنشتاین لە نامیلکەکەیدا هەوڵ دەدات ئەوە نیشان بدات کە ئەو هەلومەرجانەی دەرفەتی قسەکردنی واتادارمان بۆ دەڕەخسێنن، پشتیان بەستووە بە پێکهاتە فۆرمییەکانی لۆژیک، بە لۆژیکی زمان. لە ”لێکۆڵینەوەکان“دا لە پرسی هەلومەرجەکانی ئەو دەرفەتانەی هۆگرییەکانی ئێمە دەستەبەر دەکەن ورد دەبێتەوە و هەوڵدەدات بوار و هەلومەرجێک بۆ لێکۆڵینەوەی لۆژیکی و هەر کارێکی کە مرۆڤ بتوانێت بیکات، بڕەخسێنێت. ویتگنشتاین لە سۆنگەی ئەدەبییەوە گرنگیدا بە بەرهەمەکانی و لە فۆڕمی گونجاو دەگەڕا، هەروەها چۆن نوسینیشی وەبەرچاو دەگرت. ئەم کەڵکەڵەیە لە ”نامیلکەکان“دا لە رێگەی بابەتی وتن و دەرخستن دەردەکەوێت. لە کتێبی ”لێکۆڵینەوەکان“دا بە هۆی

پێداگریی نوسەر لەسەر کایە زمانییەکان بەرچاودەبێت. بەگشتی دەکرێ بڵێین کە گرنگترین بەشی ویتگنشتاین لە فەلسەفە هەر وەکو سۆکرات لەسەر تێگەییشتنی تەواو لە وشەکان پێداگری دەکات، چونکە پێیوایە کە ئەمە مەرجی سەرەکییە بۆ بیرکردنەوە. بەم پێیە ویتگنشتاین لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە "پێکهاتەی لۆژیکیی زمان"رێگەی بۆ درککردنی فەلسەفە خۆش کرد. (بڕوانە: بزرگان فلسفە، لاپەڕەی 420، هەروەها: فرهنگ اندیشەهای انتقادی، لاپەڕە 816 بۆ 819.)

30 . Tractatus Logico-Philosophicus: نامیلکەی لۆژیکی - فەلسەفییە، ئەم کتێبە تاکە کتێبێکی ویتگنشتاینە کە لە لە کاتی ژیانیدا چاپ کرا. ئەو ئەم کتێبەی لە کاتی سەربازیکردن و دیلبوون لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا نوسی. ئەم کتێبە یەکێکە لە کاریگەرترین کتێبە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم. راسێل پێشەکیی بۆ ئەم کتێبە نوسی. دەقی ئەم نامیلکەیە حەوت سەردێڕی هەیە و هەر کام لە سەردێڕەکان بە چەند بەشی دیکە دابەشدەبن. ویتگنشتاین لەم نامیلکەیەدا پێیوایە کە دنیا بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە هەن، واتە کۆیەک لەوانەی کە هەن و شتەکان هەبوونی دنیا دەستنیشان دەکەن. (بڕوانە: فرهنگ اندیشەهای انتقادی، لاپەڕە 816 بۆ 819.)

31 . Kirillov: کیریللۆڤ کارەکتێری رۆمانی داگیربووەکانی دۆستۆیەڤسکیی کە ئەندامی گروپێکی نهێنییە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە سێ مانگ لە ئەمریکا بووە. لەو ماوەیەدا بیرێکی سەیر و سەمەرەی گەڵاڵە کردووە: بۆ بوون بە خودا دەبێ خۆت بکووژی. کیریللۆڤ بەڵێن دەدات بە ئەندامانی گرووپەکەی کە هەر کاتێک پێویست بێت خۆی دەکووژێت. بەم واتایە کە ئەگەر گرووپەکە بیهەوێت کەسێک بکووژێت ئەو بە گوللە خۆی سارد دەکاتەوە و گرووپەکەش بە قەتڵ ناودێری دەکات. بەهۆی ئەم کارەکتەرەوەیە کە دۆستۆیەڤسکی یەکێک

له واتا فەلسەفییەکانی خۆی دێنێتەئاراوە. (بڕوانە: رمان تسخیرشدگان، دۆستۆیەڤسکی، مترجم علی اصغر خبرەزادە، انتشارات نگاە، تهران.)

32 . Fyodor Dostoyevsky: دۆستۆیەڤسکی رۆماننوسی روسیی (1821-1881) لە مۆسکڤا لەدایک بوو. لە پاش کووژرانی باوکی بەدەستی جووتیارەکان، تووشی نەخۆشیی فێگرتوویی بوو. دۆستۆیەڤسکی ماوەیەکی زۆر بە هەژاریی ژیا. پاش کۆتایی خوێندن لە بواری ئەندازیاریدا، بۆ بەدەستهێنانی بژیو دەستی کرد بە وەرگێڕان و بەرهەمەکانی ئیوژنی گراندەی بەلزاک و دۆن کارلۆسی شیللەری وەرگێڕاوە. ساڵی 1846 یەکەم چیرۆکی خۆی بەناوی ”خەڵکی هەژار“ نوسی و چاپی کرد. چەند چیرۆکێکی ناسەرکەوتووی دیکەی نوسی و پاشان تێکەڵاوی گرووپی گەنجانی ئازادیخواز بوو کە دەیانهەویست یاسای کۆیلایەتیی هەڵوەشێتەوە. لە ئاپریلی 1849 بە تاوانی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی دژ بە تێزار، بۆ ماوەی چوارساڵ لە بەندیخانەدا توندیان کرد.

پاش مردنی ئەلێکساندری یەکەم، دۆستۆیەڤسکی چەند جار داوای لێبووردنی لە جێگرەکەی، ئەلێکساندری دووهەم کرد و ساڵی 1859 ئازاد بوو. بە نوسینی کتێبی بیرەوەریی مردووەکان لە ساڵی 1861دا جارێکی دیکە ناوبانگی دەرکردەوە. ئەم کتێبە باسی بیرەوەرییەکانی خۆیەتی لە زیندانی سیبیری. کتێبەکە هەڵگری شێوازێکی ئەدەبیی تایبەتە و چەندین چیرۆکی زنجیرەیی وەخۆدەگریت. ساڵی 1864 چیرۆکی ”نوسینە نهێنییەکان“ی بڵاوکردەوە. ئەم بەرهەمە لە کاتی ژیانی نوسەردا زۆر سەرکەوتوو نەبوو، کەچی لە سەدەی بیستەمدا رەخنەگران خستیانە ریزی باشترین بەرهەمەکانی دۆستۆیەڤسکییەوە. کارەکتێرەکانی چیرۆکی نوسینە نهێنییەکان، لە توێژی کارمەندانێکن لەژێر دەسەڵاتی نیکۆلای یەکەمدا تێکقرماون. هەرکام لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە بەچەشنێک

ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی نوسەرن و چرکەیەک لە ژیانی دەروونی ئەو دەردەخەن. ساڵی 1865 چیرۆکی ناسراوی "تاوان و سزا"ی نوسی و ئەوی بە دەرەوەی رووسیا ناساند.

ساڵی 1966 چیرۆکی "قومارچی"ی بڵاوکردەوە. 1968 چیرۆکی"گەمژە"ی بڵاوکردەوە. ساڵی 1870، باشترین بەرهەمی تەنزی دۆستۆیەڤسکی بەناوی "داگیربووەکان" بڵاودەکرێتەوە کە هەوێنەکەی پیلانێکی سیاسییە. ساڵی 1879 شاکار و یەکێک لە قووڵترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەوروپای نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم، بەناوی "برایانی کارامازۆڤ" بڵاودەکاتەوە. دواجار لە ساڵی 1881 بۆ هەتاهەتایە چاوەکانی وێکنا. (بڕوانە کتێبی: فرهنگ ادبیات جهان / تالیف زهرای خانلری، تهران : شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، 1375.)

33 . The Possessed: "داگیربووەکان" چیرۆکێکی دۆستۆیەڤسکییە کە ساڵی 1870 دەینووسێ. بۆ ناساندنی کتێبەکە وەرگێڕانی کورتەی خوێندنەوەیەکی جۆیس کەرۆل ئووتسی ئەمریکایی بە پێویست دەزانم (ئ. ئیسماعیل زادە). ئووتس سەبارەت بە چیرۆکی داگیربووەکان ئاوا دەنووسێت: داگیربووەکان ئاڵۆزترین و لەهەمانکاتدا هەڵگری توندوتیژترین چیرۆکی دۆستۆیەڤسکییە، هەروەها بە سەرکەوتووترین بەرهەمی تراژیکیی ئەویش دادەنرێت. ئەم بەرهەمە لە ساڵی 1871دا و ماوەیەک پێش بەرهەمی "گەمژە" و چەند ساڵ پاش کتێبی "تاوان و سزا" بڵاودەبێتەوە. لە هەموو رۆمانە ناسراوەکانی دۆستۆیەڤسکیدا پەیوەندییەکانی بنەماڵە وێنادەکرێن. ڕەنگە سەرچاوەی بشێویی شەیتانیی چیرۆکی داگیربووەکان بگەڕێتەوە بۆ ئەو نەهاتییەی کە راسکۆلینۆڤ، پاڵەوانی "تاوان و سزا" کە لە بەندیخانەی سیبیریدا خەونی پێوە دیت. ئاسیا تووشی نەهاتییەکی نوێ دەبوو و زۆربەی هەرەزۆری مرۆڤەکان دەچنە ریزی شەیتانەکانەوە. هەموو بۆ ئەم نەهاتییە

یەکترییان تاوانباردەکرد و یەکتریان دەکوشت. لەم نێوەندەدا تەنیا تاقمێکی تایبەت لەم کارەساتە رزگار دەبوون. خەڵکانێکی بێگەرد کە دەبوو بەرەی نوێ و نیژادێکی بێگەرد بەدیبێنن و عەرد لە خراپە داماڵن، بەڵام کەس ئەم پیاوانەی نەدیتبوو و تەنانەت دەنگی ئەوانیشیان گوێ لێنەببوو. لە داگیربووەکاندا، شێتیی بابەتێکە گشتیی. کۆمەڵگە تووشی قەیران دەبێت، هەموو شوێنێک لە ئاگردا دەسووتێت. (بڕوانە: روزنامەی اعتماد، دوشنبە، 30 اردیبهشت 1387 - شمارە 1680.)

34 . The Brothers Karamazov: برایانی کارامازۆڤ لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی دۆستۆیەڤسکییە کە ساڵی 1879، دوو ساڵ پێش مردنی بڵاوی کردەوە. چیرۆکی کتێبەکە بەسەرهاتی بنەماڵەیەکی سەیر و سەمەرەیە و باسی جۆری پەیوەندییەکە، کە لە نێوان فیۆدۆر کارامازۆڤ، پیرمێردێکی بێئەخلاق لەگەڵ سێ کوڕەکانی بە ناوەکانی میتیا، ئیڤان و ئالیوشا و کوڕە ناشەرعییەکەی بەناوی سمەردیاکۆڤ. برایانی کارامازۆڤ رۆمانێکی فەلسەفییە، کە دەپەرژێتەسەر خودا و ئیختیار و ئەخلاق. هەرچوار کوڕەکە لە باوکیان بێزارن.

میتا پلەدارێکی سەربازی و تووڕە و تۆسن، لەخۆبایی، هەستیار و بێمێشکە. ئەو لە دڵەوە پیاوێکی شەڕانیی نییە و خێرا لە تووڕەبوونەکەی خۆی پەژیوان دەبێتەوە و وا هەستدەکات، ئەگەری هەیە خەڵکی پێویستییان پێی بێت و دەبێ هەستی هاریکاریکردنی هەبێت. ئیڤان، پیاوێکی خوێندەوارە، ئەو سادە و خۆی لە هەموو شتێک گێل و بە هۆی گومانکردنەوە خۆی بێدەنگ دەکات. ئالیوشا لە لای پیرەمێردێکی دیندار بەناوی زوویزم زۆر دەمارگرژانە پەروەردە دەبێت. سمەردیاکۆڤ دڵی لە هەموو شت پیسە و فێ دەیگرێت و باوکی وەکو نۆکەر لە ماڵێدا رایگرتووە.

35 . Alyosha Fyodorovich Karamazov

36 . Crime and Punishment: تاوان و سزا، یەکێک لە بەناوبانگترین بەرهەمە ئەدەبیی - فەلسەفییەکانی دۆستۆیەڤسکی، ساڵی 1865 نووسرا. بە هۆی ئەم رۆمانەوە ناوی دۆستۆیەڤسکی سنووری وڵاتەکەی خۆی بەزاند. پاڵەوانی چیرۆکەکە خوێندکارێکی زانکۆیە بە ناوی راسکۆلنیکۆڤ. ناوی کەسایەتییەکانی دیکەی "تاوان و سزا" بریتین لە: ئالیۆنا ئیڤانۆڤنا، پیرێژنێکی سوود و سەلەم خۆر کە لەگەڵ خوشکەکەیدا دەژیت و راسکۆلنیکۆڤ بە ئەسپێیەکی بێکەڵکی ناو کۆمەڵگای دەشووبهێنێت. مارمێلادۆڤ، پێشتر کارمەند بووە و گشت پارەی بنەماڵە هەژارەکەی داوە بە خواردنەوە و کاتێک بە هۆی پێکدادانی ترۆمبیل دەمرێت، راسکۆلنیکۆڤ بنەماڵەکەی بەخێو دەکات. کاتێرینا ئیڤانۆڤنا، ژنێکی خوێندەوار و لە بنەماڵەیەکی رەسەنە کە پاش مردنی مێردەکەی لەگەڵ مارمێلادۆڤ زەماوەند دەکات. ئەو نەخۆشیی زەردوویی هەیە و بۆ بەخێوکردنی بنەماڵە شەو و رۆژ کار دەکات. سۆنیا، کچی مارمێلادۆڤ کە بۆ بەخێوکردنی بنەماڵەکەی لەشی دەفرۆشێت. راسکۆلنیکۆڤ هەست بە بەستەزمانی و داماویی ئەو دەکات. پولچێریا، دایکی راسکۆلنیکۆڤ، ژنێکی بە ئیمان کە ئامادەیە بۆ سەرکەوتنی کوڕەکەی هەموو کارێک ئەنجام بدات. دۆونیا، خوشکی راسکۆلنیکۆڤ، کچێکی لەخۆبوردوو کە دەیەوێ بۆ خۆشژیانی بنەماڵەکەی و بەتایبەتیی براکەی شوبکات بە پیاوێکی دەوڵەمەند و لەخۆبایی. سڤیدریگایلۆڤ، پیاوێکی گەڵ بەڕەڵڵا و گوماناوی، ئەو بە رێکەوت دانپێدانانی راسکۆلنیکۆڤ لە لای سۆنیا دەبیستێت و دەیەوێت بیکاتە گووشارێک بۆ گەییشتن بە دۆونیا. (ئ. ئیسماعیل زادە)

37 . Raskolnikov: بڕوانە پەڕاوێزی ژمارە -34 هەر لەم کتێبەدا.

38 . Ivan Fyodorovich Karamazov

39 . Meursault: میورسۆو کەسایەتیی سەرەکیی کتێبی "نامۆ"یە.

ئەو تووشی کوشتنێک دەبێت و لە زینداندا چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوکمی لەسێدارەدرانی دەکات. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پەڕاوێزی ژمارە 2 هەر لەم کتێبەدا.)

40 . Moby-Dick: مۆبی - دیک یان نەهەنگی سپی، ناوی ڕۆمانێکە کە ساڵی 1851 لە لایەن هێرمان مێلڤیل، نوسەری بەناوبانگی ئەمریکاییەوە نووسرا. مێلڤیل لەم ڕۆمانەدا هەوڵی کەشتیوانێک بەناوی ئاهاب بۆ راوکردنی نەهەنگێکی سپی وێنادەکات. نەهەنگی سپی لە ترسی راوکرانی، هەروەها بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ئاهاب لاقێکی دەقرتێنێت. ئاهابیش بۆ تۆڵەسەندنەوە لە نەهەنگەکە بە ئاستی شێتیی دەگات و نایەوێ وازبهێنێت. هەوێنی سەرەکیی کتێبەکە ململانێی نێوان هێزی مرۆڤ و نەهەنگی سپییە، هەروەها لەخۆباییبوونی مرۆڤ و نییەتی شاراوە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤ و بوونەوەران بە وردی و هەستیارییەوە نیشاندەدرێت. شێوازی نوسینی ڕۆمانەکە دەچێتە خانەی قوتابخانەی ڕۆمانتیکەوە. (بڕوانە: ویکیپیدیای نۆروێژی، وەرگێڕانی، ئ. ئیسماعیل زادە.)

41 . Herman Melville: هێرمان مێلڤیل، نوسەر، شاعیر ئەمریکایی (1819 - 1891)، لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆییشتوو لەدایک بوو بەڵام پاش ماوەیەک و هەر لە تەمەنی گەنجیدا باوکی مایەپووچ بوو و هەژاریی بوو بەشی ژیانی. بۆ بژیوی ژیان وازی لە خوێندن هێنا و بوو بە مامۆستای منداڵانی کوێرەدێیەک، پاشان چوو ئەندازیاریی خوێند و بوو بە چاوەدێری بیناسازکردن. دواتر حەزی لە مەلەوانیی کرد و لە پاپۆڕێکی گەورەی بازرگانیدا وەکو کرێکار دامەزرا. بەشی هەرە زۆری هەوێنی بەرهەمەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونەکانی سەردەمای گەنجێتیی خۆی. بەشێک لە گرنگترین بەرەهەمەکانی مێلڤیڵ بریتین لە: تایپی (Typee- 1846)، بە هۆی نوسینی ئەم کتێبەوە، تاوانی خەیانەت

بە ئایینزایی بەسەردا سەپا. ئەم کتێبە باسی مرۆڤخۆرەکان دەکات. کتێبی ئۆمۆ (Omoo - 1847)، ژیانی نوسەرە لە دوڕگەی تاهیتی. موبی - دیک یان نەهەنگی سپی (1851). ڕێدبورن: یەکەم سەفەر، باسی سەفەری نوسەرە بۆ لیڤێرپوول. پیاوی جێمتمانە. ئەفسانەکانی پیازا. هەروەها چەند بەرهەمە شێعرێکیشی لەپاش بەجێما. (بڕوانە: ویکیپیدیای نۆرویژی، وەرگێڕانی، ئ. ئیسماعیل زادە.)

42 . Aesthetics: ئیستەتیك، جوانیناسیی لە زمانی یۆنانیدا: aistetike بە واتای هەست ـ بوونە. ئەم واتایە بەش یان لقێك لە فەلسەفەیە کە دەپەرژێتەسەر ڕێفلێکسۆنی درککردنە هەستییەکان، واتە بەشێوەی نەریتیی خۆی بە جوانی و بابەتی جوان لە سرووشت و هونەردا خەریك دەکات. یەکەم لێکۆڵینەوە ئیستەتیکییەکان لە ڕۆژئاوادا لە لایەن پلاتۆنەوە ئەنجامدرا. پیساگۆراس بەر لە پلاتۆن و ئەرستۆ پێی وابوو کە هارمۆنیی یاسای بنەڕتی جوانییە. لە سەردەماکانی ڕێنێسانسیشدا سەرنج بە ئیستەتیك درا. دەروونزانیی ئیستەتیکیی لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم لە بریتانیادا سەریهەڵدا.

تاقمێك لە فەیلسوفان پێیانوایە جوانیناسیی لێکدانەوەی ئەو واتایانەیە کە ڕەخنەگران بەکاریدێنن، واتە کاتێ ئەوان حوکم و رایەک سەبارەت بە هونەرەکان دەردەبڕن و ئاراستەی دەکەن.

جوانیناسیی یەکێکە لە پێنج لقی کلاسیکیی فەلسەفی (لە پەنای تیۆری مەعریفە، لۆژیک، ئەخلاق و میتافیزیك). جوانیناسیی بە واتاگشتگیرەکەی تیۆری جوانییە لە دوو سۆنگەوە، واتە جوانیی سرووشتی و جوانی هونەری و بە واتا دیاریکراوەکەشیدا تیۆری هونەرە. جوانیناسیی کە جوانیناسیی زەینە سەبارەت بە بارودۆخی کردە و بڕیارە بایەخی و سەلیقەییەکانی جوانیناسانە (جوانیناسیی فۆڕمی)، کاریگەریی جوانیی و ڕەوتی داهێنانی هونەریی دەخاتەبەر لێکۆڵینەوە، جوانیناسیی

لە خودی پرسەکانی پەیوەندیدار بە جوانیی دەکۆڵێتەوە.

هیگل بە تایبەتکردنی شوێنێك بۆ جوانیناسیی لە سیستمێکی فەلسەفییدا ناوەرۆکە ئایدیالیستییەکەی بە پوختەیی گەیاند.

پاش قۆناغەکانی گەشەی جوانیناسیی ئایدیالیستی، بەهێزترین ورووژێنەرەکان لە جۆرێك جوانیناسیی ماتریالیستی یان بە واتایەکی دیکە جوانیناسیی کۆمەڵایەتی ـ رەخنەییەوە سەرچاوەدەگرێ. بەرهەمە هونەرییەکان هەر وەکو باقی دەسکەوتە کولتورییەکان بەواتای خۆنواندنی دینامیکیی پوختەبوونی میتافیزیکی رۆح نا، بەڵکو وەك دیاردە سەرخانییەکان لەبەرچاودەگیرێن کە لە هاوڕێژەیی دیاریکراویان لەگەڵ ژێرخانی کۆمەڵایەتییدا هەیە. بە پێی بۆچوونی مارکس بەرهەمە سەرخانییەکان (وەکو مافی هونەری ئایین و فەلسەفە) بە گشتی تایبەتمەندیی ئایدیالۆژیکییان هەیە، واتە بەرژەوەندییەکانی چینی زاڵ وەك بەرژەوەندییە گشتیەکان نیشاندەدەن. ئەگەرچی زۆربەی هونەرمەندان لە رووی ئابورییەوە چاو لە دەستی چینی زاڵن، بەڵام بەرهەمە هونەرییەکان وەك بەرهەمی کاری ئازاد و لەخۆناموٚنەبوو وانین کە حەتمەن ئایدیالۆژیك بن. بە بۆچوونی مارکس لە مێژوودا ”سەردەمی گەشەی هونەر“ هاتۆتە ئاراوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئاستی گشتیی کۆمەڵگادا ناگونجێ.

فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی کە ئایدیالە زانستییەکەی هاوتەریب بوو لەگەڵ زانستە سروشتییەکان، لەکاتی رەخنەی بناغەیی لە میتافیزیك بەرەوڕووی ئەو چەشنە جوانیناسییە بۆوە، کە بە جۆرێك پشت بە هەقیقەتی بەرهەمە هونەرییەکان دەبەستێ و لە رووی ئەزموونی و بە شێوەی راستەوخۆ تاقی ناکرێتەوە.

ئیستەتیك لە سەردەمی ئێستادا زیاتر لە چوارچێوەی فەلسەفەی بایەخدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ. دوابەدوای بەرەوڕووبوونەوەی زۆر

لەگەڵ بیروڕاکانی هیگل دا، تیۆری جۆراوجۆر سەبارەت بە ئیستەتیك هاتوونەتە ئاراوە: ئیستەتیکی مادی لە لایەن لۆکاچ، فەلسەفەی مۆسیقای نوێ لە لایەن ئادۆرنۆ، ئیستەتیکی فۆرماڵ لە پێکهاتەخوازیی فەرەنسایی و فۆرمالیزمی روسیدا، لێکۆڵینەوەی ئیستەتیکیی بنەچینەی شینگێڕیی ئەڵمانی لە لایەن بێنیامینەوە (1928). ئیستەتیکی ئەنفۆرماتیکی (کە تەنیا بەشێکی لەسەر دەرونزانیی داڕێژراوە) هەوڵدەدا بە پێی ئامار و تیۆریك لە کارە هونەرییەکان بە دوور لە هەر چەشنە دیاریکردنی رادەی بایەخ بدوێ.

هابرماس لە کتێبی "تیۆری کردە کۆمەڵایەتییەکان 1981" لەحاڵێکدا بەدوای گۆڕانی پارادایمەوە لە فەلسەفەی مەعریفە و فەلسەفەی زەین بەرەو فەلسەفەی زمانە، بەکارهاتنی زمان بە بنچینەی جێمتمانەی نێو زەینەکانی بەرهەمە هونەرییەکان لەقەڵەمدەدا. فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی کە ئایدیالە زانستییەکەی هاوتەریب بوو لەگەڵ زانستە سرووشتیەکان، لە کاتی رەخنەی بناغەیی لە میتافیزیك لەگەڵ ئەو چەشنە جوانیناسییە بەرەوڕوو بۆوە کە بە جۆرێك پاڵدەداتەوە بە هەقیقەتی بەرهەمە هونەرییەکان، کە لەرووی ئەزمونی و راستەوخۆ تاقی ناکرێتەوە. (بڕوانە: فەرهەنگی فەلسەفە، ئ. ئیسماعیل زادە، ماڵپەڕی www.Rojhalat.de)

43. Immanuel Kant: ئیمانوێل کانت ساڵی 1724 لە کونیگسبەرگی ئەڵمان لەدایک بوو. لە کاتی هەڵبژاردنی کۆلێژەکەی بۆ خوێندن، واتە لە نێوان خواناسی و ماف و پزیشکی و فەلسەفەدا فەلسەفەی هەڵبژارد و لەوێ بە هۆی مامۆستاکەی واتە مارتین کۆنوتستن (1714-51)ەوە، لەگەڵ بنەماکانی بیرکاریی فەلسەفەی سرووشتیی ئایزاك نیوتۆن ئاشنا بوو. ئەو لەم زانینگەیەدا فەلسەفە، بیرکاری، خواناسی و فیزیکی خوێند و لە ساڵی 1755دا دکتۆرای وەرگرت، بەڵام لە زانینگەدا پۆستی فەرمیان

بۆ وانە گووتنەوە پێ نەدا و بۆ دابینکردنی بژیو بوو بە مامۆستای تایبەتی و بەشێوەی سەعاتکار وانەی دەوتەوە.

یەکەم بەرهەمەکانی کانت (1770-1764) سەبارەت بە بابەتەکانی فەلسەفەی سرووشتیی بوون. لەم نێوەدا دەتوانین ئاماژەبکەین بەتێڕامانێک لە تیۆرەکانی هێزەکانی گیان (1747)، مێژووی سرووشتی گشتی و تیۆری ئاسمانەکان (1755) و نامیلکەی بەرایی سەبارەت بە فۆرم و دنیای هەستپێکراو و ئاوەزمەند (1770). کانت لەم دوایین نامیلکەیەیدا میتافیزیکی بە زانستی بەرتەسکییەکانی ئاوەزی مرۆڤیی ناودێرکرد و پێیوابوو کە شوێن و کات لە مەرجەکانی ئەزموونن، هەر لەم نامیلکەیەدا بوو کە لێکدانەوەیەکی گرنگی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان داڕشتنی بابەت و بارگاویبوونی رستەکان ئاراستە کرد. بە بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە قۆناغی یەکەمی هزریی کانت بە نێوی (پێش رەخنەیی) تەواودەبێ. بۆ کانتیش هەر وەکو زۆربەی فەیلسوفە گەورە رۆژئاواییەکانی دیکە دەتوانین دوو قۆناغی هزریی وێنا بکەین، بەم جیاوازییە کە ناوبانگی کانت تەنیا دەگەڕێتەوەسەر قۆناغی دووهەمی هزریی ئەو. بەچەشنێ کە ئەگەر ئەم فەیلسوفە هەر وەکو دێکارت یان ڤیتگنشتاین لە دەیەی پێنجەمی ژیانیدا دەمرد نەدەناسرا و گرنگتر لەوەش مرۆڤ یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتەکانی هزریی خۆی لەکیس دەدا. کانت لە ساڵی 1770هوە بۆ ماوەی دەیەیەک بێدەنگ بوو و کەوتە بیرکردنەوە. هۆکاری ئەم بێدەنگبوونە وەخەبەرهاتنی بوو لە خەوی هەمیشەیی، ئەویش بەهۆی خوێندنەوەی کتێبی "لێکۆڵینەوە لە سرووشتی مرۆڤ" بەرهەمی دەیڤید هیوم (1762-1711) بوو. کانت زانستی سەردەمی خۆی بە باشیی دەناسی و نەیدەتوانی ئەوە قبووڵبکات کە بنەمای فیزیکیی نیوتۆن لەسەر گومانە. بەم هۆیە دەتوانین کانت بە فەیلسوفێکی زانستیی بەڵێندەر بزانین کە بەدوای

هەلومەرجەکانی راستبوونی یاسا زانستییەکاندا دەگەڕێ. لەم رووەوە لە 3ی ئۆکتۆبری 1979 نامەیەکی بۆ فتراک بڵاوکەرەوەی کتێبەکەی نوسی کە: نابێ هیچ کام لە بەرهەمەکانی پێش ساڵی 1770 لە کۆی بەرهەمەکانمدا بڵاوبکرێنەوە".

"هەڵسەنگاندنی ئاوەزی نایاب، بنەمای فەلسەفەی کانت و لوتکەی هەوڵی هزریی مۆدێرنیتە وەک دارشتنی بکەری ناسێنەر، لە ناوەندی بووندا بوو. لە مێژووی فەلسەفەدا شۆڕشی یەکەم بە رێنێ دێکارت (1650-1594) و "بیردەکەمەوە، بەمجۆرە هەم"ی ئەو دەستیپێکرد. دێکارت بە ئاوەژووکردنەوەی بیچمی فەیلسوفە کۆنەکان هات "من"ی هاویشتە ناوندی فەلسەفەوە و هەوڵیدا بەشێوەیەکی هەندەسیی دەرەنجام لە باقی بەشەکانی بوون وەربگرێ.

کانت بیرمەندێکی کامڵە و سیستمە فەلسەفییەکەشی هەموو لایەنەکانی ئەندێشەی وەخۆدەگرت. کتێبەکانی "بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئەخلاق" 1788 و "رەخنە لە ئاوەزی پراکتیکی" نیشاندەری هەوڵی مەزنی فەیلسوفێک بوو بۆ بنیاتنانی ئەخلاقی فەلسەفی و مرۆڤ بنیاتنەر.

هاینریش هاینە (1856-1798) پێیوابوو کە: "کانت رەخنەی لەسەر هێزی پراکتیکی نوسی هەتا لۆمپ - ی خزمەتکاری شادمانبکا". کانت لە ئەخلاقدا بە خەستیی لەژێر کاریگەریی ژان ژاک رۆسۆ، فەیلسوفی فەرانسەیی و تیۆری "ئیرادەی گشتی" ئەودا بوو. ناوبراو وەها هۆگری رۆسۆیە، کە سەرەڕای ئەوەی وێنەی رۆسۆی لە ماڵەکەیدا هەڵواسیبوو، لە پەڕاوێزی نامیلکەی "هەست بە بابەتی جوان و بابەتی مەزن" 1764 دا نوسی: "رۆسۆ منی خستەسەر رێ".

سێهەمین بەشی گرنگی فەلسەفەی کانت جوانیناسییە. ئەگەرچی "ئەلێکساندێر گوتلیب باومگارتەن" بە دامەزرێنەری جوانیناسیی نوێ

دەزانن، بەڵام لەراستیدا یەکەم کەسێکی کە لەم لقە مەعریفەییە نوێیەدا درەوشاوە کانت بوو. ناوبراو لە سێهەمین کتیبی گرنگی خۆیدا بە نێوی "رەخنە لە هێزی حوکم" 1790دا بابەتی جوان و بابەتی مەزن لێکدەداتەوە.

سەردەمی کانت سەردەمی دەسەڵاتی بۆرژوازی و شۆڕشی فەرەنسایە. کانت کە بە خاوەن بەرنامەیەکی ورد لە ژیانی رۆژانەیدا ناسراوە، تەنیا جارێک و ئەویش لە کاتی راگەیاندنی سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسادا بەرنامەی رۆژانەی تێکدا. رەنگە کانت لایەنگری شۆڕش نەبێت، بەڵام بێگومان فەیلسوفی ئازادییە. ئەو ئازادیی بە مەرجی هەموو چەشنە کردەوەیەکی ئەخلاقیی دەزانێ و لە نامیلکەی ناسراویدا بە نێوی "رۆشنگەریی چییە؟"، ئازادیی بە دەربازبوونی مرۆڤ دەزانێ لە کرچوکاڵیی خواستراوی خۆی. کانت لە دەیەی کۆتایی ژیانیدا نامیلکەگەلێکی جۆراوجۆری سەبارەت بە سیاسەت و ئەخلاق بڵاوکردەوە و لەسەر هێندێکیان سەرکۆنەش کرا.

کانت لە 12 فێڤرییەی ساڵی 1804 ی زایینیدا کۆچی دوایی کرد. (بڕوانە: فەرهەنگی فەلسەفە، ئ. ئیسماعیل زادە، ماڵپەڕی www. Rojhalat.de.)

44 . Nausea: "رشانەوە" ناوی یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی سارتر کە ساڵی 1938 بڵاوبۆوە. ئەم رۆمانە بەسەرهاتی پیاوێکی سی ساڵەیە بە ناوی «ئانتۆینە روکوەنتن»، مێژوونووسێکی خەمۆک و گۆشەگیرە و بەم بڕوایە دەگات کە شتە نامۆ و دۆخە جۆراوجۆرەکان خەسار بە پێناسەکەی لەسەر خۆ و ئازادیی ژیرانە و رۆحیی خۆی دەگەیەنن و ئەمە تووشی رشانەوەی دەکات. "رشانەوە" پێناسەکاری دنیایەکی مۆتەکەئاسایە کە تێیدا شتەکان لە چوارچێوەی رێکخراوەیی ئێمە تێدەپەڕن. (ئ. ئیسماعیل زادە.)

existential philosophy . 45

46 . Zeus: زیووس لە ئەفسانە یۆناییەکاندا، پاشای خوداکان و دەسەڵاتداری هەموو پەرستگاکانی چیای ئولیمپوسە. ئەو بچووکترین منداڵی کرۆنووس و ریا لە نیژادی تیتانەکان بوو. نێوی زیووس دەگەڕێتەوە سەر وشەی dios بە واتای درەوشاوە. زیووس خودای ئاسمانی درەوشاوە، هەروەها رەشەبا و چەکەکەشی هەورەبروسکە بوو. ئەو بە درۆ و بەڵێنشکاندن زۆر تووره دەبوو.

زیووس یاسا و عەداڵەتی دەستنیشان کرد. خودای باران و هەورەکان بوو. هێزی لە گشت خوداکان باڵاتر بوو، هەروەها لە ئەفسانەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە زیووس نیشانەی ئەڤینداری و دڵدۆڕان بووە و دایمە خەیانەتی بە ژنەکەی خۆی کردووە. لە شەڕی ترۆیدا سوپای یۆنان سەردەکەوێت و بەڕواڵەت شەڕ تەواو دەبێت، خواکانی ئولیمپوس کۆدەبنەوە و بڕیار لەسەر خوێنی زیاتردەدەن. لەوێدا زیووس دەنگ دەدات بە ئاشتی، بەڵام کاتێ ژنەکەی دەبێتە نەیاری ئەم بڕیارە، زیووس لە ترسانە دەنگەکەی خۆی وەردەگرێتەوە و فەرمانی بۆ خاپوورکردنی ترۆی دەدات. (ویکیپێدیای نۆروێژەی. و: ئ. ئیسماعیل زادە.)

47 . Aegina

48 . Asopus: ئاسۆپووس خودای زێی یۆناییە. ئەو کوڕی ئۆکیانووس و تەتیس بوو.

49 . Corinth: ناوی شارێکە لە یۆنان و ناو و رابوردووی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمای دەوڵەت - شارەکانی یۆنان.

50 . Hades: هادێس برای زیووس، لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا خودای مردووەکان و دنیای بن عەردە. ئەو لە کاتی تیروپشک لەگەڵ براکانیدا خراپترین پشکی وەبەرکەوت، ئەویش دنیای مردووەکان بوو بەڵام خودای مردن نەبوو. ئەو هۆگری ئەو کەسانە بوو کە دەبوونە هۆی

زۆربوونی خەڵکی وڵاتەکەی. هادێس بەهۆی دەسەڵاتی لەژێر زەوی، خێوی کانەکانیش بوو و بە خوای سەروەت و سامان دادەنرا. (بڕوانە: ویکیپیدیای نۆرویژی، و. ئیسماعیل زادە.)

51 . Oedipus: ئۆدیپووس تاکە منداڵی لایوس و یوکاستەیە. لە ئەفسانەکاندا هاتووە کە ئەگەر لایوسی باوکی ئۆدیپووس لە یوکاستە منداڵێکی هەبێ، بەدەستی هەمان منداڵ دەکووژرێت، بۆیە لایوس ئەوی بە شوانەکان سپارد هەتا لە چیا بەڕەڵلای بکەن، بەڵام شوانەکان ئەویان بە مروپەی ژنی پولوبوس دا. رۆژێک ئۆدیپووس لە کەسێک دەبیستێت کە کوڕی پولوبوس نییە و بۆ دۆزینەوەی راستیی چووە لای وەخشی و ئەو بەجێی روونکردنەوە بە ئۆدیپووس دەڵێت کە رۆژێک باوکی خۆی دەکوژێت و لەگەڵ دایکی خۆی زەماوەند دەکات. ئۆدیپووس بەمە تێکدەچێت. ناچێتەوە لای پولوبوس و سەری خۆی هەڵدەگرێت. لەرێدا تووشی لایوس دەبێت و تێکهەڵدەچن. لەم کێشەیەدا ئۆدیپووس دەستی بە خوێنی لایوس سووردەبێت و بە بێ ناسین لەگەڵ یوکاستەی دایکی خۆی زەماوەنددەکات. کاتێک بە راستییەکەی زانی خۆی کوێر کرد. یوکاستەش خۆی کووشت. ئۆدیپووس لە یوکاستە دوو کوڕی بە ناوەکانی پولونیکوس و ئێتیۆکلێس و دوو کچ بەناوەکانی ئانتیگۆنە و ئیسمێنە بوو. (ئامادەکراوی ئ. ئیسماعیل زادە.)

52 . Franz Kafka: فرانز کافکا یەکێکە لە ناسراوترین و کاریگەرترین نوسەرانی سەدەی بیستەم، ساڵی 1883 لە پراگ لەدایک بوو. ئەو گەورەترین منداڵی بنەماڵەکەی بوو. کافکا هەر لە سەرەتاوە شەرمێون و گۆشەگیر بوو. یەکەم چیرۆکی خۆی بە ناوی وەسفی بەربەرەکانییەک لە ساڵی 1904دا نوسی، بەڵام هەتا تەمەنی 29 ساڵان بەرهەمەکانی لە کۆمەڵێک نوسین و پەخشان و چیرۆک تێپەڕ نەبوون کە ئەمانی لە ساڵی 1913دا بە ناوی تێڕامان چاپکرد، بەڵام لە چەند ساڵ پێشترەوە،

واتە لە تەمەنی 26 ساڵیدا بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکاندا دەستپێکردبوو. ئەگەرچی فرانز کافکا لە منداڵییەوە بە زمانی چێک کە زمانی دایکی بوو قسەی دەکرد، بەڵام چووە قوتابخانەی ئەڵمانی زمانەکان و هەر لەوکاتەوە بە زمانی ئەڵمانی کە زمانی دەستەبژێرانی ئیمپراتۆریی نەمسا - هەنگاریا بوو، دەستی بە نوسین کرد. لە قوتابخانە لە وانەی یۆنانی، مێژوو و لاتینیدا بەشداریی کرد. پاشان لە زانینگەی ئەڵمانیزمانی کارڵ فێردیناند لە کۆلێژی ماف درێژەی بە خوێندن دا. لە قۆناغی خوێندکاریدا لەگەڵ نوسەرێکی جوولەکەی تر بەناوی ماکس برۆد ئاشنابوو، کە ئەو دواتر ژیاننامەی کافکای نوسیەوە و رۆمانێکی بەناوی «پاشای ئەفسوونکراوی ئەشق» لە بارەی کەسایەتییەکەوە بە ناوی گێرتا نوسی و هەوێنی رۆمانەکەی لە ژیانی کافکا وەرگرتبوو. ساڵی 1906 بڕوانامەی دکتۆرا لە کۆلێژی ماف وەردەگرێت. کافکا ساڵی 1911 لەگەڵ ماکس برۆد چوو بۆ وڵاتانی فەرەنسا، ئیتالیا و سویسرا و لەگەڵ شانۆی ییدیش ئاشنا بوو. لە 12ی ئوتی 1912 لە ماڵی هاوڕێکەی لەگەڵ فلیسە بووێر دیداریکرد، پاشان دووجار بوونە دەستگیرانی یەکتری، بەڵام هیچکامیان نەبووە هۆی ژیانی هاوسەریی. ئەگەرچی کافکا لە رواڵەتیدا هێدی و هێمن دیاربوو، بەڵام هەمیشە ئاڵۆزیی دەروونی و سەرئێشەی لەگەڵ بوو و بەشێک لە ژیانی لە خەستەخانە تێپەڕکرد. یەکەم نیشانەکانی نەخۆشییە چارەسەرنەبووەکەی لە 9ی ئوتی 1917 دەرکەوت و شوێنی خستەسەر ساڵانی دواتری تەمەنی. کافکا لە ماوەی ژیانیدا چەند چیرۆکی نوسی. نەیتوانی هیچ کام لە رۆمانەکانی تەواو بکات. لە رۆمانەکانی دەکرێ ئاماژە بکرێت بە کۆشک، دادگایی، ئەمریکا و مێتامۆرفۆسیس. کافکا لە لای ماکس برۆد وەسێتی کردبوو کە پاش مردنی (1924) بەرهەمەکانی لەناوبەرن، بەڵام ماکس داواکارییەکەی کافکای بەجێنەهێنا. (بڕوانە کتێبی: ژیان و کەسایەتیی کافکا، و.

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، چاپی ئاراس 2007.)

53 . The Trial: کافکا نوسینی ڕۆمانی دادگایی لە ئاوگوستی ساڵی 1914، واتە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیی دەستپێکرد و هەتا ساڵی 1915 درێژەی کێشا. دادگایش وەکو زۆربەی ڕۆمانە مۆدێرنەکان، کتێبێک بوو کە لە دڵی قۆناغ و نەخۆشییەکی تایبەتدا لەدایکبوو. ئەم ڕۆمانە مێژوویەکی پڕ لە هەڵکشان و داکشانی هەبوو. لە ڕاستیدا مێژووەکەی ئاوێتەی تەنزێکی وەها تاڵ و ڕەشبووە کە جێی خۆیەتی ناوی مێژووی کافکایی لەسەر دابنێین. لە کاتی ژیانی کافکادا هیچ کام لە سێ ڕۆمانەکەی چاپنەکران. ئەو قەت "دادگایی" تەواو یان ڕێکوپێک نەکرد. کافکا دادگایی لە دەرەوەی هەڵچوونێکی قووڵی ڕۆحییدا نوسیبوو. پاش شەڕ، کافکا دەستنوسی کتێبەکەی دا بە هاوڕێیەکی لەمێژینەی خۆی بەناوی ماکس برۆد. دادگایی بۆ یەکەمجار، ساڵی 1925 لە ئەڵمان چاپ کرا. (بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.)

54 . Josef K: یوزێف ک، کەسایەتیی ڕۆمانی دادگایی و ڕۆمانەکە لە یەکەم ڕستەیدا بەناوی ئەوەوە دەستپێدەکات. ئەو کەسایەتییە هیچ پێشینەیەکی تاوانی نییە. کافکا وا سووک وێنایدەکات، لەبەرئەوەی تەنیا بە پیتی ک ناوی دێنێت. ک. بە بێ ئەوەی ئاگای لە تاوانەکەی بێت، دادگایی دەکرێت و لەئاکامدا لەسێدارەدەدرێت. (بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.)

55 . Symbolism: سیمبولیزم بەر لەوەی بە ڕێبازێک لەقەڵەمبدرێت چەمکێک یان فەلسەفەیە. مرۆڤ لە سەرەتای پێکهاتنی شارستانییەتەکان و دەسپێکی شاعیرییەوە بەرەو ئەوە چووە کە پەیڤەکەی لە فۆرمی سیمبول و نیشانەکاندا دەرببڕێ و شتەکانی دەوروبەری بە وێناکردنی چەمکگەلێکی قووڵتر لەوەی لەبەرچاون نیشانبدا. سیمبولیزم ڕێبازێکی هزریشە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەی زاییندا شاعیرانی فەرەنسایی

کە لە زمانی وشکی نوسەرانی ریالیست وەئامان هاتبوون، ڕێبازی سیمبولیزمیان دامەزراند. ئەم ڕێبازە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا و شارل بوودلێر دامەزرێنەرەکەی بوو.

لە دەرونزانیدا سیگموند فرۆید زیاترین قازانجی لە سیمبولیزم پێگەییشت. هەروەها شاعیرانی سیمبولیست ڕێیان بۆ مۆسیقای سیمبولیک خۆشکرد. لە مۆسیقای کلاسیکدا دێبوسی Debussi بە باوکی سیمبولیزم (و ئێکسپێرسیونیزم) دادەنێن.

لە رووی هزرییەوە سیمبولیزم زیاتر لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئایدیالیزمدا بوو کە ئەمیش بۆخۆی ئیلهامی لە میتافیزیک وەردەگرت و دەوروبەری ساڵی 1880 لە فەرەنسا سەریهەڵدابۆوە، رەشبینیی ئارتور شۆپێنهاوێر فەیلسوفی ئەڵمانییش کاریگەریی زۆری لەسەر شاعیرانی سیمبولیست دانابوو.

ئەو بەرهەمانەی کە ئەوان بەدییان هێناون بۆ هەر خوێنەرێک بە رادەی درککردن و دۆخی دەروونیی خۆی مانا دەدا، واتە هەر کەسێک بە جۆرێک لێیان تێدەگات. ئەوان تا ئەو جێیەی بتوانن لە راستەقینەی عەینیی دوور دەکەونەوە و دەپەرژێنەسەر راستەقینەی زەینی.

لە روانگەی سیمبولیستەکاندا لەبەرئەوەی مرۆڤ لەژێر کاریگەریی گەلێ هێزی نەناسراوە کە چارەنوسی ئەوان دیاریدەکەن، بەم پێیە دەبێ حاڵەتی سامناکیی ئەم هێزانە نیشان بدرێن، کە ئەم کارە لە نێوان چەشنێ لە خولیا و ئەفسانەدا دەکرێت.

ئەوان هەوڵدەدەن حاڵەتە نائاساییە دەروونی و مەعریفە چاوەڕواننەکراوەکان کە لە ناخی مرۆڤدا دەردەکەون لە بەرهەمەکانی خۆیاندا دەربببڕن. (فەرهەنگی زاراوەکان، ئیسماعیل ئیسماعیل زادە.)

56 . Bureaucracy: بوروکراسی بە سیستمێکی گەورە و دوور و درێژی ئیداریی دەوترێ کە لەسەر بنەمای دابەشکرانی کار بە پێی پسپۆڕی

و ریزبەندی و تێگەییشتنی مۆدێرنە. لە سەدەی هەژدەهەمدا یەکێک لە دەسەڵاتدارانی فەرەنسایی بەکاریهێنا و سەدەیەک دواتر چووە ناو زمانی ئەڵمانی و هێدی هێدی پەلی هاویشتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە. بەلزاک رۆماننوسی فەرەنسایی لە چیرۆکی "کارمەندەکان"دا بە بوروکراسیی وت هێزێکی دێوەزمەئاسا کە لە لایەن کورتەباڵاکانەوە بەڕێوەدەچێت. گەیتانۆ مۆسکا کۆمەڵناسی ئیتالی، لەبنەڕەتدا دەوڵەتی مۆدێرن بە دەوڵەتی بوروکراتیک دەزانێت کە کەمینەیەک بەڕێوەیدەبەن. "کارڵ مارکس" بوروکراسیی بە هۆکاری لەخۆنامۆبوونی گروپە مرۆڤییەکان لە کۆمەڵگای مۆدێرندا دەزانێت، بەڵام بنچینەییترین لێکۆڵینەوە لەسەر بوریوکراسیی لە لایەن ماکس ویبێر، کۆمەڵناسی ئەڵمانیی ئەنجامدراوە. ویبێر بوروکراسی بە دەرهاویشتەی ڕێکخستنی ژیرانەی کار لە چاخی مۆدێرندا دەزانێت. ئەو بەم چەشنە باسی تایبەتمەندییەکانی بوروکراسی دەکات: هەبوونی سیستمی ئیداریی وەرگرتنی مووچە، دەور و ئەرکی دیاریکراو بۆ هەرکام لە کارمەندانی سیستمەکەدا، گرنگی و دەسەڵاتی پلە و پایە بەجێی تاک، پاراستنی ڕێکخراوی بەڵگەکان.

لە راستیدا بوروکراسی پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و دور و درێژە، کە لە دەوری ئاوەزخوازیی، ئامرازێکی دابەشکار، مۆدێڕن و ڕێکخراو دەسووڕێتەوە و لە راستیدا دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەت لە بواری ئیداری و ڕێکخستنی سیاسی و ئابوری و پلاندانانی کولتووریی دەردەخات. بوروکراسیی هەمان دێوەزمەیە کە باڵزاک ئاماژەی پێدەکات و هێربێرت مارکوزە، بیرمەندی ئەڵمانیی پێیوایە دەسەڵاتی توتالیتاریستیی بوروکراسیی مۆدێڕن، ئازادی و مافە تاکییەکانی بە واتا مرۆڤییەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە. بوروکراسیی حکومەت بەسەر تاکدا دەکات، لەبەرئەوەی چییەتیی ڕێکخستن و پێکهاتەیی هەیە و تێیدا کار دابەشدەکرێت، تاکەکان ملکەچی لۆژیک دەکات و دەیانکاتە مۆرەیەک

له کۆیەکی ماشێنیی‌دا. ئەو ئاوەزەی بوروکراسیی بەڕێوەدەبات، ئاوەزی ئامرازیی مۆدێڕنە و ڕۆحێکی ویشک، هەروەها بە پێی سیستمی ماشێنیی هەیە. مرۆڤ لە پێکهاتەی بوروکراسییدا هێدی هێدی شوناسی مرۆڤیی خۆی لەکیس دەدات و دەبێتە ماتریال و ئامراز. بە گشتی، بوروکراسی کەرەستەیەکە کە بە هۆیەوە بارودۆخی باشی چینی خۆشگوزەران و سەرمایەدار لەبەرامبەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا دەپارێزێت. (بڕوانە: «بروکراسی چیست؟» مترجم، امین قضایی، نشر چشمە، 1389.)

57 . The Castle: ڕۆمانی کۆشک، یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی کافکا کە مەرگ مەودای پێنەدا بەرهەمەکەی بەئاکام بگەیەنێت. پاڵەوانی چیرۆکەکە کەسێکە بە ناوی ”ک“ و دەچێت بۆ گوندێک کە کۆشکیش هەر لەوێ هەڵکەوتووە. بۆ مانەوە دەچێتە میوانخانەیەک، بەڵام لەوێ ڕایناگرن و بەو بیانوویەی کە پێویستە ئیزن لە کۆشک وەربگیرێت. ”ک“ هەتا کۆتایی چیرۆکەکە زۆر ڕێگا تاقیی دەکاتەوە کە بتوانێت پێ بنێتە نێو کۆشکەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت. ( بڕوانە: ڕۆمانی کۆشک، وەرگێڕ: عەتا نەهایی، چاپخانەی ئەندێشە، 2003 .)

58 . Epistemology: مەعریفەناسی، لقێکە لە فەلسەفە و سەبارەت بە چییەتی، سەرچاوە و ڕادەی ناسینی مرۆڤە. مەعریفەناسیی لە ڕوی مێژووییەوە یەکێکە لەو بابەتانەی کە بەردەوام باسی بابەتە فەلسەفییەکان بووە.

لە ڕوانگەی پلاتۆندا مەعریفە تەنیا ئاگاداربوونە لە بۆچوونە گشتی و ڕەهاکان. ئەرستۆ سەرەڕای پێداگریی لەسەر شێوە لۆژیکی و ئەزموونییەکان بۆ گەیشتن بە مەعریفە، پێویستبوونی مەعریفەش بە سەرەکیی دەزانێت. پاش ڕێنێسانس دوو تێڕوانین سەرنجیان

پێدرا: ئاوەزخوازیی کە مەعریفەی بە بەرهەمی تێڕامان لە رووی ئاوەزەوە دەزانی، ئەزموونخوازیی کە مەعریفەی دەگەڕاندەوە سەر هەستەوەرەکان.

فەیلسوفە ئاوەزخوازەکان لە رێی دێکارت، سپینۆزا، لەیبنیز و پاسکالەوە سەرەڕای بڕوایان بە هەموو وێنا ئاوەزییەکان، بایەخیان بۆ کاردانەوە هەستییەکان کە لە ئەزموونەوەن دادەنا. لەلایەکی دیکەوە و لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا کەسانێکی وەکو جۆن لۆک، بێرکێلەی و هیوم و... بە پێی جۆری تێڕوانینی ئەزموونخوازانەی خۆیان ئاوەز و تیۆرییان رەتدەکردەوە، بەڵام کانت لە فەلسەفەی رەخنەگرانەی خۆیدا زۆری هەوڵ دا کە ئەم دوو روانگەیە بەیەکەوە گرێبدات، بەڵام دواتر ئەم دوو لەتبوونی نێوان ئاوەز و هەست کاریگەریی زۆری لەسەر ئیدیالیزم و ماتریالیزم دانا. لە سەدەی بیستەمدا کەسانێکی وەکو وایتەهێد لەسەر دەوری سیستمی دەماریی وەکو پردێک لە نێوان ئۆبژە و هەستەوەرەکانی ئەو ئۆبژەیە پێداگرییان دەکرد. بە گشتی، فەیلسوفانی سەدەی بیستەم پەرژانەسەر رەخنە و خوێندنەوەی روانگە نەریتییەکانی پەیوەندیدار بە مەعریفە. (بڕوانە: https://snl.no/erkjennelsesteori)

59. Innate knowledge

60. Marie: "ماری کاردۆنا" یەکێکە لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی کتێبی "نامۆ"ی کامۆ و پیتچنە لە شوێنی کارکردنی میورسۆو. رۆژێک پاش کۆچی دوایی دایکی میورسۆو، دەچێتە کەنار دەریا بۆ بینینی ئەو و ئەمە دەسپێکی پەیوەندیی ئەوانە. لەوێ لە میورسۆو دەپرسێ کە ئاخۆ ئەو ئەویندارییەتی، یان نا و میورسۆو سارد و سڕ وەڵامیدەداتەوە کە وا هەستناکات. سەرەڕای ئەمە میورسۆو رازیی دەبێت لەگەڵیدا زەماوەند بکات، بەڵام بەهۆی کووژرانی پیاوە عەرەبەکە دەستبەسەردەکرێت. ماریش هەر وەکو میورسۆو چێژ لە سێکسی نێوانیان وەردەگرێت.

(بڕوانە ڕۆمانی: بیگانە/آلبر کامو/ ترجمە ی امیر جلال الدین علم/ انتشارات نیلوفر.)

61 . Salamano : سالامانۆ پیرەپیاوێکە و یەکێکە لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانی "نامۆ". ئەو بەردەوام لە سەگەکەی دەدات و بۆ پیاسەکردن دەیباتە دەرەوە. لە کۆتاییدا سەگەکەی ون دەبێت (دەتۆپێت) و داوای یارمەتیی لە "میورسۆو" دەکات. (بڕوانە ڕۆمانی: بیگانە/آلبر کامو/ ترجمە ی امیر جلال الدین علم/ انتشارات نیلوفر.)

62 . love-hate

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | رێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | رێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل<br>مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط<br>سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ‌عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | مارکس و ڕەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستییانە | دکتۆر حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |